# چییەتی زمان و فەلسەفەی تەئویل

**سەرچاوە**
الكتاب: فى ماهية اللغة و فلسفة التأويل
الكاتب: د. سعيد توفيق
(ط «١» ١٤٢٣هـ - ٢٠٠٢م)
الناشر: مجد - المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع-
بيروت- الحمراء- شارع اميل اداه- ص. ب. ٦٣١١/١١٣
تلفون ٧٩١١٢٣ (٠١) بيروت- لبنان
بريد الكترونى: majdpub@terra.net.lb

■ **چییەتی زمان و فەلسەفەی تەئویل**
نووسینی: د.سەعید تۆفیق
وەرگێڕانی: عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا
بابەت: فەلسەفە
دیزاینی بەرگ: ئارام عەلی
دیزاینی ناوەوە: هەڵکەوت عەبدوڵڵا
تیراژ: (٥٠٠) دانە
نرخ: ٤٠٠٠ دینار
■ چاپی یەکەم: چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ـ سلێمانی
■ لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (١٧٣٧)ی ساڵی ٢٠١٧ی پێدراوە

د.سەعید تۆفیق

# چییەتی زمان و فەلسەفەی تەئویل

عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا

لە عەرەبییەوە کردوویە بە کوردی و پەراوێزی بۆ داناوە

٢٠١٧ سلێمانی

## د.سەعید تۆفیق

# چییەتی زمان و فەلسەفەی تەئویل(١)

## عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا

**لە عەرەبییەوە کردوویە بە کوردی و پەراوێزی بۆ داناوە**

١- تأویل ئەو وشەیە لە زمانی عەرەبیدا دوو بنچینەی هەیە، یەکەمیان دەڵێت لە وشەی (أول) وەرگیراوە، بە مانای گەڕانەوە بۆ یەکەمین واتا ... دووەمیان پێیوایە لە وشەی (أیالة) وەرگیراوە، کە مانای (سیاسة) دەگەیەنێت، سیاسەتیش واتە هونەری گونجاندنی کۆمەڵێک یەکەی خاوەن سەربەخۆیی ... بەو مانایەش چەمکی (تأویل) بەیەکەوە بەستنەوە و گونجاندنی بابەتی دەق و بابەتی دیکەی دەرەوەی دەق، یان گونجاندنیەتی لەگەڵ ئەزموونی دیکە لە دەرەوەی دەقدا ... بەڵام لە بری وشەی (ماهیة- الجوهر - essence) عەرەبی لە ناونیشانی ئەو کتێبەدا من وشەی (چییەتی و جەوهەر)م بە پێی ناوکۆیی ڕستەکان بەکارهێناوە، جەوهەریش هەر وشەیەکی عەرەبییەو دەشێ لە بری ماهیەت بە کار بهێنرێت، ڕەنگە هەندێ لە وەرگێڕان وشەی چییەتی لە بری ماهییەت بە باشتر بزانن لەوەی کە وشەیەکی کوردییە... (وەرگێڕی کوردی).

**من وەکو تاکێک چێژ لە رەسەنێتی بوونی خۆم وەردەگرم، چونکە لە ئاکامی سەربەستییەکەمەوە هاتۆتە ئاراوە.**

«محەمەد کەمال»

**دوژمنی سەرسەختی رۆشنبیری راستەقینە خودی رۆشنبیری ساختە یان خۆفرۆشە، کە هەمیشە بەرگری لە ئایدۆلۆژیا دەکات.**

«سارتەر»

**نەگوتن ئەگەری گوتنە. دەشێ کەسێک قسان بکات - بەبێ ئەوەی لێی ببڕێتەوە قسان بکات - بەڵام هەموو ئەو کاتەش هیچ نەڵێت، کەسێکی دیکە بە بێ دەنگی بمێنێتەوە و بە هیچ جۆرێک قسان نەکات، بەڵام زۆر شت بڵێت.**

«هایدگەر»

## دكتۆر سەعید تۆفیق

دكتۆر سەعید تۆفیق ساڵی ١٩٥٤ لە قاهیرە لە دایكبووە، لە بەشی ئەدەبی زانكۆی قاهیرە وانەبێژی فەلسەفەی هاوچەرخ و جوانناسییە. لە زۆربەی نوسینەكانیدا لە ژێر ئاراستەی فینۆمینۆلۆجیاوە درێژە بە فەلسەفەی تەئویل دەدات، لە لێكۆڵینەوە(٢) تیۆری و پراكتییەكانیدا هەوڵدەدات ئەو ئاراستەیە لە واقیعی رۆشنبیریی عەرەبی جێگیر بكات(٣)، بە تایبەتی لە بواری ئەدەب و رەخنەی هونەریدا. لە ساڵی ١٩٨٢ تێزی ماجیستێرەكەی لە بارەی (میتافیزیكای هونەر لای شوبنهاوەر) پێشكەش بە زانكۆی قاهیرە كردووە، بەڵام تێزی دكتۆراكەی لە بارەی (ئاراستەی فینۆمینۆلۆجی لە راڤەكردنی شارەزایی ئیستێتیكیدا)(٤) لە ساڵی ١٩٨٧ پلەی یەكەمی باڵای لە كۆلیژی ئاداب- زانكۆی قاهیرە لە فەلسەفە بە دەست هێناوە.

دكتور سەعید تۆفیق نوسەری ساڵانەی هۆسرلە،

---

٢ – وشەی (لێكۆڵینەوە) لە بری وشەی (دراسة) عەرەبی بەكارهێناوە. وەرگێڕی كوردی.

٣- هەندێک لە نوسەران لە بەرانبەر وشەی (واقیع) وشەی (داكەوت، یان كەتوار) بەكار دەهێنن... – وەرگێڕی كوردی.

٤ – وشەی (راڤەكردن) لە بری وشەی (تفسیر) عەرەبی بەكار هێناوە. وەرگێڕی كوردی.

-هۆسرل بە دامەزرێنەری فینۆمینۆلۆجیا دەژمێردرێت-(٥) ئەو هەموو ساڵێک لێکۆڵینەوەیەک لەو بارەوە پێشکەش بە (کتێبی ساڵانەی هۆسرل، لە بارەی فینۆمینۆلۆجیاوە) دەکات. جگە لەوەش بۆ زێتر پێشخستنی فینۆمینۆلۆجیا لە بواری فەلسەفەدا بایەخی خۆی بۆ هەردوو فەیلەسوفی بە ناوبانگ گادامێر و دواتر پۆل ریکۆر گواستۆتەوە و لەوێشەوە بەرەو فەلسەفەی تەئویل و رەنگدانەوەی لە بواری لێکۆلێنەوەی ئەدەبی لای هایدگەر و بە تایبەتی گادامێر، هەنگاوی جیدی ناوە و کۆمەڵێک وتاری بە زمانی ئینگلیزی لەو رووەوە چاپ و بڵاوکردۆتەوە... دکتور سەعید تۆفیق کتێبە زۆر بە نرخەکەی (هانز جۆرج گادامێر) بە ناوی (دەرکەوتنی جوانی- تەجەلی ئەلجەمیل) تەرجەمەی زمانی عەرەبی کردووە و راڤە و لێکدانەوە(٦) ی بۆ کردووە، ئەو کتێبە لە قاهیرە، لەلایەن دەستەی باڵای رۆشنبیریی، پرۆژەی نەتەوەیی بۆ تەرجەمەکردن، لە ساڵی ١٩٩٧ چاپ و بڵاو بۆتەوە، هەر لە سەرەتای حەفتاکانەوە سەرنوسەری گۆڤاری (الفكر المعاصر) بووە، جگە لەوە دەیان کتێب و لێکۆڵینەوەی هەیە لەوانە: جوان و پیرۆز لە شارەزایی هونەرو ئایین (زانکۆی ئەمریکی لە قاهیرە، گۆڤاری

---

٥- فینۆمینۆلۆجیای (هۆسرل E. Husserl ١٨٥٩-١٩٣٨) یەکێک لە تێزە بەناوبانگەکانی کردەی درککردنە لە رێگای (ئاگایی بێگەرد)ەوە ئەویش پەیوەستە بە چەمکی ئیپۆکییەوە واتە وەستان لە حوکمدان و خۆ نەبەستنەوە بە تێڕوانینی پێشترەوە، یان وەرگرتنی شتەکان وەک چۆن بۆ ئاگایی تاک دەردەکەون، بەکار دەهێنێت. وەرگێڕی کوردی.

٦- وشەی (لێکدانەوە) لە بری وشەی (شرع) عەرەبی و (Analysis) ئینگلیزی بەکارهێناوە. وەرگێڕی کوردی.

هەزار، ژمارە ٢٣ ساڵی ٢٠٠٤) داهێنان و تەئویلکردنی کەلەپور (قاهیرە: دەستەی باڵای رۆشنبیریی، گۆڤاری فەلسەفەو سەردەم، ساڵی ٢٠٠٤) زمان و ناسنامە (قاهیرە: دەستەی باڵای رۆشنبیریی، گۆڤاری فەلسەفە و سەردەم، ساڵی ٢٠٠٧) کۆمەڵێک سەرنجی سەرەتایی لەبارەی تەرجەمەکردنی دەقی فەلسەفییەوە) گۆڤاری لۆگۆس، بنکەی زمانە بێگانەکان و تەرجەمەی تایبەت بە زانکۆی قاهیرە، ژمارە ٤ ساڵی ٢٠٠٨) پەیوەندی دیالۆگئامێزی نێوان ئەدەب و واقیع (لە دووتوێی کارەکانی کۆنگرەی ئەدیبانی هەرێمەکانی میسر، ساڵی ٢٠٠٧) پێشەکیەکی گشتی لە بارەی مانای هونەر و زانستی جوانییەوە (قاهیرە: دەستەی باڵای رۆشنبیریی، مەوسوعەی هونەری شێوەکاری، بەشی یەکەم ٢٠٠٨) قەسیدە و تابلۆ (بڵاوکراوەی کارەکانی کۆنگرەی نێودەوڵەتی دووەم - بۆ شیعر، دەستەی باڵای رۆشنبیریی ٢٠٠٩) هونەر وەک دنیابینی: دنیابینی هایدگەر (کوێت: دەستەی نیشتمانی بۆ هونەر و ئەدەب، گۆڤاری دنیای فیکر، ٢٠١٠) فینۆمینۆلۆجیاو هونەری بیۆگرافیا (لە دووتوێی کارەکانی کۆنگرەی فانتازیاو داهێنانی هونەری: لێکۆڵینەوە لە فینۆمینۆلۆجیای وێنە، تونس ٢٠١٠) سەرەڕای کۆمەڵێک توێژینەوە(٧) و وتاری رەخنەیی کە لە ساڵنامە رۆشنبیرییەکان و کتێبەکاندا بڵاوکراوەتەوە.

---

٧ - وشەی (توێژینەوە)م لە بری وشەی (بحث) عەرەبی بەکارهێناوە. وەرگێڕی کوردی.

## پێشەکی

ئەو کتێبە لە سێ توێژینەوەی بە یەکەوە گونجاو پێکهاتووە، کە پانتاییەکی بە پیتی فیکری فرەنسی هاوچەرخ تێیدا رەنگ دەداتەوە، بەڵام ئەو پانتاییە لە رۆشنبیریی فەلسەفی ئێستای ئێمەدا فەرامۆش کراوە.

لەو کتێبەدا توێژینەوەی یەکەم ناونیشانی «زمان و بیرکردنەوەی شیعریی لای هایدگەر»(٨) ی لەخۆگرتووە، ئەو بوارە لە فیکر و فەلسەفە نەک هەر پشتگوێ خراوە، بەڵکو دووچاری بەدحاڵی بوون و بەد نیازیش بۆتەوە. لە بیرکردنەوەی توێژەرانی فەلسەفی زانکۆکانماندا (فەلسەفەی زمان)(٩) تەنها لەو لێکۆڵینەوە فەلسەفییە هاوچەرخە

---

٨ - ئەو وتارە یەکەمجار لە ساڵی ١٩٩٨ لە کتێبێکی سەربەخۆ بە هەمان ناونیشان لە (دەزگای رۆشنبیریی چاپ و بڵاوکردنەوە) بڵاوکراوەتەوە، پاشان بەبێ پێشەکی لە یەکەم ژمارەی ساڵانەی گۆڤاری (فەلسەفە و سەردەم) کە دەستەی باڵای رۆشنبیریی دەری دەکرد لە ساڵی ١٩٩٩ بڵاوکراوەتەوە. لەو دواییە و ساڵی ٢٠٠٠ لێکۆڵینەوەیەکی جیدی دکتۆر (صفاء عبدالسلام جعفر) لە بارەی «چەمکی ئۆنتۆلۆجی زمان لای هایدگەر» کەوتە بەر چاوانەوە.

٩- فەلسەفەی زمان بە دوای سروشتی زمان و پەیوەندی زمان بە جیهاندا دەگەڕێت، لە وێناکردنی زمان بۆ جیهان دەکۆڵێتەوە، بە وێناکردنی فەلسەفەکاران بۆ زمان دەڕوانێ، فەلسەفەی زمان پرسیار لەوە دەکات زمان چۆن نوێنەرایەتی دنیا دەکات، پەیوەندی ناونان بە ناوەوە چییە، چۆن لە لۆجیکی تێگەیشتنی بیرکردنەوە نزیک دەبینەوە،

باوانەدا خۆی دەبینێتەوە، کە نوێنەرایەتی زمان لە دنیای ئەنگلۆساکسۆنی و بە تایبەتی لە فەلسەفەی شیکارخوازیدا دەکات. ئەو شێوە بیرکردنەوە باوەش بۆ مامۆستا پێشەنگەکانی زانکۆکانمان دەگەڕێتەوە، ئەوانەی گرنگی بە فەلسەفەی زمان دەدەن، هەر ئەوانیشن کە بیرکردنەوەیان بەو ئاراستەیەدا بردووە، پاشان قوتابیەکانیشیان بەرەو ئەو ئاراستە پاڵ ناوە.

بەڵام لە دەرەوەی ئەو ئاراستە و ئەو بایەخە، پانتاییەکی بە پیت و بەرفرەوان لە فەلسەفەی زمانەوانی بەجێ ماوە، وەک: لێکۆڵینەوەی زمانەوانی لە فەلسەفەی دیاردەگەراییدا، فەلسەفەی تەئویل، فەلسەفەی مارتن هایدگەر بە شێوەیەکی تایبەتی. بۆیە کاتێک مامۆستایەک لە مامۆستا بەرێزەکانمان- ئەویش خوالێخۆش بوو دکتۆر عوسمان ئەمین- بوو، هەوڵیدا لە ڕێگای تەرجەمەکردن و نوسینی پێشەکیەک بۆ لێچەرێکی هایدگەر لە بارەی (هیلدرین و چییەتی شیعر، یان ماهیەتی شیعر) لەو پانتاییە نزیک بێتەوە، هەڵبەتە ئەو هەوڵە یەکەمین هەوڵێکە کە خۆی لە دووتوێی کتێبێک بە ناونیشانی «لە بارەی فەلسەفە و شیعر» بەرجەستە کردووە، ئەو هەوڵەی دکتۆر عوسمان ئەمین سەرکەوتوو بوو، سەرەرای ئەوەی پەیڕەوی لە ڕێبازێکی جیاواز لە ڕێبازی ئەنگلۆساکسۆنی دەکرد، کەچی سەرکەوتنی تەواوی

---

ئایا زمانێک هەیە لە دەرەوەی بیرکردنەوە، تێگەیشتن چییە، قسە چۆن دەگاتە ئەویدیکە، پەیوەندی نێوان قسەکەر بە ئەویدیکەوە چییە، مانا چییە، ئایا مانا لە سەری قسەکەران دایە یان لە زماندا، زمانی بێ مانا بێ بنەما بوونی هەیە؟ وەرگێڕی کوردی.

به دەست هێنا، بەڵام هۆکاری سەرەکی پەردەپۆشکردنی ئەو هەوڵە سەرەتاییە، ئەوە بوو کە باسمان کرد، ئەوە بوو کە پانتاییەکە تەواو خاڵی بوو، لە لێکۆڵینەوەیەکی بە پیت و جیدی، یان پانتاییەکی نوێ بۆ فەلسەفەی زمان بوونی نەبوو، تاکو زەوییەکی پتەو بۆ ئەو بوارە پێکبهێنێ و بشێ لێکۆڵینەوەی دیکەی لەسەر دابمەزرێنرێت. بۆ گەواهیدانی پەردەپۆشکردنی ئەو هەوڵە، ئەوە بەسە کە دکتۆر عوسمان ئەمین فیکری هایدگەر بەو شێوەیە پەسن(١٠) دەکات و دەڵێ «چیا دەهەژێنی و وەک مشک دەزێ» بە دڵنیاییەوە ئەوە وەسفێکە هێزی دەرککردن دەردەخات و دکتۆر عوسمان ئەمین خۆی دانی پێدادەنێت.

لەو رووەوە وتاری «زمان و بیرکردنەوەی شیعریی لای هایدگەر» هەوڵێکە بۆ نزیکبوونەوە لە فیکری هایدگەری دواکەوتوو – واتە ئەوەی ئێمە درەنگ پێی ئاشنای بووین– لە بارەی زمان و ئەرکی فیکر و بوون. ئەوەی بۆ ئەو لێکۆڵینەوەیە ئاراستەی کردم و پاڵی پێوەنام، هەر تەنها راستکردنەوەی تێگەیشتنی هەڵەئامێز و پێنەگەیشتوو و بەشداریکردن نەبوو لە فیکری هایدگەر، بەڵکو پاڵنەری بەهێز و گرنگ، بە راستی خۆشەویستی من بوو بۆ ئەو فیکرە، کە بشێ لە میانی لێکۆڵینەوەکانی پێشوو رێگای بۆ خۆش بکرێ و گومانی لەسەر کەم بکرێتەوە و لەسەرەخۆ دروست ببێ، بۆیە من لەو لێکۆڵینەوەیەدا هیچ ناخوازم، تەنها ئەوە نەبێ، کە بمانخاتە سەر رێگایەک بشێ لە فیکری

---

١٠ – وشەی پەسن لە بری وشەی وەسف لە هەندێ شوێن بە کار هێناوە. وەرگێری کوردی.

هایدگەر (کە لەو دواییە بە ئێمە گەیشتووە) نزیکمان بکاتەوەو لە ڕێگای جۆرێک لە تێگەیشتنی نزیک و سۆزئامێزانە، کە ئێمە بۆ هایدگەر بەدوایدا دەگەڕێین، بەرەو ئەو فیکرەمان بەرێت و لەو فیکرە ئاگادارمان بکاتەوە.

بێگومان هەوڵی هایدگەر بۆ تێگەیشتن لە ماهیەتی زمان دەکەوێتە بواری هیرمینۆتیکای فینۆمینۆلۆجییەوە، هەوڵێکە بۆ تێگەیشتن لە ماهیەتی زمان وەک ئەوەی کە دیاردەیەکی هاوژیانییە، دوور لە میتۆدی توێژینەوەی باو، کە وەک بابەتێک لە زمان دەکۆڵێتەوە وەک ئەوەی بکەوێتە دەرەوەی ژیانی ئێمەوە، وەک ئەوەی بابەتێک بێت، هەر تەنها لە نێوان بابەتەکاندا بشێ کردەی توێکاری و شیکاری و هەڵوەشانەوەی بۆ بە ئەنجام بگەیەنین –نەک لە نێو ژیان–.(١١) ئەو هەوڵەی هایدگەر کاریگەرییەکی زۆری لە ناوەوەی فیکری فەلسەفی هاوچەرخ و دەرەوەی ئەو فیکرە هەبوو: لەلایەک دەکرێ بڵێین هەوڵی هایدگەر ناشێ هەر تەنها وەک تیۆرەیەک لە تیۆرەکان چاوی لێبکەین، کە لە چوارچێوەی فەلسەفەی زماندا دەخولێتەوە، بەڵکو بۆخۆی فەلسەفەیە، یان ڕێبازێکی فەلسەفییە و هەوڵدەدات ماهیەتی

---

١١– وشەی (میتۆد– Method) لە بری وشەی (منهج)ی زمانی عەرەبی بەکارهێنراوە کە بە مانای (طریقه لمعالجة موضوع... ) بە کار دێت و لە زمانی عەرەبی کۆمەڵێک وشەی دیکەی وەک (طریقة، أسلوب, مقاربة) بۆ هەمان مانا بە کار دێت و لە زمانی کوردیدا وشەی (ڕێباز، سیستم، ڕێچکە، ڕێگا...)ی بۆ بە کار دەهێنن، بەڵام هەندێک لە نوسەرانی کورد بە تایبەتی ئەکادیمییەکان پێیانوایە چەمکی میتۆد ئەو سیحرەیە کە ئەکادیمیەت دەسەپێنێت، نەک ڕێچکەیەک بێت بۆ گەیشتن بە مەبەست و چارەسەرکردنی بابەت؟!... وەرگێڕی کوردی

زمان لەسەر بنەمای (فیکر و بوون)(١٢) دابمەزرێنێ، بۆیە کار بۆ تێکشـاندنی دیدی تەقلیدییانەمان(١٣) بۆ زمـان و ئەرکی بیرکردنەوە و سروشتی گوتاری فەلسەفی دەکات. ئیتر لێرەدا کاریگەری هایدگەر بۆ رێبازە سەرەکیەکان لە فیکری فەلسەفی هەنووکەدا درێژ دەبێتەوە و کۆمەڵێک فەیلەسوفی بەناوبانگی وەک: هانز جۆرج گادامێر، پۆل ریکۆر، جاک دریدا.. ئەوانیدیکە نوێنەرایەتی ئەو رێبازە دەکەن. بەڵام لە دەرەوەی فەلسەفەدا کاریگەری هایدگەر دەکەوێتە سەر کۆمەڵێک رێبازی پەیوەست بە تیۆری ئەدەبی و رەخنەی ئەدەبییەوە.

رەنگە رێبازی هیرمینۆتیکای فەلسەفی (یان تەئویلی فەلسەفی) کە گادامێر نوێنەرایەتی دەکات، یەکێک لە رێبازە فەلسەفییە هەرە هاوچەرخەکان بێت، کە بە فەلسەفەی هایدگەر کاریگەرە. لێرەوە بایەخی وتاری دووەمی ئەو کتێبە دەردەکەوێت، کە ناونیشانی «بنەماکان(١٤) و ئاسۆی هیرمینۆتیکای فەلسەفی لای گادامێر»(١٥) لەخۆ دەگرێ، ئەو وتارە وێنەیەکی سادەکراوە و کورتەیەک لە پرۆسەی تەئویلی فەلسەفی لای ئەو فەیلەسوفە پێشکەش دەکات، کە ئەمڕۆ بە پیری فەیلەسوفانی هاوچەرخ دەژمێردرێت،

---

١٢- بنەما، پرنسیب، دەستوری بنچینەیی: Principal. - وەرگێری کوردی.

١٣ - تەقلیدی، سونەتگەرا (traditional) باو... وەرگێری کوردی.

١٤- وشەی (بنەماکان) لە بری وشەی (منطلقات- الجمع المؤنث لكلمة منطلق- انطلاق) عەرەبی بەکارهێناوە. وەرگێڕی کوردی.

١٥- ئەو وتارە بۆ یەکەمجار لە گۆڤاری کلیەی ئاداب- زانکۆی قاهیرە، بەرگی ٥٥ ژمارە ٤ ئۆکتۆبەری ١٩٩٥ز بڵاو کراوەتەوە.

چونکە یەک سەدەی لە زەمەنی دیووە و بەشداری لە پێکهێنانی رووخساری نیوەی دووەمی زەمەنی ناوبراو کردووە. ئەمڕۆ فەلسەفەی تەئویل نوێنەرایەتی ڕێبازێکی بنەڕەتی و بەرفرەوان لە فەلسەفەی هاوچەرخ دەکات، کە هەر تەنها لە گادامێر کورت ناکرێتەوە، بەڵکو کۆمەڵێک فەیلەسوفی بە ناوبانگی دیکەش بەشداری تێدا دەکەن. لە راستیدا ئەو ڕێبازە بە پلەی یەکەم بە تەئویلکردنی دەقەوە بەندە: دەقی فەلسەفی و ئایینی و ئەدەبی... هتد، بەڵام لەگەڵ ئەوەش درێژ دەبێتەوە بۆ تەئویلکردنی هەموو ئەو شتانەی کە قابیلی تێگەیشتن و بیرلێکردنەوەن: وەک رەمزو ئەفسانەو دیاردە هونەرییەکان. لەبەر هەندێ تەئویل لە فەلسەفەی هاوچەرخدا بۆتە «مۆدە» وەک گادامێر دەڵێت هەموو ڕێبازەکان دەیانەوێ چەشنی (هیرمینۆتیکا) خۆیان پەسن بکەن.

بێگومان هیرمینۆتیکا بۆتە داواکارییەکی پێویست لە ژیانی فیکری و مەعریفیمان، کە بە هۆی پەیوەستبوون و پارچە پارچەبوونی مەعریفە تێیدا و دوور کەوتنەوەی نێوان رۆشنبیریی ئەمڕۆ و دوێنێ، ململانێی نێوان رۆشنبیرییەکان و بیروباوەڕە شەعبییەکان، ئەوە و سەرەڕای ئەو شتانەی لە بارەی سوودەکانی جیهانگیری و هۆکارە تەکنۆلۆژییەکانەوە دەیلێن کە کار بۆ لەیەکنزیککردنەوەی کلتورەکان دەکات، وێڕای کۆمەڵێک پەیمانی ساختە یان داپۆشراوی ژێر پەردەی ئایدیۆلۆجی یان سیاسی، کەچی هیرمینۆتیکا بۆتە خێوەتێک لەیەک دوورەکان بەیەکەوە کۆ دەکاتەوە. هەروەها ئامرازەکانی هیرمینۆتیکا لە ناو رۆشنبیریی ئیسلامی سەدەی

ناوەڕاستدا نەناسراو نەبووە و هەتا ئەمڕۆش کەسانێک بەکاریان دەهێنن، ئەو ئامرازانەش ئامرازی دیاریکراون کەم فروفێڵ لەخۆ دەگرن، ئەوانەن کە بە لێکدانەوەی دیاردەکانی ژیانی هاوچەرخمانەوە بەندن. بۆیە ئەوەی کە ئێستا بە ئەرکی لێکدانەوە (Analysis) رادەبێتەوە پێویستە سەرەڕای فەلسەفە، خۆی بە مەعریفەیەکی بەرفرەوانی بواری زانستە مرۆییە هاوچەرخەکانی وەک: زانستەکانی زمان و مێژوو و ئەنترۆپۆلۆجیا و سۆسیۆلۆجیا و سایکۆلۆجیا، پڕ چەک بکات.

لەبەر بایەخی ئەو ریبازە لە فیکری فەلسەفی هاوچەرخدا، دەبینین بۆ ئەو کتێبە وتاری سێیەمم ئیزافە کردووە، کە پارادیمێک لە چەمکی هیرمینۆتیکا لە بوارێک لە بوارەکان، کە ئەویش بواری دەقی ئەدەبییە پێشکەش دەکات. ئەو وتارە کە ناونیشانی «هیرمینۆتیکای دەقی ئەدەبی لە نێوان هایدیگەر و گادامێر»ی لە خۆداهەڵگرتووە، تەرجەمەکردنە لەگەڵ هەندێک لە دەستکاری بۆ وتاری بڵاوکراوەی ساڵی ١٩٩٨ «هۆسرلیانە» (کتێبی ساڵانەی هۆسرلی لە بارەی پینۆمینۆلۆجیاوە) لە ژێر ناونیشانی (The Phenom-enological Motives of Heideggers and Gadamers Hermeneutics of the Literary Text Husserliana, vol, L11)

وەک دەبینن وەرگرتنی ئەو پارادیمە بۆ تێگەیشتن لە تەئویل لەو شێوەیەدا خۆی دەبینێتەوە، کە هایدگەر و گادامێر نوێنەرایەتی دەکەن، چونکە ئەوە بەرەو تەواو کردنی هەر دوو وتاری بەیەکەوە گونجاوی پێشوومان دەکەنەوە، لە

هەمان کاتتدا بەرەو ئەوەمان دەبەن، کە هاوپەیوەستبوونێکی پتەو لە نێوان فەلسەفەی زمان و فەلسەفەی تەئویل بوونی هەیە، وەک ئەوەی ئەو دوو فەیلەسوفە نوێنەرایەتی دەکەن.

داوا لە خوا دەکەم ئەو کتێبە ئەوەی من دەیخوازم بە جێی بهێنێ.

**سەعید تۆفیق**

# (١)

## زمان و بیرکردنەوەی شیعریی
## لای هایدگەر(١٦)

١٦- هایدگەر، مارتن Martin Heidegger ١٨٨٩-١٩٧٦ بە یەکێک لە فەیلەسوفە بەناوبانگەکانی ئەڵمانیا دێتە ژماردن، ئەگەرچی وەک فەیلەسوفێکی وجودی ناوی دەرکردووە، بەڵام ئەو خۆی بە وجودی نازانێت، بەڵکو خۆی بە فەیلەسوفی زانستی وجود لە قەڵەم دەدات.
وەرگێری کوردی.

**هەموو  بیرکردنەوەیەکی رامانئامێز دەکرێ شیعر بێ و هەموو شیعرێکیش جۆرێک بێ لە بیرکردنەوە**

«مارتن هایدگەر»

## له زمانی هایدگەرەوە بۆ فیکری هایدگەر

### چەند سەرنجێکی سەرەتاییانە لە بارەی زمان و بیرکردنەوەی هایدگەر (١٧)

دەشێ ناونیشانی ئەو لێکۆڵینەوەیە کۆمەڵێک پرسی رەوا بورووژێنێ، لە بارەی ئەوەی کە مەبەست چییە: ئایا مەبەست ئەوەیە دەست بۆ ئەو گوتانەی هایدگەر لەبارەی زمان و بیرکردنەوەی شیعریی بەرین، یان مەبەست دەست بردنە بۆ زمانی هایدگەر و شێوازی تایبەتی ئەو لە بارەی ئەو بیرکردنەوەیەی کە بە شیعرییەت(١٨) ناوزەد کراوە؟ رەنگە ئەو کۆمەڵە پرسیارە بە دەوری ئیشکالیەتی میتۆدیدا بخولێتەوە، کە بەو شێوەیە دەکرێ فۆرمەلەی بکەین: گوتەکانی هایدگەر لە بارەی زمان و بیرکردنەوە، خۆی لە زمان و شێوازێکی تایبەتی بیرکردنەوەدا دەبینێتەوە؟

---

١٧- لە سەرەتادا حەز دەکەم سوپاسی خۆم ئاراستەی ئەو هاورێ و دکتۆرانە بکەم: حسن طلب، انور مغیث، مجدی عبدالحافظ، کە لە کاتی دیالۆگدا کۆمەڵێک سەرنجی بە پێزیان لە بارەی هەندێ بیرکردنەوەی بنەرەتی ئەو لێکۆڵینەوەیە پێ بەخشیم، هەر ئەو سەرنجانە بوو، کە لە کاتی دەستبردن بۆ ئەو بیرکردنەوانە کۆمەڵێک تێرامانیان لا دروست کردم. سەعید تۆفیق.

١٨- جان کۆهین لە پێناسەی شیعرییەتدا دەڵێت: زانستی شێوازی شیعرییە. بڕوانە: جان کوهین، بنیة اللغة الشعرية، ت: محمد الولی ومحمد العمری، دار توبقال للنشر، ١٩٨٦، ص١١. وەرگێری کوردی.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەو پرسیارانە – بە هەموو رووەکانیانەوە – هەر لە سەرەتاوە، لە هەڵوێستی هایدگەر دوورمان دەخەنەوە، چونکە جۆرێک لە دوالیزمییەت یان جیابوونەوە لە نێوان زمانی هایدیگەر و شێوازەکەی لە بارەی بیرکردنەوە، هەروەها لە نێوان فیکری هایدگەر لە بارەی زمان و بیرکردنەوە، دەسەپێنێ. لە راستیدا گوتەکانی هایدگەر لە بارەی زمان و بیرکردنەوەی شیعریی هەر تەنها قسەکردن نییە، لە بارەی مەسەلەیەک لە مەسەلە فەلسەفییەکان، بەڵکو بۆخۆی خستنەرووی مەسەلەیەکی فەلسەفییە، واتە خۆی لەسەر دووبارە خستنەرووی گوتاری فەلسەفی بەرجەستە دەکات، بەو مانایەی کە (زمان) و (شێوازێک لە بیرکردنەوە) دەنوێنن. لێرەوە دەتوانین بڵێین ناشێ دوور لەو تێزانە لە زمانی هایدگەر و شێوازی بیرکردنەوەی هایدگەر بگەین، کە دوا تەوەرە فەلسەفەییەکانی ئەو لە بارەی زمان و پەیوەندی زمان بە شیعر و بیرکردنەوە پێکدەهێنێ. بەبێ ئەوەش تێگەیشتنمان بۆ زمانی هایدگەر- بۆ نموونە- وەک تێگەیشتنێکی دنیاییانە (دەرەکییانە) دەمێنێتەوە- مەبەستمە بڵێم تێگەیشتنێک دەبێ، کە عەبەسیانە هەوڵدەدا لە رێگای کۆمەڵێک میتۆد و ئامرازی تەقلیدییەوە لەو زمانە بکۆڵێتەوەو شی بکاتەوە( کە هایدگەر هەوڵی دەدات لێیان دوور بکەوێتەوە).

تەگەرەکانی – وەک زمان و فیکر – کە بەر لە تێگەیشتن لە هایدگەر دەگرن، بۆ تەواوی ئەو رێگا و میتۆدە تەقلیدییانە دەگەڕێنەوە، کە ئێمە بە شێوەیەکی گشتی بۆ تێگەیشتن لە زمان بە کاریان دەهێنین، هەروەها بۆ ئەو شێوازە

(بۆماوەیانەش) دەگەڕێتەوە، کە ئێمە زمانی گوتاری فەلسەفی پێدەخوێنینەوە، بەو مانایەی کە گوتارێکە هەوڵی وردەکاریو روونبینی دەدا و دووره لە تەمومژی و نێودژییەوە، هەروەها زمانی لۆجیک(١٩) بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کۆمەڵێک (چەمک)(٢٠) ی پەیوەست بەو مەسەلانە بەکار دێت، یان کۆمەڵێک وێناکردنی ئەبستراک... هەڵبەتە بەکارهێنانی ئەو شێوازە ئاساییە بۆ زمانی فەلسەفی بە تەواوی لەگەڵ شێوازی گوتاری فەلسەفی هایدگەر دژ دەکەوێتەوە و بەرەو جۆرێک لە بەدحاڵیبوونمان دەبات، جاچ ئەوەی کە بە (ناوکۆیی- سیاق-کۆنتێکستی) تێزە زمانییەکانەوە بەندە، یان بە کۆنتێکستەکانی دیکەوە. لێرەدا دەشێ ئەو نموونەیەی خوارەوە لە دەستەواژەکانی هایدگەر بخەمە روو، کە لە نوسیندا کۆمەڵێک کۆنتێکستی جۆراوجۆر دەنوێنێن:

**«ئێمە عەدەم دەناسین»**

**«ماهیەتی حەقیقەت بۆخۆی حەقیقەتی ماهیەتە»**

**«شتگەرایی شت ئەو شێوازەیە کە دەبێ بە شت»**

---

١٩- Logic: لۆجیک یان لۆژیک: کە لە وشەی لۆگۆس هاتووە، زێتر پەیوەستە بە بیرکردنەوە یان بیرسا، نەک گوتنەوە وەک لە وشەی ژیربێژی هاتووە، وشەی مەنتیق، لە نوتقەوەیە، بەڵام من بۆ ئەوەی دووچاری ئەو ئیشکالە نەبم وشەکەم وەک خۆی بەکارهێناوە، ئینجا لۆجیک واتە زانستی بیرکردنەوەی ماقووڵ. - مەبەست لێرەدا ئەوەیە کە زمانی لۆجیک ناتوانێ زمانی گوتاری فەلسەفی هایدگەر بێت، چونکە زمانی گوتاری فەلسەفی هایدگەر سەر بە تەمومژی و نێودژییە و دووره لە زمانی باو و لۆجیک... - وەرگێڕی کوردی.

٢٠- وشەی (مفهوم- فکرة عامة- concept) لە زمانی کوردی وشەی چەمک یان تێگەیشتن و (تێگە)یشی بۆ بەکار دەهێنن. وەرگێڕی کوردی.

هەڵبەتە زمانی ئاسـایی گوتـاری فەلسـەفی تەقلیدی (ترادیشناڵ) لەو دەستەواژانەی هایدگەر حاڵی نابێت، نەک هەر خوێنەر، یان وەرگری ئاسایی، بەڵکو بە نسبەت هەندێ لەو فەیلەسوفانەی کە پشت بە گوتاری تەقلیدی دەبەستن و بەشداری تێدا دەکەن، هەمان شتە. کەچی ئەوان لەوێوە دێن‌و زمانی هایدگەر دادگایی دەکەن، وەک ئەوەی قسەیەکی بەتاڵ و بێ مانا بێت، یان تێکەڵەیەکی فیکری زیاد لە پێویست تەمومژاوی بێت و هیچ ئەرگۆمێنتێکی بۆ ئەو تەمومژییە بە دەستەوە نەبێت.(٢١)

پۆزەتیفیزمە لۆجیکخوازەکان - بۆ نموونە- بەرەو هەمان مەسەلە دەچن و وا تەماشای هەندێ لە مەسەلە میتافیزیکیەکان دەکەن، کە دەستەواژەکانیان لەو وشە ڕەسەنانە پێکهاتوون: عەدەم، ماهیەت، جەوهەر...، هەموو ئەوانەش بە بێ مانا و هیچ دەژمێرن. ڕاستە نموونەی ئەو دەستەواژانە هیچ ناڵێن، کە بشێ لە ڕێگای دیتن، یان ئەزموونەوە پێی بگەین، وەک چۆن شتێکمان پێ ناڵێن کە بشێ لە ڕێگای لۆجیکەوە پێی بگەین... بەڵام گوایە شیکردنەوەی لۆجیکی ئەوان بۆ زمان پێمان دەڵێت ئەوە هەر تەنها مەسەلە زانستییەکانن کە هەڵگری مانان و دەشێ ڕاستی و ناڕاستیان لـە یـەک جیـا بکـرێتـەوە: ئەوانیش یان کۆمەڵێک مەسەلەی ئەزموونگەرین، کە لە ڕێگای گەڕانەوەمان بۆ واقیع بە ڕاستی و ناڕاستیان دەگەین (نموونەش لەوانە زانستی سروشتی)، یان

---

٢١- پۆزەتیفیزم- Positivism : مەبەست لە فەلسەفەی ئەرێنییە. وەرگێڕی کوردی.

کۆمەڵێک مەسەلەی شیکارین، کە لە ڕێگای گەڕانەوە بۆ بەراوردکردنی وێنەیی، یان لۆجیکی دەشێ ڕاستی و ناڕاستیان ساغ بکەینەوە (نموونەش مەسەلە لۆجیک و بیرکارییەکانن).

لەسەر ئەو بنەمایە (کارناب R. Carnap) (٢٢) و هاوشێوەکانی بە گاڵتەوە هەندێ لەو دەستەواژانە بە

---

٢٢- بیریاری ئەڵمانی ڕۆلدف کارناب لە ١٨ی ئاداری ساڵی ١٨٩١ لە دایکبووە و زانکۆی فرایبۆرگ تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٢١ بڕوانامەی دکتۆرای لە زانکۆی - فیینا - بە دەستهێناوە... پێناسەی بۆ شیکردنەوەی لۆژیکیانەی دنیا لەسەر بونیادنانێکی دیکەی تێگەیشتنی عەقڵانی بوارە مەعریفییەکانی مرۆڤایەتی وەستاوە و لەوێوە هاتووە دووبارە چەمکە کۆنەکانی بە شێوەیەکی نوێ پێناسە کردۆتەوە و ئەو پێکهاتەیەش ناکەوێتە نێو وەسفکردنی زانستیانەی واقیعی مەعریفەوە بەڵکو وەک دووبارە بونیادنانەوەی ئەو زانستە دەژمێردرێت. پێکهاتەی لۆژیکی بۆ دنیا بە پێی لۆژیک لەبەر ئەوەی لۆژیک بایەخ بە پەیوەندی شێوەکان دەدات نەک ناوەڕۆک بۆیە کارناب ئەو دنیایەی بۆ تۆڕێک لە پەیوەندی و شێوازی لۆژیکی گواستۆتەوە بۆ ئەوەی ئەو دنیایە بخاتە ژێر شیکردنەوەیەکی لۆژیکییەوە هەر لەوێشەوە کارناب پێیوایە شیکردنەوەی لۆژیکیانە بۆ دنیا لەسەر دابەشکردنی دنیا بۆ چوار ئاست وەستاوە، کە لە ژێرەوە بۆ سەرەوە دەست پێدەکات بەو شێوەیە: ئاستی سایکۆلۆژی خودی و ئاستی بابەتە فیزیاییەکان و ئاستی سایکۆلۆژی ئەویدیکە و چوارەمیش ئاستی بابەتە ڕۆشنبیرییەکان هەمووشیان ئاراستەیان بەرەو سەرەوەیە هەر چەندە هەنگاو بەرەو سەرەوەش بهاوێن ئەوەندە ئاستی چەمکەکە ئەبستراکتر دەبێتەوە. کارناب پێیوایە زانست وێنەیەکە لە واقیع لەبەر ئەوەی واقیع خودی واقیعە بۆیە لە کۆتاییدا زانست پشت بە ڕووداوەکان دەبەستێت... بۆ زێتر شارەزایی بڕوانە: النظرية المنطقية عند كارناب – تأليف: د. رشيد الحاج صالح، الناشر دار الهيئة العامة السورية للكتاب دمشق ٢٠٠٨... وەرگێری کوردی.

ژاوەژاوی میتافیزیکی دادەنێن، کە فەیلەسوفان لە گوتەکانیان لە بارەی میتافیزیکاوە وەک کۆمەڵێ قسەی روون و ئاشکرا دەیخەنە روو، لەوانەش ئەو دەستەواژانەی کە هایدگەر لە لیکچەرە (lecture) بڵاوکراوەکەی بە ناوی (میتافیزیکا چییە؟) لەبارەیانەوە دەدوێ.(٢٣) بەمجۆرە کارناب لە توێژینەوەیەک بە ناونیشانی (دەرچوونی میتافیزیکا لە شیکردنەوەی لۆجیکیانەی زماندا) لەسەر بڕگەیەک لە لیکچەرەکەی هایدگەر رادەوەستێ، کە لە بارەی عەدەمەوەیە. هەروەها (دکتۆر زەکی نەجیب مەحمود)(٢٤) هەمان بڕگەی وەرگرتووە... هەندێک لەو بڕگە وەرگیراوانەش بەو شێوەیەی خوارەوەن»... ئایا لێرەدا «ناشت» تەنها بۆ نەبوونی بوون (وجود) هەیە؟ واتە

---

٢٣- میتافیزیک لە هەبوویییەکی بەرز دەکۆڵێتەوە نەک لە بوون، بەڵام ئۆنتۆلۆجیا لە بوون دەکۆڵێتەوە و داکۆکی لە یەکانەکی بوون دەکات... میتافیزیکا بە درێژایی مێژوو رووی لە دوولایەنیی بوون و جەوهەر دەکات و هەبوو (ئایدیا، فۆرم، ماتەر...) بە بنەڕەتی خۆی دادەنێت، بەڵام ئۆنتۆلۆجیا بوون بە بنەڕەتی هەبووەکان دادەنێت... – وەرگێڕی کوردی.

٢٤- د. زەکی نەجیب محمود نوسەر و ئەکادیمی و مامۆستای فەلسەفە لە میسر (١ی فیبرایەری ١٩٠٥ز- ٨ی سێبتمبەری ١٩٩٣ ز) لە لەندەن بڕوانامەی دکتۆراری بە ناونیشانی «ئەلجەبر ئەلزاتی» دەستهێناوە، ئەو تێزەش لە لایەن قوتابییەکەی «ئیمام عەبدولفەتاح» تەرجەمەی عەرەبی کراوە، هەر لە سەرەتای دەرچوونی گۆڤاری «الفكر المعاصر) لە یونایەری ١٩٦٥ دکتۆر زەکی نەجیب ئەو گۆڤارەی بەرێوەبردووە، بەڵام لە سەرەتای حەفتاکان وەستاوە و پاشان جارێکی دیکە دەرچۆتەوە و دکتۆر سەعید تۆفیق بووە بە سەرنوسەری... – وەرگێڕی کوردی

تەنها وەک مەسەلەیەکی سلبی؟(٢٥) یان مەسەلەکە تەواو بە پێچەوانەی ئەوەیە، واتە ناشتی هەیە و ئینجا بوونی ئەو ناشتییە خودی (بوون) بەدوای خۆیدا دەهێنێ، نەک ناشتی؟ من پێموایە بوونی - ناشتی- پێش بوون دەکەوێ - نەک- پێش بوونی - نێگەتیف/سلبی- کەواتە لە کوێوە بە دوای - ناشتیدا - بگەڕێین؟ چۆن دەستی لێبدەین و چۆن بیدۆزینەوە؟...»(٢٦) ئینجا (دکتۆر زەکی نەجیب مەحمود) دوا سەرنجی خۆی بە کورتی لەسەر ئەو بڕگە دەخاتە روو و دەڵێ: «سەیری ئەو دەستەواژانە بکەن، بۆ ئەوەی بزانن فەیلەسوف چۆن وشەی - ناشتی- بەکار هێناوە، کاتێ وشەکە سەرهەڵدەدات، دێ راستەوخۆ دەپرسێ؟ لە کوێوە بە دوای - ناشتیدا- بگەڕێین؟ چۆن دەستی لێبدەین‌و چۆن بیدۆزینەوە؟ بەمجۆرە گیروگرفتە میتافیزیکەکان لە بارەی - ناشت-ەوە دروست دەبن!(٢٧)

بە گشتی ئەو قسەکردنانەی کە دکتۆر زەکی نەجیب محمود لە بارەی دەستەواژە میتافیزیکییەکان دەیخاتە روو، وێرای دەستەواژەکانی هایدگەر، پێشتریش لەلایەن (ئایەر A. Ayer ) رەنگیداوەتەوە، ئایەر پێیوایە گوتەکانی هایدگەر لە بارەی عەدەمەوە دەبێ ماڵئاوایی لەو بیروڕا هەڵەئامێزانە بکەن، کە پێیانوایە هەموو وشەیەک یان

---

٢٥- وشەی سلبی عەرەبیم هەروەک خۆی بەکار هێناوەتەوە چونکە پێموایە لە ناوکۆییەکاندا لە وشەی (نێگەتیف) باشتر و ئاسانتر واتایەکە دەگەیەنێت... - وەرگێری کوردی.

٢٦ - د. زکی نجیب محمود، موقف من میتافیزیکا (بیروت، القاهرة: دار الشروق، الطبعة الثانیة، سنة ١٩٨٣) ، ص١٠٨-١٠٩.

٢٧ - هـ .س. پ. ل١٠٨.

دەستەواژەیەک، ئەگەر لە رووی گرامەرەوە وەک بابەت یان نیهاد (مبتداء) لە رستەدا بێت، دەبێ لە شوێنێکی دیکەش قەوارەیەکی واقیعی هاوشێوەی گرامەری پێشوو بنوێنێت.(٢٨)

بۆیە ئەگەر ئێمە بمانەوێت دەستەواژەیەکی هایدگەر شی بکەینەوە: بە پێی شیکردنەوەی لۆجیکی پۆزەتیفیزمەکان، ئەوە « ئێمە عەدەممان ناسیووە» بۆیە شیکردنەوەکەی ئەوان بەمجۆرەی خوارەوە دەبێت: وشەی «عەدەم» بەو مانایەیە، کە بابەتێکە و قسەی لە بارەوە دەکرێت، یان وەک شتێکە بۆ بابەتێک کە دەیناسین و بریارێکی لە بارەوە دەدەین. بەڵام «عەدەم» بەپێی شیکردنەوەی لۆجیکی زمان- ناوی بابەتێک نییە، کە لە دەرەوە هەبێت، بۆ نموونە دارێک بێت، یان چیایەک بێت، یان بوونەوەرانێکی دیکە بن... نەبوون ناوێک نییە ئاماژە بێت بۆ بابەتێک و هەڵگری سیفەتەکانی بێت، وەک چۆن خەسڵەتێکیش نییە بابەتێک لە خۆیدا هەڵیگرتبێت و بتوانین بەدوایدا بچین، بەڵکو ئەو تەنها رەتکردنەوە، یان نکۆڵیکردنێکی سلبیو نەفیکردنی پەیوەندی نێوان بابەت و هەڵگرەکەیەتی، بۆ نموونە دەڵێن: «س بوونی نییە، یان دیار نییە» یان « س زەرد نییە». ئینجا هەموو ئەو دەستەواژانەی عەدەمیان لە خۆدا هەڵگرتووە یان عەدەم ئاراستە دەکەن هیچیان لە پشتەوە نییە، چونکە پێشتر

28 -Alfred Ayer, Languagc, Truth and Logic (London: Victor Gollancz L T D, srcond edition, 1946), p. 43-44.

وەهم،(٢٩) یان ژاوەژاوی میتافیزیکی بوونە، خەڵک بۆیە بڕوایان پێهەبووە چونکە وەک «لۆژیکی زمان» تێینەگەیشتوونە.

بەڵام لە بەرانبەر ئەوەشدا دەتوانین لەگەڵ هایدگەر بپرسین: ئایا «لۆژیک» تەنها وەسیلەی پێگەیشتنی ئەو فیکرەیە کە لەگەڵ حەقیقەت هاویەک دێتەوە؟ هایدگەر ئاگادارمان دەکاتەوە و وشەی «لۆژیک»ی لە نێوان دوو کۆمە داناوە، بۆ ئەوەی بۆمان دەرکەوێت کە «لۆژیک» هیچ نییە تەنها «یەک» تەفسیر(٣٠) نەبێت، لە راڤەکردنەکانی سروشتی بیرکردنەوە. لە رۆحی مرۆیی و بووندا بیرکردنەوەی لۆژیکی دژ بە بیرکردنەوەیە، چونکە بیرکردنەوەی لۆژیکی تەنها بیرکردنەوەیەکی حسابییە لەسەر سەرنج و پەیمانی مەوجود وەستاوە (بیرکردنەوەی لۆژیکی تەنها یەک راڤە هەڵدەگرێت. و:ک)، وەک ئەوەی شتێکی (جزئی)(٣١) بێت، یان دیپارتمێک بێت و بخرێتە سەر شتێکی جزئی یان دیپارتمێکی دیکەوە. لە بەرانبەر ئەو بیرکردنەوەیە، جۆرێکی دیکە لە بیرکردنەوە هەیە، کە هایدگەر بە «بیرکردنەوەی بنەڕەتی» ناوی بردووە، چونکە

---

٢٩- لە بری وشەی (وهم) عەرەبی یان (ما یقع فی الذهن من الخاطر (ج أوهام)) نەمتوانی وشەیەکی کوردی بدۆزمەوە بۆیە هەر وەک خۆی هێشتمەوە. وەرگێڕی کوردی.

٣٠- لە بەرانبەر ئەو وشەیە لە زمانی کوردیدا وشەی راڤە بە کار دەهێنرێت... وەرگێڕی کوردی

٣١ - وشەی (جزء- part) لە زمانی کوردی بە (بەش) یان (پارچە) یان (پاژ)... دێت، هەندێک لە نوسەرانیش وشەی دیپارتم بە کار دەهێنن، بەڵام من بۆ زێتر گەیاندنی مانا زێتر وشە عەرەبییەکەم وەک خۆی بەکار هێناوەتەوە. - وەرگێڕی کوردی.

هەر بە (هەبوون - ئۆنتیک - مەوجود)ەوە خەریک نییە، بەڵکو خەریکی حەقیقەتی (بوون- وجود)ە... وجودێک لە هەموو مەوجودێک زێتر خەریکی وجودی مرۆڤی ڕەسەنە، ئەوە کفر کردنێکە بە سروشتی خۆی باز بە سەر هەموو (حساب)ێک دەدات و هیچ «لۆژیک»ێک نییە، دەرک بە حەقیقەتەکەی بکات.(٣٢)

ئەو ڕوونکردنەوە(٣٣) هایدیگەرییانە کە لێرەدا بە شێوەیەکی سادە ڕابەرایەتیمان دەکات، بۆ تێگەیشتن لە دەستەواژەی «ئێمە عەدەم ناس دەکەین» زۆر پێویستە. چونکە «عەدەم» وەک ئەوەی هایدگەر تێیگەیشتووە- هەر وەک وجود، وەزیفەی خۆی هەیە، بۆیە لە ڕێگای ئەو بیرکردنەوە بێ بەهایانەی کە دەڵێت «عەدەم» شتێکی «سلبی»یە، ناتوانین لە عەدەم تێبگەین. ئێمە لە ڕێگای هەموو ئەو ئەزموونە حەقیقیانەی کە تێیدا ڕووبەڕووی وجود دەبینەوە، یان عەدەمی پەیوەست بە وجود تێیدا ڕووبەڕوومان دەبێتەوە، عەدەم ناس دەکەین. لە هەموو ئەو ئەزموونانەی کە ئێمە تێیدا ڕووبەڕووی عەدەم دەبینەوە، دڵەڕاوکێیەکی بنەڕەتی تاقی دەکەینەوە، کە هایدگەر لە لێکچەرەکانی بە «میتافیزیکا چییە؟»(٣٤) وەسفی دەکات. بەڵام دڵەڕاوکێی بنەڕەتی

٣٢- مارتن هایدجر، ما الفلسفة؟ - ما المیتافیزیکا؟ - هیلدرلن وماهیة الشعر، ترجمة، فؤاد کامل، محمود رجب، مراجعة: عبدالرحمن بدوی (القاهرة: دار الثقافة للطباعة والنشر، سنة ١٩٧٤)، انظر: محاضرة: ما المیتافیزیکا؟ صفحات ١٣٣،١٣٤.

٣٣- وشەی (ڕوونکردنەوە) لە بری وشەی (شرح= إیضاح) عەرەبی بەکارهێناوە. وەرگێڕی کوردی.

٣٤ - نفس المصدر: انظر صفحات ١١٠-١١٢.

ترسان نییە، (٣٥) یان هەترش چوونی باو، کە لە زۆربەی نموونەکاندا بەری دەکەوین. چونکە ترسان هەمیشە لە «شتێکی دیاریکراو» دەبێت. یان شتێک کە بە شێوەیەکی دیاریکراو یان کە بە شێوەیەک لە شێوەکان هەڕەشەمان لێدەکات. لەبەر ئەوەی سروشتی ترس هەمیشە «لە بەرانبەر» شتێکی دیاریکراوە و «لە پێناو» یان لەبەر شتێک لێی دەترسێین، بۆیە مرۆڤی ترساو هەمیشە «پابەند»ە بەوەی کە لێی دەترسێت، لێرەوە تووشی هەترەشچوون دەبێت و لە پەیوەندی لەگەڵ ئەویدیکەدا کەمتر هەست بە دڵنیایی دەکات. کەچی دڵەڕاوکێ ناکەوێتە بەرانبەر ئەو شتە، یان ئەویدیکە. بەڵکو ئەزموونی دڵەڕاوکێ هێمنییەکی سەیر باڵی بەسەردا کێشاوە. لە ئەزموونی دڵەڕاوکێدا ناتوانین بڵێین کامەیە ئەوەی وامان لێدەکات دڵتەنگ بین، شتەکان هەموویانن و ئێمەش خۆمانین، دەکەوینە ناوەندێک کە تا ئەندازەیەک شتەکانی تێدا ون دەبێت. بەمجۆرە لە دڵەڕاوکێدا ناکەوینە بەرانبەر شتێکی دیاریکراو، بەڵکو دەکەوینە بەرانبەر «ناشت». بۆیە هایدگەر پێیوایە کرداری رەتکردنەوە لە کرداری (فعل) سلبییەوە یان نێگەتیفەوە هەڵنەهێجراوە بەڵکو بە شێوەیەکی گشتی لە کرداری عەدەمەوەیە و «عەدەم ئەسڵی سلبیاتە نەک بە پێچەوانەوە».(٣٦)

بەپێی ئەو روونکردنەوە سادەیەی کە لێرە مەبەستەکەی

---

٣٥- وشەی (دڵەڕاوکێ)م لە بری وشەی (القلق)ی عەرەبی بەکار هێناوە، ئەگەرچی لە زمانی کوردی وشەی (دڕدۆنگی، نیگەرانی، دوودڵی، دڵ لە دڵدان...) بەکار دەهێنرێت. - وەرگێڕی کوردی.

٣٦- نفس المصدر: ١٣٣.

خۆمان وەک پێویست پێخستە روو، راستە وەک پێویست مەبەستی هایدگەرمان لە دەستەواژەی «ئێمە عەدەم ناس دەکەین» نەپێکاوە، بەڵام دەتوانین نموونەی دیکە لە ئەزموون و شارەزایی پێشکەش بکەین، کە بشێ تێیدا لەگەڵ عەدەم رووبەروو ببینەوە.

وەک چۆن لە تواناماندایە روونکردنەوە لە بارەی مانای هەر دوو دەستەواژەی «حەقیقەت چییە» و «شتگەرایی شت»(٣٧) وەک دوو نموونەی زمانی هایدگەر پێشکەش بکەین. بەڵام هەر تەنها بەو دەستەواژەیەی کە روونمانکردەوە بەسەی لێدەکەین، لە بەر کۆمەڵێک هۆکار، یەکێک لەوانەش ئەوەیە کە کاری ئێمە سادەکردنەوەی لێکدانەوەکانی هایدگەر نییە، لە میانی زمان و دەستەواژەکانی هایدگەرەوە، چونکە هەموو مەسەلەیەک لەو مەسەلانەی کە لە میانی زمانە تایبەتەکەی خۆیدا وروژاندوویەتی- کۆمەڵێک مەسەلەن، کە ناشێ ئابلۆقە بدرێن (سنوریان بۆ دابنرێت. و:ک)- چونکە راڤە و لێوردبوونەوەی زۆر لەخۆ دەگرن، بەو مانایەش سادەکردنەوەیان دەبێتە دەرچوون و ناپاکی کردن لە هایدگەر، چونکە فیکری هایدگەر لە شێواز و رێبازی بیرکرنەوەی هایدگەر جیا نابێتەوە، شێواز و رێبازێک کە هەمیشە بەرەو پرسیارمان دەکاتەوە و هەستی نکۆڵیکردنمان تێدا دەوروژێنێت و تێگەیشتنی ناوەوەمانو رێگا باوەکانی بیرکردنەوەمان سەرەوژێر دەکاتەوە و

٣٧- انظر ایضاح ذالک- علی سبیل المثال- فی کنابنا: الخبرة الجمالیة، دراسة فی فلسفة الجمال الظاهراتیة (بیروت: المؤسسة الجامعیة للدراسات والنشر، سنه ١٩٩٢)، صفحات ٩٢-٩٤، صفحات ١٠٤-١٠٥.

ڕێگایەکی هەمیشە کراوەمان بەرەو فەزا بۆ دەکاتەوە. سەرەڕای ئەوەش مەبەستی بنەڕەتی ئێمە ئەوەیە، کە ببێین (لە بارەی زمان و فیکر) لە فیکری هایدگەر بکۆڵینەوە. دەشێ لە ڕێگای بە دواداچوونی فیکری هایدگەر لەو وێناکردنە تەقلیدییانە (سونەتیانە) رزگار بین، کە لە بارەی زمانەوە هەیە، ئینجا دەکرێ ئەوە بەرەو تێگەیشتن لە زمانی هایدگەر رابەرایەتیمان بکات. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی بۆ ئێمە لە دراسەکردنی فیکری هایدگەر گرنگ دەکەوێتەوە، ئەوەیە کە خۆمان لە رووبەرووبوونەوەی زمانی خودی هایدگەردا ببینینەوە، بە هەموو کۆسپ و تەگەرە و پەنا و پێچ و شێوازە زۆر تایبەتییەکەیەوە. کەواتە ئێمە دەبێت چی بکەین؟

بیتەر ماکورمیک (Peter McCormik) کە کتێبێکی لە بارەی هەوڵی هایدگەر بۆ تێگەیشتن لە زمان تەرخان کردووە، پێیوایە بەنێویەکداچوونی دەستەواژەکانی هایدگەر لەوێوە دێت، کە هایدگەر بۆ ئەوەی وەسفی هەوڵەکانی خۆی بکات،(٣٨) زیاد لە پێویست سوورە لەسەر بەکارهێنانی مەجازییانەی دەستەواژەکان.(٣٩) بەڵام ئەوە بۆ ماکورمیک ڕێگا پێدراو نییە، چونکە ئەو پێیوایە لە لێکۆڵینەوەی فیکری هایدگەر لە بارەی زمانەوە دەبێ دەستەواژەکانی هایدگەر بە شێوەیەکی لۆژیکی و زانستی شی بکەینەوە، تاکو ملکەچی

---

٣٨- لەبری وشەی (وصف)ی عەرەبی من وشکەم بە ڕێنوسی کوردی (وەسف) بەکارهێناوە، هەندێ لە نوسەران وشەی (پەسن)ی کوردی بۆ بەکار دەهێنن. وەرگێری کوردی.

39-peter 1. McCormick, Heidegger and the Language of the World: An Argurnentaive Reading of the Later Heideggers Mediations on Language (Universty of Otiawa paess, 1976) p. 79.

سەلماندن بن و ملکەچی ئەو شیکردنەوە لۆژیکییە بن، کە هەوڵدەدات کەشفی سنوری راستی بکات، یان هەوڵدەدات هێزی سەلماندن، یان ناکۆکیەکان، یان رەوایەتی ئەو گریمانانە بکات، کە هایدگەر پشتی پێدەبەستێت، چونکە ئێمە هیچ بەڵگەیەکمان نییە مەحکەمەی (مەجاز) بە زمانی لۆژیک بکەین، واتە ناشێ بە زمانی لۆژیک و میتۆدی زانستی فیکرێک، موحاکەمەی مەجاز بکەین، کە هەر لە سەرەتاوە دەیەوێت لە دەرەوەی لۆژیک و میتۆدەکانی توێژینەوەی زانستی بێت.(٤٠)

سەرەڕای ئەوەی لێکۆڵینەوەکەی ماکورمیک بۆ فیکری هایدگەر لە بارەی زمانەوە لە میانی توێکاریکردنی تێرمەکانو دەستەواژەکان و مەسەلەکانەوەیە و توێکارییەکی زانستیو لۆژیکییە، لێکۆڵینەوەیەکی ورد و ئەکادیمی پلە یەکە، سەرەڕای ئەوەی ئێمە رێبازی ئەومان هەڵنەگرتۆتەوە یان کۆپیمان نەکردۆتەوە، چونکە نموونەی ئەو شێوازە لە نزیکبوونەوە لە هایدگەر لە تێگەیشتنی حەقیقیانەی هایدگەر دوورمان دەخاتەوە، چونکە ئەو تێگەیشتنەی کە هایدگەر هەوڵدەدات فێرمان بکات، ئەو تێگەیشتنە نزیکەیە، کە لەسەر ئەزموونکردن و هاوژیانی و نزیکایەتی وەستاوە. بەمجۆرە دانانی فیکری هایدگەر لە بارەی زمانەوە لە ژێر میکرۆسکۆبی توێکاری زانستی و لۆژیکی ناپاکیکردنە بەو فیکرە، یان تەگەرە نانەوەیە بۆ نزیک بوونەوە لەو فیکرە.

---

٤٠- وەک دەزانین وشەی مەجاز عەرەبییە و لە کوردی (خوازە)ی لەبری بەکاردەهێنرێت، وەک چۆن هەندێک لە نوسەران هەر وشەی (میتافۆر-Metaphor) بەکاردەهێنن. . -وەرگێڕی کوردی.

جگە لەوەش هەوڵدان بۆ هەڵوەشانەوە و شیکردنەوەی کاری هەر فەیلەسوفێک یان داهێنەرێکی گەورە بۆ مەسەلەو دەستەواژە جزئییەکان، ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە کە لێرەدا لێدانێک و هەڵەیەک هەیە، لێرەدا ناکۆکییەک و بەیەکداچوونێک هەیە- چونکە هەوڵی ناوبراو بە حەقیقەتی رەخنەییەوە بەند نییە، چونکە رەخنەی حەقیقی هەر فیکرێک یان کارێکی ئیبداعی پێویستە لە پلەی یەکەمدا خۆی بە جەوهەر و ئەسڵی مەسەلەکەوە خەریک بکات و هەوڵی کەشفکردنی بدات. چونکە هەر چەندە لە رێگای شیکردنەوەی زانستی وردەوە - وەک ئەوەی ماکورمیک پێی هەڵساوە- بە دوای جزئیاتی کاری ئیبداعیدا بچین، ئەوە ئێمە ناگەینە مەعریفەی جزئیەکانەوە یان ناتوانین بگەینە دەرئەنجامێکی بیرکارییانە لە رێگای جۆرێک لە جۆرەکانی لە لەخۆگرتنی جزئێک بۆ گەیشتن بە جزئێکی دیکە.

لێرەوە والتێر بیمیل (Walter Biemel)(٤١) پێیوایە کورتکردنەوە فیکری هایدگەر لە بارەی زمان و فیکرو شیعر بۆ مەسەلە جزئییەکان رێگایەکی ئاسانە، بەڵام هەڵەیە، چونکە ئەوە جگە لە دێباتەکردن لەگەڵ هایدگەر بە زمانی وێناکردنێک کە لە فیکری میتافیزیکی تیۆرییەوە بۆمان ماوەتەوە، چیدیکە نییە.(٤٢) بۆیە لێرەدا بە بڕوای

---

41- Walter Biemel, Martin Heidegger, An Jllustrated Study, translated by: J.L. Mehia (London: Routledge and Kegsun Paul, 1977) p. 152.

٤٢- وشەی میتافیزیک یان (میتافیزیک- Metaphysics) لە زمانی کوردی (ئەودیو سروشت - بان سروشت، میتا سروشت)ی بۆ بەکاردەهێنرێت. - وەرگێڕی کوردی.

بیمیل ئەسڵیترین شێواز بۆ قسەکردن لە هایدگەر ئەوەیە، کە هەوڵبدەین لە گۆشەکانی خوێنەرەوە بگەینە هایدگەر... هەوڵبدەین خوێنەران لەسەر خوێندنەوەی دەقە ئەسڵییەکانی هایدگەر هانبدەین. هەر بەو رۆحە دەتوانین لە هایدگەر نزیک بکەوینەوە.

بۆیە لێرەدا پێویستە مامەڵە لەگەڵ خودی هایدگەردا بکەین، وەک چۆن مامەڵە لەگەڵ دەقێکی ئەدەبی داهێنەرانەدا دەکەین، دەقێک کە بەرەو شارەزایی رابەرایەتیمان دەکات. بە هەمان شێوەش دەشێ هایدگەر یارمەتیمان بدات، کاتێک هەوڵدەدات بەرەو شارەزایی زمان رابەرایەتیمان بکات و لەومان نزیک دەکاتەوە.

## **شارەزایی زمان** (٤٣)

دەبێ سەرەتا هەوڵبدەین لە بانگەشەکانی هایدگەر لە بارەی شارەزایی زمان تێبگەین. بۆیە هەر لە سەرەتاوە باشتر وایە لە وشەی (بانگەشە) دوور بکەوینەوە، چونکە وەک ئەوەیە هایدگەر لە دەرەوەی زمانەوە کۆمەڵێک راپۆرتمان لە بارەی زمانەوە پێشکەش بکات، وەک ئەوەی زمان بابەتێک بێت بشێ لە میانی ستراتیژیەتێکی پێشینەو کۆمەڵێک ئامرازی میتۆدی پێشتر ئامادەکراوەوە بخرێتە ژێر توێژینەوەی زانستی و میتۆدییەوە. بەڵام هایدگەر بۆ خۆی لە سەرەتای لێکچەرەکانی لە بارەی سروشتی زمان (The Nature of Language) سوورە لەسەر ئەوەی جەخت

٤٣- لە بری وشەی (خبرة) کە دەکاتە (تجربة - experience) وشەی کوردی (شارەزای)یم بەکار هێناوە. وەرگێڕی کوردی.

لەوە بکاتەوە، کە شێوازی نزیک بوونەوە لە زمان شێوازێکە هەوڵدەدات (ڕووبەڕوو ڕامانبکێشێتە نێو زمانەوە، تاکو لە نێو زماندا بشێ بە دەست شارەزایی زمانەوە بناڵێنین). بەمجۆرە چەمکی شارەزایی لای هایدگەر مۆرکێکی سلبی وەرگرتووە، وەک ئەوەی ئێمە فێڵمان لێکرابێت، لەوەی کە ڕوودەدات، لەبری ئەوەی خودی شارەزایی ملکەچی ئێمە بێت، ئێمەین ملکەچی شارەزایی دەبین: چونکە ئەگەر شتێک ملکەچی ئێمە بێت، واتە دەبێ ماوەیەک لە ئێمەوە دوور بمێنێتەوە و بێتە بابەتێک بۆ ئەوەی لە دەرەوە لێکۆڵینەوەی لە بارەوە ئەنجام بدەین و دەسەڵاتی خۆمانی بەسەردا بسەپێنین یان ئابلۆقەی بدەین، واتە بە چوارچێوە بۆ دانانی هەڵبسین. بەڵام کە شارەزایی لە بارەی شتێکەوە بۆمان دەدوێت، جا ئەوە با تەنها شتێک یان کەسێک یان هەتا ئەگەر خودی خوداش بێت، ئەوە بەو مانایەیە کە ئەو شتە بۆ ئێمە بابەت نییە، بەڵکو ئێمە دەبینە پاشکۆی ئەو، ئەویش هەمووومان وەردەگرێت و بە سەرماندا زاڵ دەبێت، دەورمان دەگرێت لەبری ئەوەی ئێمە دەوری بگرین. لێرەوە هایدگەر بەو مانایە لە شارەزایی زمان تێدەگات، کە ملکەچی خۆمان بین و لە دنیای زمان بەشدار بین و ملکەچی زمان بین، بەمجۆرە دەشێ شارەزایی باسی گۆڕانکاریمان بۆ بکات.(٤٤)

بۆیە کاتێک باسی شارەزایی زمان لای هایدگەر دەکەین، دەبێ ئەوە بزانین کە ئەو چەمکە مۆرکێکی سلبی هەیە، بەڵام بە مانای سلبیاتی خود لە پرۆسەی تێگەیشتن نا، بەڵکو واتە

٤٤- چونکە زمان لە ناوەوەمانە و ناکەوێتە دەرەوەی ئێمەوە، بەڵکو ئەوە ئێمەین دەکەوینە ژێر کۆنترۆڵکردنی زمانەوە... وەرگێڕی کوردی.

خود ئامادەیە دەرفەت بۆ حەقیقەتی شتێک برەخسێنێت و ڕێگای بۆ خۆش بکات. لێرەدا ڕۆڵی خود بە ڕۆڵی سۆفییەک دەچێت، کە بە کۆشش و خۆتەرخانکردن هەڵدەستێت، تا توانای کەشفکردنی تێدا دەردەکەوێتو بۆ کەشفکردن ئامادە دەبێت. لەسەر هەمان شت، بۆ تەماشاکردنی شارەزایی زمان پێویستت بەوە هەیە خۆت لە ڕێبازە باوەکانمان لابدەیت، تا بتوانیت حەقیقەتەکەیمان بۆ کەشف بکەیت.

لێرە هایدگەر پێیوایە ژانوژوارەکانی شارەزایی زمان، واتە خۆ ڕزگارکردن لە شێوازە سلبییەکانمان، کە ئامانجی کۆکردنەوەی زانیارییەکانە لە بارەی زمانەوە، هەڵبەتە لە ڕێگای جۆرێک لە بیرکردنەوەی ئاماریی یان حیسابی.. (٤٥) ئەو زانیارییانە کە هەمیشە لە لایەن زمانزانەکان و زمانەوانەکان، سایکۆلۆجەکان و فەیلەسوفانی شیکارخواز بەرەو زیاد بوون دەچێت، هەموو ئەو لێکۆڵینەوە زانستی و فەلسەفییانەی کە ئامانجیان بەرهەمهێنانی ئەوەیە کە بە (ئەودیو زمان- Metalanguage)(٤٦) ناو دەبرێت، ئەوەش ئەو لێکۆڵینەوانەیە کە فەلسەفەی شیکارخواز جیای دەکاتەوە. بەڵام ئەوەی- هایدگەر جەختی لێدەکاتەوە-(٤٧) پێویستی بەوە نییە (ئینتباع- impression) بەرهەم بهێنێت، بۆ ئەوەی لە ڕێگای پشکنینی زانستی و فەلسەفی زمان و زمانەکانەوە کۆمەڵێک حوکمی سلبی لە بارەوە بدرێت، چونکە پشکنینی

٤٥- مەبەست ئەوەیە کە شارەزایی زمان بە مانای کۆکردنەوەی زانیاری لە بارەی زمانەوە نییە... و:کوردی.

٤٦- یان (زمانی تەفسیرکردنی زمان) وەک سەعید تۆفیق ناوی دەنێت. - وەرگێڕی کوردی.

47 - Ibi, pp.58-59.

لەو جۆرانە تەنها پشت بە بەهانەی جزئییەوە دەبەستێت و بایەخی تایبەتی خۆی هەیە، «بەڵام ئەو زانیارییە زانستی و فەلسەفییانەی لە بارەی زمانەوە شتێکە و رووداني شارەزایی زمان بۆ ئێمە شتێکی دیکەیە»(٤٨) هەروەها لێرەدا پێویستە سەرنج بگرینە ئەوەی کە رزگاربوونمان لە شێوازی تەقلیدی لە دیدی زمانەوە بەو مانایە نایەت، کە خۆ لە شێوازەکانی توێژینەوەی زانستی و فەلسەفی لێکۆڵینەوەی زمان دەرباز بکەین، بەڵکو بەو مانایە دێت، کە خۆمان لەو شێوازە تەقلیدییە دەرباز بکەین، کە زمانی پێ بەکار دەهێنن لە ژیانی رۆژانەماندا. ئێمە کاتێک بە زمانی رۆژانەمان دەدوێین، کەواتە ئێمە قسە لە رووداوەکان دەکەین: لە بارەی رووداوێک، مەسەلەیەک، لەبارەی شتێک کە سەرقاڵمان دەکات. بۆیە هایدگەر وای دەبینێ کە «لە زمانی تازەی رۆژانەدا زمان خۆی بۆ زمان کێش ناکات، بەڵکو دەگەڕێتەوە، وەک ئەوەی ئێمە لێرەدا توانای ئەوەمان هەیە لە قسەکردندا لێکدانەوەمان هەبێت و بە زمانێکی دیکە قسە بکەین، بەمجۆرە ئێمە بە هۆی قسەکردنەوە مامەڵە لەگەڵ شتێکی دیکەدا دەکەین و دانوستانی لە بارەی شتێکەوە لەگەڵدا دەکەین».(٤٩)

بەڵام ئەگەر زمان ماهیەتی یان حەقیقەتی خۆی روون نەکاتەوە، لە کوێ خۆی ئاشکرا دەکات، یان بە تەعبیری هایدگەر «خۆی دەدوێنێت»؟!

ئەوە ئەو مەسەلەیەیە کە هایدگەر بە درێژی لە وتاری

---

48 – Ibi, pp .59.

49 – Jbid., loc. Cit.

ڕێگایەک بەرەو زمان (The Way to Language) قسەی لە بارەوە دەکات، وەک ئەوەی «زمانی بۆ زمان هێنا بێت، وەک زمان bringing langusge as a language to language». بەڵام هەتا ئێستا ڕێگا لە بەر دەممان ئاوەڵایە، بۆ ئەوەی لەو دەستەواژەیە بگەین. هەموو ئەوەی ئەو دەیەوێت ستایشی بکات قسەکردنە لەو ڕێگایەی کە بشێ بەرەو ماهیەتی زمان یان حەقیقەتی زمان ڕابەرایەتیمان بکات، ئێمە بە شێوەیەکی شاراوە ئەو مانایە ستایش دەکەین. بۆیە ئەگەر ئێمە هەوڵبدەین ئەو دەستەواژەیە ملکەچی سەلماندنو شیکاری لۆژیکی بکەین، کە هەوڵدەدات سنوری ڕاستی یان هێزی سەلماندنەکەی کەشف بکات، ئەوە ئێمە بە هیچ شتێک ناگەین. هایدگەر بۆ خۆی جەخت لەوە دەکاتەوە، کە هەموو ئەوەی لە چوارچێوەی ئەو ئاراستە کردنە لە بارەی زمانەوە دەمانەوێ بیڵێین «تەنها وەک زنجیرەیەک مەسەلەی جێبەجێ نەکراو دەمێنێتەوە، کە لە ڕووی زانستییەوە قابیلی جێبەجێ کردن نین. بەڵام ئەگەر لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی کە ڕوویدا لەو ڕێگایەی کە پێیدادەڕۆیشتین، ڕێگایەکی دیکەی زمانیان پێ گوتین، ئەوە دەشێ پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ دروست بکەین، کە زمان تێیدا بە هەموو گروپەکانییەوە مۆدیلێکی سەیر وەردەگرێت، مۆدیلێک ئێمە هیچی لە بارەوە نازانین».(٥٠) کەواتە هیچ دەربازبوونێکمان نییە، تەنها ئەوە نەبێت، کە لەگەڵ هایدگەر دەبێت بەرەو ئامانجی ئەو ببینەوە.

بۆیە ئێمە لێرەدا بەر لەوەی پەلە لە مەحکەمەکردنی

---

50 - Ibi, pp .111

زمانی هایدگەر بکەین، پێویستە لەسەرمان یەکەمجار گوێ بگرین بزانین چمان پێدەڵێت. وانەی یەکەم کە هەوڵدەدات فێرمان بکات ئەوەیە کە فێر بین گوێ لە خودی زمان بگرین. ئەوەش بەو مانایەیە کە «زمان خۆی قسان دەکات». ئەوەش یەکەم شتە لەسەر ئەو ڕێگایەی کە هەوڵدەدەین پێیدا بڕۆین، لە بارەی ماهیەتی زمانەوە بۆمان کەشف دەبێت.

**«زمان قسان دەکات» چی دەگەیەنێت** (Language apeakes)؟

بەپێی تێگەیشتنی کۆن- ئەوەی هایدگەر دەیبنێت- ئەوەیە کە ئێمە لە پلەی یەکەمدا ئەو (هەبوون –ئۆنتیک، ontic– مەوجود)ە مرۆییەین، کە توانای قسەکردنمان هەیە، بۆیە ئێمە خۆمان بە خاوەنی زمان دەزانین. بەڵام هەبوونی توانا بەسەر قسەکردن هەر تەنها توانایەک نییە، لە نێوان تواناکانو بەهرە جۆراوجۆرەکانی مرۆڤ، چونکە ئەوانیدیکەش هەمان ئەو پلەیان هەیە. هەبوونی توانا بەسەر قسەکردن، مرۆڤ وەک مرۆڤ جیا دەکاتەوە.(٥١)

ئەوەش وا دەگەیەنێت کە زمان وەک کردەی گوتن یان قسەکردن جەوهەر یان ماهیەتی مرۆڤە. مرۆڤ لە نێو زمان و بە زمان دەور دراوە. ئەگەر زمان تا ئەو ئەندازەیە لێمانەوە نزیک بێت، کەواتە بۆ پێویستمان بەوە دەبێت بە ڕێگای زماندا بڕۆین؟ ئایا نازانین زمان بەو مانایەی کە توانای بەسەر قسەکردندا هەیە، ماهیەتی ئێمە دیاری دەکات؟ ئەو مەسەلەیەش راستییەکە، پێویستی بە بەڵگەهێنانەوە و گومانکردن نییە. بەڵام بۆ خۆمان دەتوانین بپرسین: ئەگەر

---

51 - Ibi, pp .111.112

زمان- بەو مانایەی کە توانای بەسەر قسەکردندا هەیە- ماهیەتی مرۆڤ بێت، ئایا ماهیەتی خودی زمان لە کوێ خۆی حەشار داوە؟ هەڵبەتە ئێمە ناتوانین بڵێین ماهیەتی زمان خۆی لە کردەی ئەو گوتن یان بێژەیەدا حەشار داوە کە قسەی پێدەکەین، چونکە ئەوە بەو مانایە دێت کە مرۆڤ- لە میانی کردەی گوتن یان قسەکردندا- ماهیەتی زمان دیاری بکات، لە کاتێکدا کە ئێمە دەزانین پێچەوانەکەی راستە، واتە ئەوە زمانە کە ماهیەتی مرۆڤ دیاری دەکات، بەو مانایەی کە هەبوویەکە توانای بەسەر گوتن یان قسەکردندا هەیە.

بەڵام هایدگەر هەمیشە لە لێکچەرەکانی لە بارەی «رێگایەک بەرەو زمان» دەیەوێت بۆمان بسەلمێنێت، کە «زمان قسان دەکات»: ئەوە ئێمە نین بە زمان قسان دەکەین، بەڵکو «ئەوە زمانە لە میانی ئێمەوە قسان دەکات». ئەوەش وا دەگەیەنێت کە هایدگەر دەیەوێت بۆمان بسەلمێنێت کە ماهیەتی زمان کردەی گوتن و قسەکردنێک تەجاوز دەکات، کە لە میانی زمانەوە مەیسەر دەبێت، واتە ماهیەتی زمان تەجاوزی ئەوە دەکات کە هەر تەنها ئامرازێک بێت بۆ ئەوەی قسەی پێبکەین. ئێمە بە هۆی چاکەی توانای زمان بەسەر قسەکردنی خۆیدا، قسە دەکەین، ئەگەر زمان بۆ خۆی لە رێگای خۆیەوە قسە بکات، کەواتە ئەرکی ئێمە چییە؟ ئەرکی ئێمە ئەوەیە کە ملکەچی زمان بین بۆ ئەوەی قسان بکەین، ملکەچی زمان بین، واتە ببینە زمان، واتە بۆ ماهیەتی زمان وەک زمان رێگا بۆ کردەی گوتن یان قسەکردن خۆش بکەین. ئەوەش بەرەو هەوڵی تێگەیشتنی زمانمان دەبات بەو مانایەی کە گوتنە، واتە قسەکردن: قسەکردن- وەک ئەوەی

هایدگەر دەیبینێت- هەر دەبێت دوو قسەکەری هەبێت، بەڵام وەک ئەوە نا هەر دەبێت هەموو دەردێک دەرمانی هەبێت. قسەکەران بە پێچەوانەی ئەوەوە لە ڕێگای قسەکردنەوە ئامادەیی خۆیان دەنوێنن. قسەکردنێک کە تێدا قسەکەران لەگەڵ ئەوانەی قسەیان لەگەڵدا دەکەن- ئەو قسەکردنەیە کە لە نزیکمانەوە، چونکە ئەوەی قسان دەکات بۆ ئەوەیە گرنگی خۆی لەو ساتەی کە قسان دەکەن بنوینێت. ئەوەش کۆمەڵێک هاوڕێ دەگرێتەوە لە کەسەکان، شتەکان، واتە هەموو شتێک حوکم بەسەر شتەکاندا دەدات و کەسەکان دیاری دەکات.(٥٢)

ئـەوەش وەک (میـرلـۆپـۆنتـی- Merleau Ponty)(٥٣) - میرلۆپۆنتی بە بێ هیچ گومانێک لەو دواییە بە هایدگەر کاریگەر بوو) دەڵێت: ئەوە دەگەیەنێت کە کردەی قسەکردنو شێوازی قسەکردن بۆخۆی قسەکەر بۆ حاڵەتی ئامادە یان دیاری کردن رادەکێشێت، «کەواتە زمان تا رادەیەکی دوور - لە جۆرێک لە بوون- دەکات، زێتر لەوەی هۆکار بێت، یان وەسیلە بێت... قسەکردنی هاوڕێیەک لە تلیفۆن، خودی هاوڕێیەکە لەگەڵ خۆی دەهێنێت، وەک ئەوەی لە شێوازی

---

52 - Ibi, pp .120

٥٣- (مۆریس میرلۆپۆنتی Maurise Merleau Ponty -١٩٠٨- ١٩٦١) پەیوەستبوونێکی دیالیکتی لەنێوان فیکر و زمان دەبینێ، کە ناشێ لە هیچ حاڵەتێکدا بە دوو بابەتی لێکجیا دایانبنێین. هەتا بیرکردنەوەی بێدەنگیش کە ئاماژە بە ژیانی ناوەکی دەدا - لە راستیدا مەنەلۆگی ناوەکییە و دەکەوێتە نێوان خود و دەروون، چونکە زمانو فیکر بوونێکی هاوپەیوەند و بەیەکەوە لکاو و هاوکاتی پێکدەهێنن. - وەرگێڕی کوردی.

بانگکردنەکەدا بە تەواوی ئامادە بێت، پێمان بڵێت ماڵئاوا، لە سەرەتا و کۆتایی دەستەواژەکانی، لە راستەوخۆیی قسەکردنی لە میانی ئەو شتانەی کە بە بێدەنگی جێیان دەهێڵێت، پێمان بڵێت ماڵئاوا»(٥٤)

هایدگەر پێیوایە زمان لەلای قسەکەران لەپێشی پێشەوە دێت،(٥٥) وێرای ئەوەش ناسنامەیان دیاری دەکات و بۆ ئامادەبوون رایاندەکێشێت، هەروەها زمان لەپێشی پێشەوەی خودی کردەی گوتن و قسەکردندا دێت، گوتن هاوشانی ئەوەی (لە رێگای زمانەوە) دەگوترێت نییە، چونکە لەوەی کە ناشگوترێت گوتن هەیە (واتە ئەوەی زمان وسبەی لێدەکات). بۆیە هایدگەر دەڵێت: «هەموو ئەوەی دەگوترێت لە هەموو ئەوانەی کە ناگوتریت دایە (نەگوتن ئەگەری گوتنە) جا چ ئەوە بێ کە ناماقووڵە یان وسبەلێکراوە، شتێک کە هێشتا نەگوتراوە، یان هێشتا دەبێت بە مەعقولی بمێنێتەوە، واتە ئەوەی کە چوارچیوەی گوتنی بەلاوە تەنگە. بەمجۆرە هەموو ئەوانەی لە هەموو لایەکەوە دەگوترێت لە دەرکەوتندا وەک ئەوەیە کە لەلاوە بە گوتن و قسەکردنەوە نوسا بێت و سەر بەوان نەبێت، بەڵام لە راستیدا ئەو تەنها شتێکە کە دەبێ قسەکردن و قسەکەران وەک بابەتێک سەرنجی بدەن...»(٥٦)

قسەکردن هاوشانی ئەوە نییە کە دەگوترێت، چونکە گوتن و قسەکردن شتێکن رێگا بۆ دەنگ و زمان خۆش

---

54 - Maurise Merleau Ponty, sigas, lranslated by Richard Mc-Cleary (Evaoston: Northwestern University Press, 1973), p.43.

٥٥-(priority)- الاولوية- الاسبقية. - وەرگێڕی کوردی.

56 - Heidegger. Up. Cit-, p. 120.

دەکەن، واتە رووخساری گوتنێک وەردەگرن کە لە میانی شتێکدا دەگوترێت. ئەوەش بەو مانایەیە کە زمان (وەک ئەوەی گوتنە) شتێکە زێتر لەوەی تەنها گوتن بێت: «گوتنو قسەکردن دوو شتی وەک یەک نین. دەشێ کەسێک قسان بکات- بەبێ ئەوەی لێی ببڕێتەوە قسان بکات –بەڵام هەموو ئەو کاتەش هیچ نەڵێت. کەسێکی دیکە بە بێ دەنگی بمێنێتەوە و بە هیچ جۆرێک قسان نەکات، بەڵام زۆر شت بڵێت»(٥٧)

کەواتە گوتن چی دەگەیەنێت؟ گوتن to say (Sage) واتە دەرکەوتن (to show) واتە ملکەچی شتێک بیت کە دەربکەوێت، ببینرێت و ببیسرێت. ئەوە مانای وشەکەیە لە ئەسڵی ئەسکەندەنافی کۆندا، ئەوە (Sagan)ە. (بۆیە، ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین وشەی ئەڵمانی پەیوەست بە - Aussage - واتە رێگا کردنەوە بۆ شتێک، وشەی -zeigen- واتە دەرکەوتن و بەرجەستە بوون).

لێرەوە هایدگەر وای دەبینێت «ئەوەی کە دەگوترێت شتێک نییە، لە دەنگی کەم بێت، بەڵکو ئەوەی کە دەمێنێتەوە نامەقووڵە (واتە وسبەلێکراوە)، ئەوەیە کە دواتر دەرناکەوێت، ئەوەیە بە رووخساری زیندووی خۆی ناگات»(٥٨)

ئەوە لە یەکجیابوونەوەیەی نێوان گوتن و قسەکردن، یان نێوان زمان وەک ئەوەی لە میانی گوتندا قسان دەکات (واتە گوتە- بێژە - کە رووخسارێکی دەنگی وەردەگرێت) و زمان کە لە میانی گوتنی نامەقووڵ قسان دەکات (واتە

57 - Ibi, p.112

58 - Ibid., loc.cit

له میانی گوتنی وسبەلێکراو)- ئەو جیابوونەوەیە (گادامێر Gadamer)(٥٩) له وتار له بارەی «وێنەی بێدەنگ» جەختی لێدەکاتەوە، به راستی دەزانم ئەو پەرەگرافەی بۆ دیالۆگ (dialogue)(٦٠) لێوەرگرم:

«کاتێک دەڵێین کەسێک بێدەنگە- specchles، مەبەستمان ئەوە نییە که هیچی بۆ قسان نییە. بەڵکو شتەکە بە پێچەوانەی ئەوەوەیە، خۆی له راستیدا ئەو بێدەنگییە جۆرێکە له گوتن. له زمانی ئەڵمانیدا وشەی – Stumm – واتە بێدەنگ دەبینین، کە پەیوەندییەکی پتەوی بە وشەی – stammlen – (واتە له قسەکردندا زمانی تەتەڵە دەکات یان دەگیرێت). هەڵبەتە شلەژانی زمانی تەتەڵەکەر بەو مانایە نییە، کە هیچی بۆ قسان پێنییە، بە پێچەوانەی ئەوەوە دەیەوێت لە هەمان کاتدا زۆر شت بڵێت، بەڵام ناتوانێت بۆ ئەو سامانە فشارهێنەرە کۆمەڵێک وشەی وا بدۆزێتەوە کە ئەو شتانەی لە مێشکیدا خولدەخواتەوە پێی دەربڕێت. بۆ نموونە، کاتێک ئێمە دەڵێین کەسێک رەنگە لاڵ بێت یان بێدەنگی باڵی بەسەردا کێشاوە (Verstummt)، ئەوە زۆر بە سادەیی ئەوە ناگەیەنێت کە

٥٩- هانز جۆرج گادامێر فەیلەسوفی ئەڵمانی له ١١ فێبرابەری ساڵی ١٩٠٠ دوای کۆچکردنی (دیکارت) به ٣٥٠ ساڵ لەدایکبووە، لەدایکبوونی ئەو رێکەوتی هەمان ساڵی کۆچی دوایی فەیلەسوفی بەناوبانگ نیتشە دەکات.. هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا بووە، دواتر هەر له ساڵی ١٩٥٣ وەک سەرنوسەری گۆڤاری فەلسەفە کاری کردووە، لەساڵی ٢٠٠٢ کۆچی دوایی کردووە. – وەرگێڕی کوردی.

٦٠- وشەی دیالۆگ – dialogue له بری وشەی عەرەبی (محاورة) بەکارهێناوە، چونکە زێتر گوزارشت له ( تبادل اراء وأفكار) دەکات، کە وشەی گفتوگۆ ناتوانێ شوێنی بگرێتەوە کە زێتر مەبەست تێیدا (محادثة، مناقشة) دەگەیەنێت. وەرگێڕی کوردی.

وازی لە گوتن هێنا بێت. کاتێک بۆ دۆزینەوەی کۆمەڵێک وشە، کە بۆ دەربڕین لەو مەبەستە تووشی شڵەژان دەبێت، کەواتە ئەوەی دەیەوێت بیڵێت بە شێوەیەکی تایبەتی لێمانەوە نزیک بۆتەوە، بەو مانایەی کە شتێکە ئەوەی لە سەرمانە ئەوەیە کە بەدوایدا بگەڕێین، ئەوەی لە سەرمانە ئەوەیە کە وشەی نوێی بۆ بدۆزینەوە»(٦١)

ئەگەر قسەکردن تەنها لەو گوتنەی کە دەیڵێین، خۆی نەبینێتەوە و لەو گوتنەشدا بێت کە ناگوترێت، واتە بە پەردەپۆشکراوی مابێتەوە وەک ئەوەی نهێنی بێت و قابیلی دەرکەوتن یان بەیان کردن نەبێت، ئەوە مانای وایە کە جەوهەر یان ماهیەتی زمان لای هایدگەر تەنها لە گوتراوی دەنگیدا نییە، بەڵکو لە قساندایە. بەمجۆرە کاتێک هایدگەر دەڵێت زمان قسان دەکات، بەو مانایەیە کە زمان قسان دەکات وەک ئەوەی گوتن بێت، واتە وەک ئەوەی دەگوترێت. لە پرۆسەی گوتنیشدا دەبینین شتێک هەیە ئامادەیە و شتێک هەیە نائامادەیە، دەردەکەوێت و ون دەبێت. دەشێ تێگەیشتن لەو پرۆسەیە بەرەو ڕێگایەکمان ببات بۆ تێگەیشتنی حەقیقەتی زمان «یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی زمانیش ئەوەیە کە خۆی لە شێوازێکدا حەشار داوە، کە ڕێگا بە گوتنی ئەو خەڵکانە دەدات، کە گوێی بۆ دەگرن تا پێی بگەن»(٦٢)

لێرەدا دەشێ لێکۆڵەری شارەزا لە هایدگەر، ڕاستەوخۆ دەرک بەو پەیوەندییە بە هێزەی نێوان گوتن کە پێش زمان

---

٦١- هانز- جیورج جادامیر، تجلی الجمیل، تحریر: روبرت برناسکونی، ترجمة ودراسة وشرح: د. سعید توفیق (القاهرة: المجلس الاعلی للثقافة، المشروع القومی للترجمة، سنة ١٩٩٧)، صفحات ١٨٩-١٩٠.

62 - Heidegger, op- cit,. 126

دەکەوێت و تێگەیشتنی مانای حەقیقی بکات: بەڵام لە بیرمان نەچێت حەقیقەت لە مانا ئەسڵییەکەیدا واتە کردەی کەشف کردن یان پەردە لادان لەسەر شتێک. کەواتە حەقیقەت کەشفکردنە، واتە نەپۆشینی پەردە، لە ناوەوەی ئەو نەپۆشینی پەردەیەشدا پۆشین بڵاو دەبێتەوە. ئەو پۆشینەش یان رەتکردنەوەیە، یان نکۆڵیکردن، هەردووکیشیان بەیەکەوە حەقیقەتی سالب یان نا حەقیقەت پێکدەهێنن. ئەو حەقیقەتە سالبە یان ناحەقیقەتە بۆ روودانی حەقیقەتێک کە خۆی لە کەشفکردندا دەبینێتەوە وەک مەرجێک دادەنرێت. حەقیقەت لەسەر ئەو شێوەیە روو دەدات، کە لە هەمان کاتدا تێدا «پەردەپۆش» دەکرێت. چونکە مرۆڤ ناشێ ئاگای لە هەموو شتێک بێت، ئەوەش بەو مانایەیە کە لێرەدا لە بوارە کراوەکەی ئاگامەندی(٦٣) مرۆییدا شتێک هەیە، بە نەشاراوە یان دانەپۆشراو دەمێنێتەوە، بەڵام هەموو بوارەکانی دیکە شاراوە و داپۆشراوە، بۆیە ئەوە کرانەوەی بواری ئاگامەندییە کە کەشفکردن و شاردنەوەی تێدا روودەدات، وەک مەرجێکی میتافیزیکی مەرجێک کە دەکەوێتە پێش روودانی حەقیقەت. بە هەمان شێوە دەشێ بڵێین تێگەیشتنی حەقیقەتی زمان داوای کرانەوەی بواری ئاگامەندی دەکات، بۆ تێگەیشتن لە زمان، بەو مانایەی کە گوتنێکە ئەوەی کە دەردەکەوێت و ئەوەی کە دەرناکەوێت

٦٣- لێرەدا زاراوەی ئاگامەندی لە بری وشەی (شعور)ی عەرەبی بەکار هاتووە شعور زێتر پەیوەندی بە سایکۆلۆجیاوە هەیە، خودی بابەتەکەش لە بنەڕەتدا بۆ هۆسرل دەگەڕێتەوە، بەڵام وەک دەزانین هوسرل ئەو زاراوەیە بە واتای جیهانی ناوەوەی بیرکردنەوە بەکاردەهێنێت، نەک وەک بابەتێکی سایکۆلۆجی... - وەرگێڕی کوردی.

لەوەوە دەستپێدەکات، گوتراو و دیار لە گوتندا، شاراوە و پەردەپۆشکراو لە بێدەنگیدا هەر لەوەوەیە.

لەسەر ئەو بنەمایە دەشێ لەو پەسنە بگەین، کە هایدگەر بۆ پرۆسەی گوتن یان زمان وەک ئەوەی گوتنە دەیخاتە روو، ئەوەش وەک ئەوەی دیکە لە دوو رەگ پێکهاتووە: گوتنێک کە لە دەربڕینی دەنگیدا تەعبیر لە خۆی دەکات (واتە قسەکردن)، و گوتنێک کە لە بێدەنگیدا یان لە پەردەپۆشیندا تەعبیر لە خۆی دەکات. لێرەدا هایدگەر دەیەوێت بۆمان روون بکاتەوە کە چۆن گوتن لە بێدەنگیدا بە ئەسڵی خۆی دەگات:

قسەکردن، هەر قسەکردنێک بێت، وەک ئەوەی کە کردەی دەربڕینی دەنگییە (vocalization)، شارەزاییە بۆ ماوەیەکی زۆر بەردەوام دەمێنێتەوە و پێویستی بە پێناسەیەکی گونجاو هەیە، پێناسەیەک کە لە شوێنی خۆیدا بێت، چونکە راڤەکردنی فیسیۆلۆجیانەی دەنگی- بیستراو (-phonetic acoustic physiologicl explanation) بۆ دەنگەکانی زمان، هیچ شتێک لە بارەی شارەزاییەوە نازانن کە ئەسڵی لە بێدەنگیدا پەناداوە، هەر تەنها کەمێک دەزانن، لە چۆنیەتی رێگا پێدانی بێدەنگی وەک ئەوەی کە دەنگی زمانە (واتە چۆن رێگا بە بێدەنگی دەدرێت کە وەک دەنگی زمان دەربکەوێت. و:ک). ئەوە ئەو شارازاییە لە زمان کە دەوری ناگرین یان لێی ورد نابینەوە، چونکە بۆ تێگەیشتنی لە زمان لەسەر رێگایەکی تەقلیدیی دەڕۆین، لێکۆڵینەوە زانستیەکان پشت بەو رێگا تەقلیدییە دەبەستێت و ئەویش هەر تەنها لە رووکاری زماندا دەمێنێتەوە- ئەو شارەزاییەی کە هایدگەر

له ڕێگایەوە هوشیارمان دەکاتەوە بەرەو ئەوەی خوارەوە پێشڕەویمان دەکات:

«قسەکردن (speaking) دەشێ وەک کردەی دەربڕینی دەنگی (pronunciation) بیرکردنەوە پێناسەی بکەین، کە بە هۆی ئەندامەکانی گوتنەوە دێتە دی. بەڵام قسەکردن لە هەمان کاتدا گوێگرتنیشە (listening). وەک ڕاهاتووین قسەکردن و گوێگرتن لەبەرانبەر یەک دادەنێین: کەسێک قسان دەکات، ئەویدیکە گوێ دەگرێت. بەڵام گوێگرتن پێش قسەکردن ناکەوێت و بەڵکو گوێی بۆ دەگرێت-دەوری دەگرێت، وەک چۆن لە دیالۆگدا ڕوودەدات، دەورە گرتنی قسەکردن و گوێگرتن مانای زۆر لەوە بەرفرەوانتری هەیە. چونکە قسەکردن بۆخۆی گوێگرتنیشە. قسەکردن گوێگرتنە لەو زمانەی قسەی پێدەکەن. بەمجۆرە کەواتە لێرەدا گوێگرتن هەر لە ساتەوەختی قسەکردندا نییە بەڵکو پێش قسەکردنیش هەیە. ئەو گوێگرتنەی زمان لە پێش هەموو شێوەکانی گوێگرتن دێت، کە دەیانناسین..... ئێمە قسان لە زمان ناکەین- بەڵکو ئێمە قسان لە ڕێگای زمان دەکەین. ئێمە ڕەنگە هەر تەنها ئەوە بکەین، چونکە هەمیشە ئەوە نین کە گوێ لە زمان دەگرین. لێرەدا ئەوانە کێن گوێ لەو دەگرن. ئێمە گوێ لە زمانێک دەگرین کە قسان دەکات»(٦٤)

بێگومان دەقی پێشوو کۆمەڵێک کێشە بۆ هەموو توێژەرەکان دەوروژێنێت، بۆیە لێرەدا (بیتەر ماکورمیک) کۆمەڵێک پرسیار لە بارەی هەڵوێستی هایدگەر دەوروژێنێت: ئەگەر گوێگرتن پێشینە و ئەولەوییەتی بەسەر

---

64 - Ibid., pp.121-124.

قساندا هەبێت، کەواتە بابەتی بیستن یان گوێگرتن کامەیە؟ هایدگەر وەڵامان دەداتەوە بەوەی کە گوێگرتن گوێگرتنە لە قسەکردنی زمان، هەر چەندە ئێمەش ببیسین «زمان قسان دەکات» بە قسەی هایدگەر. بەڵام بە چ مانایە دەشێ زمان قسان بکات؟ هایدگەر وەڵامان دەداتەوە کە زمان لە میانی دەرخستنی شتێک قسان دەکات. بەڵام ئەگەر قسەکردنی ئێمە دووبارەکردنەوەی قسەی ئەو زمانە بێت، کە گوێمان لێگرتووە یان گوێ بیستی بووین و پاشان قسەمان پێکرد بێت و زارمان گۆیی کردبێت، کەواتە سەختییەکە لێرەدا ئەوەیە، کە بزانین ئەو گوێگرتنە چۆن دانراوە و لە چ پێکهاتووە؟(٦٥)

لێرەدا هەڵوێستی هایدگەر ئەوەیە کە «زمان قسان دەکات بە هۆی گوتن، واتە بە هۆی دەرخستن»(٦٦) : «بەو مانایەش گوتن دەرخستنە» کە لای هایدگەر ماهیەتی زمانە (واتە ماهیەتی زمان لەو پرشنگە دایە کە دەیخاتە سەر شتێک و لەو ڕێگایەوە ئەو شتە کەشف دەبێت. و:ک) پاشان ئەوەی مانای گوێگرتن و قسەکردن پێکەوە پشتی پێدەبەستن، ئەوەیە کە هەمیشە گوتن لە نەگوتندا خۆی دەبینێتەوە نەک تەنها لەوەی دەگوترێت. گوێگرتن لە گوتنی زمان، واتە لە توانای خودی زمان بەسەر قسەکردن و دەرخستندا، ڕێگامان پێدەدات کە قسان بکەین. ئەو گوێگرتنەش بە ئەندازەی خۆی توانایە هەموو کەسێک نییەتی، تەنها ئەوانە نەبن کە

---

65 - See, Pctcr McCormick, op. cit., pp.110-111.

66 - Heidegger, op. cit,. p. 24.

گوێ لە قسەی زمان دەگرن، بەمجۆرە گوێگرتن مانای ئەوەیە: «کە گوێ لە زمان بگرین بەو شێوەیەی کە ملکەچی زمان بین کە قسەی خۆیمان بۆ بکات، هەموو دەرککردنێک و وێناکردنێک سـەرەتا خۆی لەو کردەیەدا هەڵدەگرێتەوە»(٦٧)

ئێستا هەموو ئەوەی لێرەدا پێشکەشمان کرد، ڕێگامان بۆ خۆش دەکات، لەو دەستەواژەیەی هایدگەر بگەین کە مانای «ڕێگایەک بەرەو زمان» دەگەیەنێت، بەوەی کە «کێشکردنی زمانە بەو مانایەی زمانە لە نێو زماندا»

ئەو دەستەواژەیە کە وشەی زمانی سێ جاران تێیدا دووبارە بۆتەوە، ئەگەر شیکردنەوەی لۆژیکی بەسەردا جێبەجێ بکەین، ئەوە بێ مانا دەکەوێتەوە، بەڵام لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی ئێمە لێی تێگەیشتووین ئەوە وشەی زمان لە هەر جارێکدا دەلالەتی تایبەتی خۆی هەیە: کەواتە دەستەواژە « کێشکردنی زمان - واتە دەرخستنی ماهیەتی زمانthe essence of language - بەو مانایەی زمانە - واتە بەو مانایەی گوتنە saying لە ناو زماندا - واتە لە وشەی گوتراودا sounded».(٦٨)

کەواتە هایدگەر هەوڵدەدات زمان ئازاد بکات، بۆ ئەوەی لە میانی ئەو ئازادییە تایبەتییەی کە زمان قسەی پێدەگات، بە زمان بگەین و «ئەوەش بە مەبەستی خۆیەوە بەندە» بە قسەی (نۆڤالیس Novalis) لەو دەستەواژەیەی کە هایدگەر لە سەرەتای وتارەکەی خۆی «ڕێگایەک بەرەو

---

67 - Ibid,.loc, cit.

68 - Ibid,. p.120.

زمان» وەریگرتووە. زمان بە مەبەستی خۆیەوە بەندە بەو مانایە نایەت کە زمان سەرسامە بە خۆی، بەڵکو بەو مانایەیە کە ڕێگا بۆ زمان واڵا بکەین، تا هەموو ئەوانە ئازاد بکات، کە دەشێ لە میانی زمانەوە بیانخاتە ڕوو.

بەمجۆرە شارەزایی زمان لە ڕێگای ئەوەی هایدگەر لە «وجود و زەمان»(٦٩) ناوی دەبات بە ئێمە ناگات، واتە بەو بیرکردنەوە ئامارکارییە تەمسیلییە (calculative representative thinking) بە ئێمە ناگات، کە لەسەر کردەی لەخۆگرتن، لە چوارچێوە گرتنی (Ge-Stell) framing ئەوانەوە وەستاوە، کە لە میانی تەکنۆلۆجیای مۆدێرنەوە ئامادەیە: ئەو ئامرازە تەکنۆلۆجیانەی کە ڕۆژانە بە تەواوی لێی نزیک دەبینەوە و مامەڵەی پێدەکەین، وا دەزانین لە ڕێگای زاڵبوونی بەسەر سروشتدا هاوکاریمان دەکات بۆ ئەوەی لە سروشت بگەین، لە کاتێکدا ئەو تەنها سیستمێک یان پێکهاتەیەک لە سروشتمان پێشکەش دەکات، ئینجا ئەو حەقیقەتی شتەکانمان لێ دەشارێتەوە و کار لەسەر لەخۆگرتن و لە چوارچێوەگرتنی شتەکان دەکات.

لەسەر هەمان شێوە کردەی لە چوارچێوەگرتن و لەخۆگرتنی زمان، وا لە گوتن دەکات بۆ زانیارییەکان بگۆڕێت. لە چوارچێوەگرتن و لەخۆگرتن- بەپێی تیۆری زانیارییەکان- هەوڵدەدات تا زمان لە میانی بیرکردنەوەی ئامارکاریی تەمسیلییەوە تەنها ڕێگا بە شێوەیەک لە گوتن

69 -Hedegger, being and taime, trans, Josn Maquarrie and Edward Robinson (New York: Harper and Raw Publishers, 1961), pp.100-110.

بدات، بەو مانایەش زمان لە میانی کردەی داڕشتنەوە یان فۆرمالیزەیشن (Formalization)ەوە لە چوارچێوە دەگرێت. ئەوەش ئەوەیە کە هایدگەر هوشیاری لە بارەیەوە دەدات، بەو مانایە ناکرێ تەماشای زمان بکەین وەک ئەوەی بابەتێکە و لە پێشمانەوە دانراوە و دەتوانین حوکمی بەسەردا بدەین و بەسەریدا زاڵبین، لە بری ئەوەی لە دەرەوەی زمان سەیری زمان بکەین، جا بابەتی تەماشاکردنەکەمان هەر چ بێت، پێویستە وا تەماشای بکەین وەک ئەوەی بۆخۆی بابەتی دیتن بێت... «بۆ ئەوەی ئەوە بین کە هەین، کەواتە وەک هەبوویی مرۆیی پێویستە وەک پەیوەست بە بوونی زمان و لە نێو زماندا بمێنینەوە».

لێرەوە بۆمان روون دەبێتەوە کە پەیوەستبوونێکی نزیک لە نێوان ئێمە وەک هەبوویی مرۆیی و لە نێوان زماندا هەیە، بەڵام ناکرێت لەو پەیوەستبوونە بگەین- وەک ئەوەی (ریتشاردسۆن Richardson) دەیبینێت- (٧٠) بەو مانا تەقلیدییەی کە وەک (هەبوویەکی قسە دەرخەر) لە مرۆڤ دەگات. راستە هەبوویی مرۆیی تاکە هەبووییەکە کە قسان دەردەخات و زمان خۆی بەسەر ئەو بوونە سەپاندووە، چونکە ئەگەر «بوون لێرە نەبێت» واتە بوونی مرۆیی لە هەبوون بگات بەو مانایەی کە هەبووە، ئینجا لە بوون بگات، ئەوە بە نسبەت ئەو بوونە مرۆییە رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هەبوونەکان مەحاڵ دەکەوێتەوە. کەواتە بوونی مرۆیی بۆیە

70 - Willium I. Richardson, Heidgger through Phenomenology to Thougt (Netherland; Martinus Nijhoff, the Hague, 1967.) p. 295.

فەرزە تا لە هەبووەکان و ناونانەکانیان بگات. بەڵام چۆن ئەوەی بۆ دێت، کە لە هەبووەکان بگات، ئەگەر نەتوانێت بەسەر گوتن و زماندا زاڵ بێت؟ ئەگەر ئەو هەبووە مرۆییە توانای گوتنی نەبێت، ئەوە هەموو هەبوونەکان بەو مانایەی کە هەبوونن وەک شتێکی داخراو لە پێشەوە دەمێننەوە. بۆیە ریتشاردسۆن دەڵێت: «بوون لێرە - Da-sein وەک ئەوە دەردەکەوێت، کە خودی زمانی بۆخۆی داهێنابێت، بەڵام لە راستیدا هەر تەنها خۆی لە زمان و لەگەڵ زماندا کەشف کردووە، چونکە زمان بە نێو بوونی مرۆیی تێدەپەڕێت»(٧١)

بێگومان لێرەدا دیدی هایدگەر بۆ شارەزایی زمان لە پەیوەستبوونە نزیکەکەی بە بوونی مرۆیی و بە بوون خۆی - دیدێکە لێوردبوونەوەی زێتر دەوێت لەوەی ئێمە هەستی پێدەکەین، چونکە رێگای بەرەو زمان هەتا ئێستا کراوەیە و درێژ دەبێتەوە، ئێمەش هەر دەبێت تێیدا چاودێری هایدگەر بکەین تا ئامانجەکەی:

دیدی پێشووی هایدگەر لە بەرانبەر عەقڵی ئێمە دەرگا لە کۆمەڵێک شارەزایی دەکاتەوە و بە شێوەیەکی شاراوە ستایشیان دەکات، ئەگەرچی بە شێوەیەکی ئاشکرا لە بەرانبەر ئێمە یان لە بەرانبەر ئەوانیدیکە نایانخاتە روو، رەنگە لەبەر ئەوە بێت کە حاشا هەڵنەگرن: ئایا بە راستی دەشێ وێنای بوونی خۆمان بکەین بە شێوەیەک کە بکەوێتە دەرەوەی ئەو زمانەی کە قسەی پێدەکەین؟! ئایا دەشێ بە تایبەتی وێنای گۆرانبیژیک لە گۆرانبیژە گەورەکانمان بکەین کە بە زمانێکی دیکە دەم بکاتەوە (واتە دەشێ وێنای

71 - Ibid.,loc, cit

ئوم کلسوم یان عەبدولوەهاب بکەین کە بۆ نموونە بە زمانی هیندی گۆرانی بڵێن)؟ ئایا لێرەدا زمان ئەو نیشتمانە نییە، کە تێیدا نیشتەجێین و رووخسار و شێوازی خۆمان لە بوونی وەرگرتووە؟ بەڵام بۆچی بە شێوەیەکی هەڕەمەکی حاڵەتی گۆرانی گوتنمان وەک نموونە هەڵبژاردووە؟ ئایا ئەوە لە ناواخندا بەو مانایە نییە کە گۆرانی- شیعر بە گشتی- حاڵەتێکە کە بوونی زمانی تێدا کەشف دەکرێت، ئینجا بوونی ئێمە و ئاگامەندی ئێمە بە بوون خۆی؟

ئەوە- وەک ریتشاردسۆن سەرنجی دەدات و لە هەمان ناوکۆییدا ئاماژەی بۆ دەکات- ئەوەیە کە هایدگەر لە «سەرەتایەک بۆ میتافیزیکا» تەعبیری لێدەکات، کاتێک دەڵێت ئەو زمانەی کە هەبووی مرۆیی قسانی پێدەکات، پەیوەستبوونێکی لە پێشینەی بە بوونەوە هەیە، ئەوەش جۆرێکە لە «پرۆسیسەکردنێکی بنەڕەتیانەی شیعریی- الممارسة الشعرية الاصلية» (Urdichtung) – primordial poetizing – کە سەرتاپای خەڵکی تێیدا بوون لە گۆرانیدا دەبیننەوە. بەمجۆرە شارەزایی هەبووی مرۆیی بە بوون بە باشترین شێوە لە شیعردا بەرجەستە دەبێت، ئەو شارەزاییە بنەڕەتییەش بە بوون لای یۆنانییەکان لە شیعری هۆمیرۆسدا بەرجەستە دەبێت. لێرەوە ریتشاردسۆن دەپرسێت: پەیوەندی نێوان هۆمیرۆس (کە وەک تاکە کەسێک گریمانە دەکرێت) لەگەڵ گەلی یۆنانی (کە کۆمەڵێکن لە مرۆڤ) لە پرۆسەی روودانی « بوون لێرە – دازاین» کە لەسەر دەرکەوتنی زمانی یۆنان کار دەکات، چییە؟

ئەگەر لێرەدا ریتشاردسۆن وەڵامێکی کورتمان پێشکەش بکات، ئەوە ئێمە پێمانوایە ناشێ ئەو مەسەلەیە بە تەواوی بەمجۆرە روون بکرێتەوە، تەنها ئەو کاتە بە تەواوی روون دەبێتەوە، کە شارەزایی زمان یەکەمجار لە شیعردا کورت کەینەوە.(٧٢)

## زمان و شیعر
### (شارەزایی زمان لە شیعردا)

هەموو ئەوەی ئێستا لە بارەی شارەزایی زمان دەیزانین، ئەوەیە، کە ئەوە شارەزاییە: زمان تێیدا کەشفی ماهیەتی خۆی دەکات، بەو مانایەی کە ئەوە زمانە قسان دەکات و ئەوە ئێمەین لە دووتوێی زمانەوە قسان دەکەین، ئەو قسە کردنەش لە راستیدا هەر تەنها گوتن و روونکردنەوەیە، واتە ئاشکراکردن و دەرخستنە، دواتریش، کاتێک ئێمە زمان دەدوێنین، خۆمان وەک کۆمەڵێک هەبوویی مرۆیی دەبینین، نەک هەر ئەوەندەش بەڵکو خودی بوون دەبینین.(٧٣)

بەڵام ئێمە دەبێ لە کوێ وەک دەرکەوتن، یان بە شێوەیەک کە روون و دیارە بەو شارەزاییەی زمان بگەین؟ لە کوێ حەقیقەتی زمان بۆمان ئاشکرا دەبێت، یان دەردەکەوێت ... بەو مانایەی کە گوتن و دەرکەوتنە... بەو مانایەی کە دەرکەوتنی جەوهەری ئێمەیە، دەرکەوتنی

---

٧٢- دەشێ گوتەیەکی جوانی هایدگەر لەو بارەوە بهێنینەوە کە دەڵێت: «هیچ شتێک لە دەرەوەی شیعر بوونی نییە»-وەرگێڕی کوردی.

٧٣- زمان لای هایدگەر بەهایەکی وجودی گەورەی هەیە و بوون دەکەوێتە نێو زمانەوە بۆ ئەوەی خۆی رووناک بکاتەوە.. وەرگێڕی کوردی.

ناوەوەی ئێمەیە، دەرکەوتنی ئەو بوونەیە کە دەوری داوین، وەک چۆن زمان دەوری داوین؟ وەڵامی هایدگەر ئەوەیە: لە شیعر و بیرکردنەوەی شیعرییدا. بەو مانایەش دەتوانین بپرسین: بۆچی و لە بەرچی حەقیقەت یان ماهیەتی زمان لە شیعردایە، یان لە شیعردا بەجێدەهێنرێت؟ یەکێکی دیکە دەپرسێت: چۆن شارەزایی شیعریی، دەتوانێت شارەزایی زمانمان بۆ رۆشن بکاتەوە؟

کێشە و موعاناتەکانی شارەزایی زمان- وەک بۆمان روون بۆوە- ئەوەیە کە گوێ لە خودی زمان بگرین لە کاتی قسەکردندا، ئەوەبین کە بوونی زمان دەوری داوین... لە ئامادەیی خودی زماندا. ئەوەش ناشێ ئەو کاتە رووبدات، کە بە زمانی رۆژانە دەدوێین، بەڵکو ئەو کاتە روودەدات کە «خودی زمان بۆ زمان کێش دەکەین»: ئێمە لە زمانی رۆژانەدا بە هۆی زمانەوە لە بارەی شتەکانەوە دەدوێین، جاچ لە بارەی کۆمەڵێک رووداوەوە بدوێین، یان لە بارەی یەک رووداو، یان پرسیارەوە، یان مەسەلەیەک کە شوێنی بایەخپێدانمانە. بەڵام لەو بەکارهێنانەی زماندا ناشێ خودی زمان بۆ زمان کێش بکەین، واتە سروشتی زمانمان بۆ کەشف ناکرێت بەو مانایەی کە ئامادەییەکی تایبەت بە خۆی هەیە، ئامادەییەک کە دەوری ئێمەی پێبگرێت، بەڵکو کاتێک ئێمە (بەو شێوەیە) زمان دەدوێنین، ئەوە سروشتی زمان پاشەکشە دەکات. سەیرە زمان خودی زمان بدوێنێت، لە کاتێکدا ئێمە نەتوانین وشەیەکی گونجاو بۆ ئەو شتە ببینینەوە کە سەرقاڵی کردووین، کە رایگرتووین، یان نەتوانین وشەیەکی گونجاو بۆ ئەو شتە

ببینینەوە کە هانمان دەدات... کاتێک هەموو ئەوەی بە خەیاڵماندا دێت بەبێ دەنگی وەلای دەنێین، بەبێ ئەوەی بیرکردنەوەیەکی دروستی بۆ بە دەست بهێنین، بە بێ ئەوەی بە ساتەوەختانێکدا بڕۆین کە تێیدا هەست بە ئامادەیی خودی زمان بکەین، لە دوورەوە و بە شێوەیەکی گوزەرکەرانە دەستی لێبدەین. شارەزاییەک کە تێیدا شتێک لە شتەکان بە نەگوتراوی و نەویستراوی دەمێنێتەوە بۆ زمانێک کە ڕێگای پێدەدات، یان شارەزاییەک کە ڕێگای وشەی گونجاوی لێدەگرێت، ئەو شارەزاییە، شارەزایی شیعر و شاعیرە.(٧٤)

ڕەنگە ئەو حاڵەتە ئاگامەندی و فیکرییەی کە هاوەڵی شارەزایی زمان دەکات و لێرەدا هایدگەر لە بارەیەوە دەدوێت، لەو حاڵەتە ئاگایی و فیکریی عەقڵییە نزیک بێت، کە

---

٧٤- توانای زمان لە ماهیەتی خۆیدایە» چییەتی ڕەسەنی زمانیش ناونانە، کەواتە ناونان توانای ئەسڵی زمانە نەک توانای شاعیر... هەموو شیعرێکی گەورە شتێک لە زمانی لەخۆگرتووە کە لە زمانی ئاسایی شاراوەیە، زمانی ئاسایی ئەو زمانەیە کە خۆی لە وەزیفەی گەیاندن کورت دەکاتەوە، واتە زمانی ئاسایی لە گەیاندندا جەوهەری خۆی کەشف دەکات، بەڵام شیعر گوزارە یان تەعبیر لە جەوهەری خۆی دەکات، لە هەمان کاتتدا ئەوەیە کە وەک ئەسڵی قەسیدە گوزارە لە ماهیەتی خۆی بکات، قەسیدەیەکی بێدەنگ لە خستنە ڕووی بوون... کەواتە شیعر وا لە زمان دەکات توانای ناونانی بەسەر شتەکانەوە بۆ بگەڕێتەوە، بانگی ئامادەبوونی دەکات، ئامادەبوونی زمانیش لەناونانندایە. لێرەوە دەمەوێت بڵێم زمان بە هۆی شیعرەوە هێزی دامەزراندنی بوونی بۆ دەگەڕێتەوە. زمانیش جگە لە قەسیدەیەکی سەرەتاییانەی گەلێکی خاوەن مێژوو (هەڵبەتە مێژووییەکی ڕەسەن) شتێکی دیکە نییە. ئەوەش دەمانگەیەنەتە ئەو دەرئەنجامەی کە لای هایدگەر قەسیدەی ڕەسەن بە سەرچاوەی شیعر دادەنرێت... – وەرگێڕی کوردی.

(ئەبو نەواس)(٧٥) لەو دێرە شیعرییانەی خوارەوە وەسفیان دەکات:

**اخذ نفسي بتأليف شيء واحد في اللفظ شتى المعاني**

**قائم في اوهم حتى اذا ما رمته رمــت معمى المــكان**

**فكأني تابع حسن شيء من أمامي ليس بالمستبان.** (٧٦)

ئەبو نەواس لێرە لە کۆمەڵێک ناوکۆیی جیاوازدا قسان لە شارەزایی زمان دەکات، جارێک لە ئەزموونی ئەوینێک دەدوێت، کە ئەویندارەکەی وێڵی دوای خۆی کردووە، ئەویندارەکە بە خەیاڵی خۆی وا گومان دەکات و وای بە زەیندا دێت، کە ئەو ئەوینەی بە دەست هێناوە و بەو ئەوینە گەیشتووە و بینیویەتی لە بەرانبەری وەک وێنەیەکی جوان، خۆشی پێبەخشیوە و ئینجا لە دەستی رای کردووە، بەڵام رووخساری بۆ روون نەبۆتەوە، وەک ئەوەی تێر سەیری

٧٥- (ئەبو نەواس) کوڕی علی ئەلحەسەنی هانی ئەلمەعروفی ئەبو ئەلنەواسە، لە شاری (ئەهواز)ی وڵاتی (خوزستان)ی باشوری خۆرئاوای (ئێران) لە ساڵی ١٤٥ک بەرانبەر ٧٦٢ز لەدایکبووە و باوکی خەڵکی شاری (دیمەشق) بووە، بەڵام دایکی فارس بووە و ناوی (جولبان) بووە. دەڵێن باوکی یەکێک بووە لە سەربازەکانی (مەروانی کوڕی محەمەد- دوایین جێنشینی بەنی ئومەییە) لە شاری دیمەشق. لەساڵی ١٩٥ک کۆچی دوایی کردووە، یەکێک بووە لە شاعیر و ئەدیبە بەناوبانگەکانی عەرەب. ئەبو نەواس لەگەڵ هەر یەک لە (بەشار بن بەرد و موسلم بن وەلید و هتد) شۆڕشێکیان بەسەر دابونەریتی هونەری شیعری کۆن داهێناوە و لە ئاستی واژە و ئاستی ماناوە تازەگەریان لە قەسیدەی عەرەبیدا کردووە.. بۆ زیێتر شارەزایی بڕوانە:- موسوعة شعراء العصر العباسي، إعداد عبد عون الروضان، الجزء الاول، دار اسامة، الاردن- عمان، ط١، ص٥٠، ٥١. وەرگێڕی کوردی

٧٦ - ديوان أبي نواس، تحقيق: احمد عبدالحميد الغزالي (بيروت: دار الكتاب العربي، بدون تاريخ)، ص ١٨.

نەکردبێ، وەک ئەوەی چاو و فیکری کوێراییان داهاتبێتو مانای شتەکانیان ئاوێتەی یەک کردبێت، وەک ئەوەی لە حاڵەتی نوسیندا زمان و زاراوەکان نیوەی مەبەستیان گەیاندبێت، نەگەیشتبنە قوولە پێی هەستەکانی... کەچی پێمانوابێت بە وشە و تێرمی گونجاو گەیشتووین، بەڵام دیارە هەر زوو بۆمان دەردەکەوێت ئەوەی ئێمە لێرە لە میانی وشەیەکەوە بەرجەستەی دەکەین، شتێکە تەنها بە وشەیەک پەسن ناکرێت، چونکە هەڵگری کۆمەڵێک مانای جۆراوجۆرە.(٧٧)

کەواتە ئەزموونی شاعیر لەگەڵ زماندا لەو ئەزموونە ئەویندارەوە نزیکە، بەو مانایەی کە ئەزموونێکە شاعیر تێیدا هەست بە ئامادەبوونی زمان دەکات، کاتێ وشەکانی بەردەوام لێی رادەکەن، شاعیر تێیدا هەست بە ئامادەیی زمان دەکات، کاتێ بەردەوام وشەکان دەپشکنێت و بۆ هێنانە گۆ دوایان دەکەوێت، ئەوەش ئەو کاتەیە، کە شاعیر ملکەچی زمان دەبێت تا قسانی پێبکات.

بەڵام لێرەدا مەبەست لە شارەزایی (شیعر) چییە؟ ئێمە دەزانین کە هایدگەر وشەی (شیعر)ی بە دوو مانا بەکارهێناوە: شیعر بە مانا بەرفرەوانەکەی یان جەوهەرییەکەی، شیعرییەتەکەی (poetry). شیعر بە مانا بەرتەسکەکەی کە ئاماژەیە بە «رێکخستن یان هۆنینەوەی شیعر» یان «هونەری قەسیدە» (poesy).(٧٨) بەمجۆرە

---

٧٧- وشەی تێرم : Term. لە بری وشەی (مصطلح)ی عەرەبی بەکارهێنراوە و لە هەندێک شوێنیش وشەی کوردی (زاراوە)م بەکارهێناوە.. - وەرگێڕی کوردی.

٧٨ - مەبەست هۆنینەوەیە، یان رێکخستنی وشەیە بە مانا سادەکەی شیعر... - وەرگێڕی کوردی.

کاتێک هایدگەر لە بارەی شارەزایی شیعری دەدەوێت، ئەوە لە پلەی یەکەمدا مەبەستی شارەزاییە لە بیرکردنەوەی شیعریی –poetic thinking– کە لە هەموو هونەرێکدا وەک یەکە، هەموو بیرکردنەوەیەکی رەسەنیش واتە کردەی کێشکردن و دەرخستنی بوون بۆ «کرانەوە»، کەواتە هەموو هونەرێک(٧٩) بە مانا بەرفرەوانە جەوهەرییەکەی شیعرە (poetry)، یان دەبێت بە شیعر (poesy)، وەک چۆن هەموو هونەرێک زمانە، بە مانا جەوهەرییە بەرفرەوانەکەی زمان، کە زمان تێیدا هەر تەنها وەسیلەیەک نییە بۆ گەیاندن، بەڵکو کردەی کەشفکردن و دەرخستنە، لە میانی پەردەپۆشکردن و پەردەپۆشنەکردندا، لێرەوە هونەری هەر گەلێک زمانی خودی ئەو گەلە کەشف دەکات- زمانی هەر گەلێک گوزارشتکردنە لە دنیای خۆی و دەرکەوتنەکانی خۆی-. هونەریش بۆخۆی شیعرە، بەو مانا بەرفرەوانەی کە جەوهەر، یان ماهیەتی زمان و شیعری تێدا جێبەجێ دەبێت.

لەگەڵ ئەوەدا، شیعر بە مانا بەرتەسکەکەی- واتە هۆنینەوەی شیعر یان هونەری رێکخستنی قەسیدە (poesy)- هونەرێکە خۆشی لەوەدا دەبینێت، کە لە پلەی یەکەمی هونەرەکانی دیکەدا خۆی دەبینێتەوە، ئەو یەکەم بوونەیشی پەیوەندی یان نیمچە پەیوەندی بە پۆلینکردنە هەرەمیەکەی هونەرە باوەکانی سەدەی نۆزدەوە نییە، کە بە پێی نۆرم یان پرەنسیبی میتافیزیکی فەیلەسوفان دیاردەکانی

٧٩ – هایدگەر هونەر لە بەر رۆشنایی بەهای جوانیدا پێناسە ناکات، چونکە هونەر لای ئەو باسی جوانی ناکات بەڵکو دەیەوێت راستی بوون دەربخات.... وەرگێڕی کوردی.

بوونیان راڤە دەکرد و هونەرێکیان لە هونەرەکان بەسەر ئەویدیکەدا بە باشتر دادەنا.

ئەوەی لێرەدا هایدگەر مەبەستیەتی دەشێ بەمجۆرەی خوارەوە بە سادەیی فۆرمەلەی بکەینەوە: ئەویش ئەوەیە، کە ماهیەت یان جەوهەری شیعر لە هەموو هونەرەکاندا جێبەجێ دەبێت، لەبەر ئەوەی زمان لە جەوهەری خۆیدا ممارەسەکردنی یان پرۆسیسەکردنی بیرکردنەوەی شیعرییە –poetic thinking–، کەواتە خودی شیعر کە زمان وەک ناوەندێک (هونەری هۆنینەوە یان قەسیدە) بە کار دەهێنێت، ئەوە لەو یەکەمبوونەی بەسەر هەموو هونەرەکانی دیکەدا خۆشی وەردەگرێت، لێرەوەیە هایدگەر دەڵێت: «هونەری قەسیدە یان هۆنینەوەی قەسیدە (poesy) لە زماندا روودەدات، چونکە زمان سروشتی ئەسڵی شیعر دەپارێزێت»(٨٠)

بەڵام ئایا شیعر وەک ئەوەی هونەری قەسیدەیە، هەر تەنها ماهیەتی شیعرمان بۆ دەپارێزێت، بەو مانایەی کە ممارەسەکردنی شیعرە (poetizing) یان بیرکردنەوەیەکی شیعرییە (poetic thinking)، وەک هایدگەر لە لێکچەرەکانی لە بارەی ئەسڵی کاری هونەری بۆمان روون دەکاتەوە؟! ئایا راستە ئێمە لە میانی لێکچەرەکانی هایدگەر لەبارەی «رێگایەک بەرەو زمان» بۆمان روون دەبێتەوە کە شیعر وەک ئەوەی هونەری قەسیدەیە، ماهیەتی زمانمان بۆ دەپارێزێت، وەک ئەوەی کە هونەرێکە زمان بە چڕی، بوونی

80 - Heidegger, «the Origin of the Work of Art, in Poetry, Languae and Thought, trans. Albert Hofstadter (Uarper and Row Publishers, 1975), p.74.

خۆی تێدا ئاشکرا و روون دەکاتەوە. بەڵام لەوە گرنگترو دوورتر چییە، هەڵبەتە ئەوەیە کە شیعر لێرەیە-(٨١) وەک ئەوەی کە هونەری قەسیدەیە- دەشێ شارەزایی خودی زمانمان بۆ کەشف بکات... شارەزایی ئەو زمانەی کە تێیدا حەقیقەت یان ماهیەتی زمان کەشف دەکات. لێرەدا لەبەر ئەوەی شیعر هونەری قەسیدەیە، بۆیە هەر تەنها هونەرێک نییە لە زماندا روو بدات، دەشێ ئامادەیی و چڕی زمانیشی تێدا بە دەربکەوێت، نەک هەر هێندە بەڵکو هونەرێکە لە خودی زمان وەرگیراوە.(٨٢)

---

٨١ - چونکە شیعر دامەزرێنەری بوونە، هونەرمەندان وشاعیرانیش پارێزەری بوونن هەر بە هۆی شیعرەوەش زمان لە بە خاوەنبوونی هەبوونەوە بەرەو کەشفکردنی بوون دەچێت، وەک هولدرلین دەڵێت ئەوەی دەمێنێتەوە شاعیران دایدەمەزرێنن. شیعر هەر بوون دانامەزرینێت بەڵکو مێژووش دادەمەزرێنێت، دواجار شیعر زەوییەکە بۆ نیشتەجێ بوون و ئارامی، بۆیە هایدگەر دەڵێت مرۆڤ ناتوانێ لەسەر زەوی بژیت تەنها لە رێگای شیعرەوە نەبێت، کەواتە شیعر لێرەیە... - وەرگێڕی کوردی.

٨٢ - شیعر کردنەوەی ئاسۆیەکە بەسەر بووندا، بەو قسەیە هایدگەر پێیوایە ئەسڵی زمان شیعرە و شیعریش بە مانا بەرفرەوانەکەی هونەرە... لێرەدا هایدگەر وشەی شیعر بە مانا بەرفرەوانەکەی بۆ دەلالەتکردن لە هونەر بە کاردەهێنێت، بەو مانایەش شیعر هەر تەنها تایبەت نییە بە شاعیرانەوە، بەڵکو هەموو هونەرمەندێک وەک پێویست حەقی بەسەر شیعرەوە هەیە. هونەریش کەشفکردنی حەقیقەتی بوونە و واز لە بوون دەهێنێ هەبێت و شاردنەوە بۆ داپۆشین دەگۆڕێت. جەوهەری هونەریش ئەوەیە کە بوون دەرکەوێت، حەقیقەتیش دەدرەوشێتەوە، ئەگەر ماهیەتی هونەر واز هێنان بێت لە بوون بۆ ئەوەی وەک چۆن هەیە هەبێت و حەقیقەتیش بدرەوشێتەوە، ئەوە بەو مانایە نییە کە هونەر لەگەڵ واقیع و لاساییکردنەوەی واقیع دێتەوە. چونکە ناشێ لە دەرەوەی هونەر بە دوای حەقیقەتی هونەریدا بگەڕێین، واتە لە واقیعدا،

بەو مانایە شیعر وەک بابەت، ممارەسەی جۆرێک لە تێگەیشتنی دیاردەگەرایی (فینۆمینۆلۆجی) دەکات، واتە کاتێک شاعیر لە ئەزموونی خودی زمان ورد دەبێتەوە، ئەوە جۆرێک لە دیاردەگەرایی بەجێدەهێنێت، کە لەسەر پەرچەکرداری لێوردبوونەوەوە (reflection) رسکاوە.

بەمجۆرە شاعیرەکان بۆخۆیان دەتوانن تێگەیشتنی شارەزایی زمانمان بۆ دیاری بکەن، «لە راستیدا شاعیر –بە شێوازی تایبەتی خۆی، کە شێوازی شیعرییە– بۆخۆی دەتوانێت بگاتە ئەو حاڵەتەی کە تێیدا شپرزە دەبێت، کە تێیدا زمانی شارەزایی لەگەڵ ئەو زمانە دادەنێت –کە بە دەستییەوە گیری خواردووە–(٨٣) . لەنێوان ئەو شاعیرانەی کە هایدگەر پشتیان پێدەبەستێت شاعیر (ستیفان جۆرج Stefan George)ە، کە قەسیدەیەکی نیمچە لیریکی بە ناونیشانی (وشەکان) هەیە، قەسیدەی ناوبراو لە (حەوت) دێر پێکهاتووە و بەو شێوەیەی خوارەوەیە:

**المعجزة أو الحلم من الاقاصي**
**جلبتها الى شاطىء بلادي**
**وانتظرت الهه القدر المتحممة بنور الفجر**
**حتى اكتشفت الاسم داخل غديرعا...**
**عندئذ تبدى لى الحلم قريبا ساطعا**
**فهو يزدهر ويشرق الان أمامي دائما...**

---

چونکە حەقیقەتی هونەر لە ناو هونەردایە، واتە لە ئامادەیی‌و کرانەوەی هونەردایە. هونەر دەرکەوتن و خۆنیشاندانە بۆ دنیایەک کە دنیای خۆیەتی، خۆنیشاندانە بۆ حەقیقەتێک کە حەقیقەتی خۆیەتی. کەواتە هونەر شوانی بوون و پاسەوانی بوونە.... – وەرگێڕی کوردی.

83 – Heidegger, on the Way to Languae,p, 59.

**وذات يوم عدت من إبحاري السعيد**
**مصطحبا معی الدر المكنون**
**وفتشت إلهه القدر طويلا، ﭘم أنبأت:**
**«ليس مثل هذا الدر يكتنف».**
**وما هی إلا أن تلاشی الدر من بين يدی**
**ولم يعد الكنز يزين بلدی...**
**فتوليت وقلت متحسرا:**
**عندما تبطل الكلمه فلا شیء يمكن أن يكون**

هایدگەر ئەو قەسیدەیەی لە لێکچەرەکەی لە بارەی «سروشتی زمان»وەرگرتووە، هەروەها وتارێکی هەیە، کە هەمان ناونیشانی قەسیدەکە (وشەکان)ی هەڵگرتووە. بەڵام لە هەردوو حاڵەتدا لێکدانەوەی ناوەڕۆکی قەسیدەکەی پشتگوێ خستووە و بە درێژی لەسەر دوا دێری قەسیدەکە وەستاوە، دوا دێری قەسیدەکە وەستانێکە بەرەو کرۆکی لێوردبوونەکەیمان دەبات، کە توانای زمانە بەسەر ناوناندا، واتە توانای زمانە بەسەر ناونانی هەبووەکاندا. لەگەڵ ئەوەشدا لێرەدا باشتر وایە یەکەمجار لەسەر راڤەکردنی ناوەڕۆکی قەسیدەکە بوەستین:

لە سێ دێری یەکەمی قەسیدەکەدا حاڵەتێک لە گەشبینی باڵای بەسەر قەسیدەکەدا کێشاوە، کە شاعیر تێیدا شانازی بە توانا سەرسامەکەرەکەی خۆی دەکات، لەوەی توانیویەتی کۆمەڵێک شتی سەیر و نائاسایی بە دەست بهێنێت، وەک ئەوەی خەون و پەرچووی بۆ نیشتمانەکەی دابین کردبێت، ئەو لێرە لە جادوگەرێک دەچێت کە کۆمەڵێک شتی سەرسامکەری هێنابێتە ئاراوە. توانای سەرسامکەرانەی شاعیر بە پاڵپشتی خواوەندی توانا (Norn) نەبێت، کامل

نابێت! چونکە ئەوە خواوەندی توانایە ناو بەو شتانەی شاعیر دەبەخشێت، کە دایهێناون، بەمجۆرەش ئەو شتانەی کە دایهێناون، ئامادەییەکی بە هێز و پڕشنگداریان هەیە. بەڵام لە سێ دێرەکەی دوای ئەوە شاعیرە بە دەست شارەزاییەکی دیکەوە دەناڵێنێت و ئەو گەشبینیەی پێشووی ون دەبێت: شیعر بە هۆی ئەو توانا دەگمەنەیەوە رێگا بە جەوهەرە بە نرخەکەی خۆی دەدات،(٨٤) ئەو جەوهەرەی کە وا لە هەبووەکان و شتەکان دەکات دەربکەون و بکەونە بەر چاو، نەک کۆمەڵێک خەونی دوور، کە پێویستیان بە ناونان هەبێت، بەڵکو ئەوان خۆیان توانان بەسەر ناوناندا، یان ئەو ناوەن کە ناویان پێدەنرێت! بەڵام کاتێک شاعیر خۆی دەخاتە پاڵ خواوەندی توانا بۆ ئەوەی ناوێکی پێبدات، ئەو جارە پێشبینی ئەوە دەکات، کە ئەوە ناونان نییە، چونکە وەک شتەکانی دیکە نییە، بەڵکو ئەوە گەوهەرێکی بە نرخە، لەسەرووی هەڵسەنگاندنەکانەوە. لەگەڵ ونبوونی ئەو وشەیەی کە شیاوی ئەو گەوهەرە بە نرخەیە، سامانەکە ون دەبێت و شاعیر ناتوانێت بیپارێزێت. لێرەوە و-لەوەی بیمیل سەرنجی دەدات-(٨٥) شێوازێکی نوێ بۆ بوونی وشە دەردەکەوێت: وشە وەک ناو بە شتێک نابەخشرێت، کە پێشتر هەیە، یان ئامادەیە، بەڵکو -بە پێچەوانەوەی ئەوەوە- ئەو ئامادەیی بە بینراو دەبەخشێت.

بۆیە قەسیدەکە بەو دێرە شیعرە تەواو دەبێت کە دەڵێت:

---

٨٤ - جەوهەری شیعر، زمانە.... وەرگێڕی کوردی.

85 -Walter biemel.Martin Heidegger: An Jllustrsted Study, p. 154.

So I renounced and sadly say:
Where word breaks off no thing may be.

**فتوليت وقلت متحسرا:**

**عندما تبطل الكلمة فلا شيء يمكن أن يكون**

هایدگەر بە شێوەیەکی تایبەتی لە نیوەی دووەمی ئەو دێرە دەوەستێت، تا بۆمان روونبکاتەوە کە ئەو نیوە دێرە جەخت لەوە دەکاتەوە، کە ئەوە وشەیە خودی زمان بەرەو زمان کێش دەکات و شتێکمان لە بارەی پەیوەندی نێوان (وشەکان و شتەکان) پێدەڵێت.(٨٦) کاتێک بە شێوەیەکی کتوپڕ شتێک کۆتایی دێت، ئەوە مانای وایە کە داپۆشین و لەناوچوونێک روویداوە، داپۆشینیش واتە دوور کەوتنەوەو ونکردنی شتێک لە شتەکان، هەروەها کاتێک هەست بە ونبوونی وشە دەکەین، ئەوە لێرەدا شتێک نامێنێتەوە. ئەوە ئەو وشەیەیە کە (لە شارەزاییماندا) ناو لە شتە پێدراوەکە دەنێت.(٨٧)

بۆیە هایدگەر وای دەبینێت ئەوەی کە شاعیر لێرەدا فێری بووە وازهێنانە لە دیدە سادەکەی پێشووی، ئەوەی کە بە پەیوەندی وشە و شتەوە بەند بوو.(٨٨) بۆیە، شاعیر دەڵێت: کاتێک وشە کۆتایی دێت هیچ شتێک توانای بوونی نییە. هایدگەر ئا لێرەدا لەلای دەستەواژەی « دەشێ ببێ – may be» دەوەستێت، بۆ ئەوەی بۆمان روون بکاتەوە

---

٨٦ – واتە ئەگەر ئەوە زمان بێ پڕشنگ بخاتە سەر بوون و کەشفی بوون بکات. ناونانی بوونەوەران لە دەرەوەی بوونیان لە رێگای داهێنەری زمانەوەیە. وەرگێڕی کوردی.

86 – Heidegger, op. cit., p.60-61.

88 –Ibid., p., 65.

که شـاعیر وشـەی (دەکرێ – is) بە کار ناهێنێت، بەڵکو «دەشـێ ببێ – may be» بەکار دەهێنێت، دەسـتەواژەی «دەشێ ببێ – may be» تەعبیر لە گۆڕان دەکات، گۆڕینی شێوازە تەقلیدییەکە بۆ تەماشاکردن، ئەوەی شاعیر فێری ببوو، لێرەدا شاعیر دەڵێت: لەمەودوا پێویست ناکات کاتێک هەست بە ونبوونی وشە دەکەین تەماشای شتێک لەو شتانە بکەین، کە هەیە. بەڵام وشەی (دەکرێ) – بە تەنها- واتە دید و تێگەیشتنی چەسپاو بۆ شتەکان و ئەوەی کە لە بارەیەوە دەزانرێت: بەڵام لێرەدا شاعیر دەیەوێت گومان لە دیدی تەقلیدیی بۆ تەماشاکردنی شتەکان بکات، لە میانی پەیوەندی نێوان وشەکان و شتەکان، یان لە میانی ئەو شارەزاییەی کە زمانی پێیدا تێپەڕیووە، ئەو شارەزاییەی کە لێیەوە فێری ئەوە بووین، کە تەنها وشەیە بتوانێت «شت» بەو شێوەیەی کە هەیە، بخاتەروو.(٨٩)

بێگومان لێرەدا ئەو راڤەکردنەی هایدگەر تێکەڵ بە شتێک لە تەمومژی بووە، بە گەڕانەوەمان بۆ کۆمەڵێک سەرچاوەی جۆراوجۆر لەوانەش هەندێک لە سەرچاوە فەلسەفی و میتۆلۆجی و ئاینییەکان هەوڵدەدەین ئەو تەمومژییە رۆناک بکەینەوە:

(جیاوازی) یان (وەک یەک نەبوون– difference) لە نێوان دەستەواژەی «هیچ شتێک ناشێ ببێ» و «هیچ شتێک نابێ» چییە، کە لێرەدا هایدگەر دەیەوێت جەختی لێبکاتەوە. بە دەستەواژەیەکی دیکە: بۆچی شاعیر دەستەواژەی یەکەم بە کار دەهێنێت و هی دووەم بە کار ناهێنێت؟ با ئێمە

89 – Ibid., p,63.

له خۆمان بپرسین چی «دەبێ»؟ وەڵامەکە زۆر ئاساییە: ئەوەی دەبێ خودی شتەکانە: ئەوە شتە «دەبێ»، بەڵام «وشەکان» ئێمە وەک ئەوە وەسفیان ناکەین، کە «دەبێ». چونکە جەوهەری بە نرخ لە قەسیدەی ستیڤان جۆرج خودی وشەیە، خواوەندی توانا ناتوانێت ناوێک یان وشەیەک بۆ قەسیدەکەی بدۆزێتەوە، چونکە ناشێ وشە بۆ وشە بدۆزرێتەوە. بۆیە شاعیر وشە نادۆزێتەوە/ جەوهەرەکە لە نێو دەستدایە، بۆیە هیچ شتێک ناشێ لێرە ببێت. لەگەڵ ئەوەشدا وشە مافی هەڵبژاردنی خۆی و یەکەمبوونی خۆی بەسەر تەواوی شتەکاندا هەیە، لەوێوە کە هەر ئەوە، ناو لە شتەکان دەنێت و لە دووتوێی ئەو ناونانەوە وایان لێدەکات ئامادە بن، یان بوونیان (being) هەبێت، بەمجۆرەش بوونی شت ناشێ ئامادەیی لە پێشینەی بەسەر وشەدا هەبێت. ئەوە مانای ئەوەیە کە شت «ناشێ ببێ» یان لە دەرەوەی وشەوە «هیچ شتێک ناشێ ببێ«.

ئەگەر وشەش ئەوە نەبێت، ئەوەی کە بوون دەبەخشێت، یان بوون بە شت (it gives) دەدات، -وەک بیمیل ئاگادارمان دەکاتەوە - ئەوە پێویست ناکات لەو قسانە تێبگەین، بەو مانایەش هەموو ئەوەی لێرەدایە ئەوەیە، کە وشە شت بە پێی وێناکردنی تیۆلۆجی- theology- (زانستی لاهوتی) دەخاتەوە، وەک چۆن خوا بیرکردنەوە خەلق دەکات-. بۆیە لێرەدا پێویستە چەمکی دەرخستن یان ئاشکراکردن بخەینە ناو مێشکمانەوە یان عەقڵمانەوە، چونکە لەو چەمکەوە هەموو بوونەوەرەکان دەتوانن دەربکەون، بەبێ ئەوەی خەلق کرابن.

پێویست بەوە ناکات لەوەی هایدگەر لە بارەی پەیوەندی نزیکایەتی نێوان (وشە) لەلایەک و (شت) لەلایەکی دیکە، یان پێویست بەوە ناکات لەوەی لە بارەی پەیوەندی نزیکایەتی نێوان (بوون) و (هەبوون) دەیڵێت تووشی واقوڕمان بینو خۆمان بە ریسوا بزانین، چونکە (ئەفسانە- میتۆلۆجیا) ش بۆخۆی هەمان ئەو پەیوەندییەمان بۆ وێنا دەکاتەوە، بەو مانایەش بە بێ ئەو پەیوەندییە ناشێ بوون ئاشکرا بکرێت، یان دەربکەوێت، دواتریش ناشێ بیناسین تەنها لە میانی ناوێکەوە نەبێت، کە پێبەخشراوە. دەشێ لێرەدا بەرەو ئەفسانەیەک لە ئەفسانەکان بچین، کە بە بیروباوەڕی (میسری)یە کۆنەکانی سەردەمی فیرعەونەوە بەندە، هەڵبەتە ئێمە وای بۆ دەچین کە زۆر لێمانەوە دوورە، لە کاتێکدا هەتا ئێستا ئەو بیروباوەڕە لەگەڵماندا دەژی. ئەوەی ناسراوە ئەوەیە کە فیرعەونەکان بڕوایان بە نەمری ڕۆحەوە هەبووە، ڕۆحیش کاتێک لە جەستە جیا دەبێتەوە بۆ لای خوا بەرز دەبێتەوە و بە کۆمەڵێک قۆناغی حیسابیدا دەڕوات، کاتێک بەو قۆناغانەدا تێپەڕی و تەحقیقی لەگەڵ کرا و رزگاری بوو، دیسان بەرەو جەستە دەگەڕێتەوە، واتە بە چاو بەرجەستەی دەکاتەوە. بۆیە ئەگەر فیرعەون ویستی سزای حوکمکراوێک بدات، یان دوای مردنی هەر کەسێک سزای بۆ رەوانە بکات، ئەوە بۆ ئەو سزایە پشت بەو کاولکارییە نابەستێت، کە ئەو کەسە دوای خۆی بەجێیهێشتووە، بەڵکو ئەوەندە بەسە، کە ناوی لەسەر ئەو تابوتە بسڕێتەوە، کە مەیتی ئەوی لە خۆدا هەڵگرتووە، چونکە ئەگەر ڕۆحەکەش دوای رزگاربوونی گەڕایەوە، ئەوە ناتوانێت جەستەکەی خۆی

بناسێتەوە، بۆیە بە سەرگەردانی دەمێنێتەوە، بەبێ ئەوەی هەرگیز چاوی پێبکەوێتەوە. ئەو بیروباوەڕە ئەفسانەییە لە کەلەپوری ئێمەدا (میسرییەکان) ماوەتەوە، لە زمانی گشتیدا رەنگی داوەتەوە: کاتێک کەسێک دەیەوێت بە تووڕەییەوە کەسێکی دیکە بانگ بکات، پێی دەڵێت: «ئەی خوا ناوت رەشکاتەوە»(٩٠) یان دەڵێت: «ئینشاللە خوا ناوێکت پێ رەوا دەبینێ»، لێرەدا پاڕانەوەکە بۆ ئەوەیە کە ئەو کەسە قابیلی هیچ ناوێک نییە، یان ناوی خۆی لە دەستداوە. بێگومان کەسی سادە و ئاسایی کاتێک ئەو دەستەواژانەی لە زار دێتە دەر، هیچ شتێک لە بارەی مانای فەلسەفی (توانای زمان لەسەر ناونان لای هایدگەر) لە مێشکدا نییە، هەتا لە بارەی ئەو بنەما ئەفسانەییەی کە ئەو بیروباوەڕەی هەڵگرتووە، ئەو بیروباوەڕەی کە ئەو دەریدەبڕێت، یان دێتە سەر زاری... لەگەڵ ئەوەشدا بە دڵنیاییەوە مانای هەموو دەستەواژەکانی لەو شێوەیە، دەزانێت: ئەو دەزانێ کە بە تورەییەوە دوعا لە یەکێک بکات، کە ناوی لە بووندا رەش بێتەوە، یان ون بێت، دوعای لە ناوچوونی ئەو کەسە، نەک بەو مانایەی کە «بمرێت، (چونکە کەسانێک هەن دەمرن و ناویان لە بووندا دەمێنێتەوە، یان بوونیان بە شێوەیەک لە شێوەکان هەیە) بەڵکو بەو مانایەیە کە بوونی ببێتە بوونێک کەس نەیناسێتەوە، واتە ئەو و عەدەم وەک یەک بن.

لێرە لە دەقی قورئانیدا نموونەی لەو جۆرە هەیە و دەقەکە بۆمان روون دەکاتەوە کە یەکێک لە بەخششەکانی

٩٠ – هەمان ئیدیۆم لە کلتور و زمانی کوردیشدا هەیە، واتە هەتا بە نەناسی بمێنێتەوە... وەرگێڕی کوردی.

خودا بۆ مرۆڤ ئەوەیە، کە مەعریفەی پێداوە، بۆ ئەوەی بتوانێت لەسەر زەوی نیشتەجێ ببێت، ئەو مەعریفەیەش ئەوەیە کە شتەکان لە ڕێگای ناوەکانیانەوە ناس بکات، ئەو مەعریفەیە، لە دەرەوەی مەلایکەکانەوە، خوا تایبەتی کردووە بە مرۆڤەوە. خودای زانا لە کتێبی حەکیمدا دەڵێت:

﴿وَإِذَا قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَائِكَةِ إِنِّي جَاعِلٌ فِي الْأَرْضِ خَلِيفَةً قَالُوا أَتَجْعَلُ فِيهَا مَنْ يُفْسِدُ فِيهَا وَيَسْفِكُ الدِّمَاءَ وَنَحْنُ نُسَبِّحُ بِحَمْدِكَ وَنُقَدِّسُ لَكَ قَالَ إِنِّي أَعْلَمُ مَا لَا تَعْلَمُونَ﴾"30" وَعَلَّمَ آدَمَ الْأَسْمَاءَ هَٰؤُلَاءِ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ"31" قَالُوا سُبْحَانَكَ لَا عِلْمَ لَنَا إِلَّا مَا عَلَّمْتَنَا إِنَّكَ أَنْتَ الْعَلِيمُ الْحَكِيمُ"32" (سورة البقرة).

ئەگەر سەرنج لەو ئایەتانە بدەین، دەبینین زمان تێیدا پێویستی بە تەئویلە: خوا دەفەرمووێت: {وعلم ادم الاسماء ثم عرضهم الله علی الملائکة...} ئەوە وامان لێدەکات بپرسین ئەی خودا چی بە مەلایکەکان داوە: ناوی پێداون یان ئەو شت و بابەتانەی کە ناویان هەیە؟ وەک دیارە ئەوەی خوا بە مەلایکەکانی داوە خودی شتەکانە، وەک لە تەفسیری (کۆمەڵەی زانایانی هاوچەرخ)دا هاتووە(٩١)، ئەو تەفسیرە پشت بە پێشبینی دەبەستێت، چونکە ماقوول نییە خوا ناو بە مەلایکەکان بدات و پاشان پرسیاری ناوەکانیان لێبکاتەوە: چونکە ناو ناوێکی دیکەی نییە، وەک چۆن وشە وشەیەکی دی نییە، وەک ئەوەی خواوەندی توانای ستیڤان جۆرج لە قەسیدەکەیدا لە بارەی وشەکانەوە رایدەگەیەنێت. کەواتە ناو بۆ شتێکە کە هەیە، نەبوونی مەعریفەش بەو ناوە واتە نەبوونی مەعریفە بەوەی کە هەیە، ئەوەش لێرەدا بەو

٩١- المنتخب فی تفسیر القران الکریم (المجلس الاعلی للشؤون الإسلامیة، لجنة القران والسنة، الطبعه الثامنة عشر، سنة ١٩٩٥) ص١٠.

مانایەیە کە لە چوارچێوەی مەعریفەی ئێمەدا ناو وەک بەدیلی ئەو شتە یان ئەو بوونە دەردەکەوێت. لێرەوە ئێمە پێمانوایە ئەو فەرموودەیە: {وعلم ادم الاسماء کلها...} لە هەمان کاتدا واتە: وعلم ادم الاشیاء کلها.

لەسەر بنەمای هەموو ئەوەی لێرەدا خستمانە روو، دەتوانین زێتر لە تێگەیشتنی هایدگەر بۆ توانای زمان بەسەر ناوناندا نزیک ببینەوە. ئێمە دەزانین زمان ناو لە هەبووەکان دەنێت، چونکە لێرەدا کە وشە ون دەبێت، ئەو وشەیەی کە شتی پێ ناو دەنرێت، هیچ شتێک بوونی نییە... کەواتە لێرەدا ئەوەی ((ناونان))ـە چییە؟

تێگەیشتنی تەقلیدیانە - وەک ئەوەی هایدگەر بۆ ئێمەی روون کردەوە- دەشێ مانای (ناونان) بخاتەروو، لەسەر ئەو بنەمایەی کە وشە «شتێک ناو دەنێت». بەڵام ناو چییە؟ ناو ئەوەیە، کە نیشانەیەکی نوسراو و دەنگی، کۆدێک... بۆ شتێک دابنێیت. بەڵام نیشانە- ئاماژە (sign) چییە؟ ئایا شتێکی ئاماژەییە، یان عەلامەتێکە یان تێلنیشانە یان هەموو ئەوانە و شتێکی دیکەیە لە تەک ئەوانەدا. لێرە ئێمە دەبێت ئەو تێگەیشتنە تەقلیدییە «بۆ ناو» بەو مانایەی کە دانانە، دانانی نیشانەیە بۆ شتێک... دوور بخەینەوە. بەڵکو دەبێت وا تێبیگەین وەک ئەوەی پێشتر لە مەبەستی دەستەواژەکانەوە هاتووە: «بە ناوی خاوەنی»ییەوە تێبیگەین، یان «بە ناوی ئەو خوایەی کە زەمەنی داهێناوە» یان «بە فەرمانی (خودا)» تێبیگەین. تێرمی ((ناو)) و ((وشە)) لە قەسیدەکەی ستیڤان جۆرج بە شێوەیەکی زۆر جیاواز و قووڵ لە چەمکی «نیشانە- ئاماژە»دا رەنگیداوەتەوە. ئەوەی پێویستە لێی

دڵنیابینەوە لەوەی هایدگەر دەیبینێت ئەوەیە کە «هیچ شتێک نییە، کاتێک وشە-واتە ناو- ون دەبێت».(٩٢)

لێرەدا نامەوێت لای شیکردنەوە لۆژیکییەکانی ماکۆرمیک بوەستم، کە پێیوایە هایدگەر جیاوازی لە نێوان (وشە) و (ناو) ناکات، لەسەر ئەو بنەمایەی کە وشە هەیە ناوی هیچ شتێک نییە، (بۆ نموونە ئەو وشەیەی کە کەفالەتی «سی وسیَ« دەکات)(٩٣). هەڵبەتە نموونەی ئەو شیکردنەوە لۆژیکیانە تێگەیشتنی هایدگەر دەشوێنێت: چونکە وشە لای هایدگەر هەموو وشەیەک ناگرێتەوە، بەڵکو تەنها ئەو وشانە دەگرێتەوە کە ناو بە شت دەدەن، واتە ئەوەی کە بە پرۆسەی ناونان، یان دەرخستنی هەبوو هەڵدەستێت... ئەو وشەیەی کە وامان لێدەکات بچینە قووڵایی و بە دەست ئەزموونی زمانەوە بتلێینەوە، ئەوەی تەنها لە زمانی شیعر: زمانە بەرز و گەورەکانی پێشوو جێبەجێ دەبێت. لێرەدا ریتشاردسۆن دەڵێت: «دەبێ جەخت لەوە بکەینەوە کە هەمیشە ماهیەتی زمان، یان چییەتی زمان بە نسبەت هایدگەرەوە نابێ لە رووی دەنگ و ماناوە بەدوایدا بگەڕێین، بەڵکو دەبێ لە رووی ناسنامەی گوتن و ئاشکراکردن بە دوایدا بگەڕێین، ئەو وێناکردنەش کاتێک ئاشکرا دەبێت، کە هایدگەر راڤەی ئەوەمان بۆ دەکات، کە چۆن لە ناو و ناونانەوە گەیشتووین، بەو مانایەی کە دەرخستن، ئاشکراکردن و نمایانکردنی بوونە لە بوارێکی کراوەدا،

---

92 - Heidegger, op. cit., p,62.

93 -Peter McCormick, Heidegger, and the languagc of world, p.19.

بەو جۆرەی کە هەبوون خۆی تێدا کەشف دەکات، وەک ئەوەی هەیە»(٩٤).

کەواتە هەموو وشەیەک توانای ناونانی نییە، تەنها ئەو وشانە نەبێت کە ئەوە دەڵێن کە مانای هەبوون دەردەخەن یان ئاشکرای دەکەن، بۆیە هایدگەر دەڵێت: «تەنها ئەو کاتەی کە وشەیەکی گونجاو و شیاو وەک بوون ناو لە شتێک دەنێت، ئەو کاتە شتێک دەبێت... بەڵام ئایا ئەوە بە هەمان ئەو مانایە دێت، کە لێرەدا بوون هەیە و ئەو وشە گونجاوە دەریدەبڕێت؟ وشە گونجاوی خۆی لە کوێ بە دەست دەهێنێت؟ شاعیر لەو بارەیەوە هیچ ناڵێت. بەڵام ناوەڕۆکی دوایین دێر لە پلەی یەکەمدا ئەو دەستەواژەیە لەخۆ دەگرێت: کە بوونی هەر شتێک، بوونە لە نێو وشەدا، بۆیە ئەو دەستەواژەیە ئەو گوتەیەش ڕاست دەکاتەوە کە دەڵێت: زمان ماڵی بوونە»(٩٥).

لێرەدا قسەی هایدگەر بەرەو لایەکی دیکە و دوایین لا دەمانگوازێتەوە ئەویش لەبارەی لێوردبوونەوەیەتی لە زمان، کە پەیوەندی بە پێدراوی زمان- و دواتر شیعرەوە هەیە، لەوێدا هایدگەر ماهیەتی زمان- لە فیکردا بەجێ دەهێنێت.

***

## زمان/ شیعر/ بیرکردنەوە

### (زمان وەک بنەمای فیکر و بیرکردنەوەی شیعریی)

لەمەو پێش جەختمان لەوە کردەوە کە زمان کەشفی

94 -Ricbardson, Heidegger from Phenomenuology to Thought, p. 496.

95 - Heidegger, op. cit., p,63.

(هەبوون- مەوجود) دەکات، بە مرۆڤیشەوە وەک هەبوو، وەک هەبووییەک کە زمان دەوری داوە. بەڵام هایدگەر دەیەوێت لەوەش زێتر بڕوات بۆ ئەوەی دڵنیامان بکاتەوە، کە لە هەمان کاتدا زمان بوونی خۆیشی کەشف دەکات. ئەوەش لای هایدگەر وا دەگەیەنێت کە پەیوەندی (زمان) بە هەبوونەوە، وەک پەیوەندی بوونی (مرۆ)یە بە هەبوونەوە. یان هایدگەر پێمان راناگەیەنێت کە شارەزایی هەبوونی مرۆیی بە بوونەوە بە باشترین شێوە لە شیعردا دەردەکەوێت، هەروەها شارەزایی رەسەن بە بوونەوە لای یۆنانییەکان لە شیعری هۆمیرۆس دەردەکەوێت.(٩٦) ئەوە ئەو شتەیە کە ریتشاردسۆن بانگەشەی بۆ دەکات، وەک لە پێشەوە — لە بارەی پرسیارکردن لە پەیوەندی نێوان هۆمیرۆس (کە وەک تاکە کەسێک گریمانە دەکرێت) و تەواوی گەلی یۆنانی (کە وەک کۆمەڵێک لە مرۆڤ) ئاماژەمان بۆ کرد، ئەوەی بەو شارەزاییە رەسەنەی بوونەوەش بەندە، ئەوەیە کە لە رێگای زمانی یۆنانیدا کەشف دەکرێت. بێگومان ئێستا ئێمە لەو بابەتەدا لە پێداویستی ئەو وەڵامەی ریتشاردسۆن دەگەین، کە لە بارەی پرسەکانی پێشووەوە پێشکەشی کردبوو، کە دەڵێت: «زمانی شاعیری رەسەن، بوون لەسەر ئەو شێوە رەسەنە کەشف دەکات، کە لە نوسینەکان (و دواتر زمان)ی تایبەت بە بیریارێکی رەسەن کەشفی دەکات، ئینجا شیعر،

٩٦- زمان ماڵی حەقیقی بوونە پاسەوانی ئەو ماڵەش مرۆڤەو جەوهەری زمانە و زمانیش جەوهەرە، چونکە زمان دەتوانێ بە جەوهەری بوون و زانینی نەزانراوەکانمان بگەیەنێت. بۆ زێتر شارەزایی بڕوانە: انطولوجيا اللغة عند مارتن هيدجر، ط١، منشورات الاختلاف، الجزائر، ٢٠٠٨ ص٦٣، ٣١. وەرگێڕی کوردی.

بەو مانایەی کە فەلسەفەیە، بەو مانایەی کە بوارێکی ڕەوا بۆ پرسیارکردن لە بارەی بوون دەسازێنێت، پاشان شاعیران ئەوانەی هایدگەر بە ڕەسەن دایاندەنێت لەوانەش: (پیندار Pindar و سۆفۆکلێس Sophocles و هۆمیرۆس Homer و هولدرلین Holderlin... هتد)، هەموو ئەوانەش لەلای هایدگەر هەمان ڕەوایەتیان هەیە، کە بیریاران هەیانە، لەوانەش: (پارمیندس Parmendis و هیراکلیتس Heraclitus... هتد..) (٩٧) ئەوەش بۆمان ڕوون دەکاتەوە کە بۆچی لە بابەتی توێژینەوەکەمان نارِوانین، تا بزانین جیاوازییەکە لە کوێوە هاتووە: لەلای شاعیران، یان فەیلەسوفانەوە..»(٩٨).

لێرەوە دەشێ ئەو پەیوەندییە نزیکەی نێوان هەر سێ لایەنەکەی: زمان و شیعر و بیرکردنەوەمان بۆ ڕوون بێتەوە، دەشێ ئەو پەیوەندییەش ئەوەمان بۆ کەشف بکات، کە ئەگەر بنەمای تێگەیشتنی ئێمە خۆی لە پەیوەندی بە هێزی نێوان خودی زمان و خودی بوون حەشار دابێت، ئەوە ئەو دووانە فیکری هایدگەری -ئەو دواییانەی- وەک یەک بابەت سەقاڵ کردوە. کەواتە بوون بۆخۆی لە میانی زمانەوە کەشف دەکرێت، ئینجا لە میانی شیعر و بیرکردنەوەی

---

٩٧- هایدگەر لە بوونی (ڕەسەن)دا ئەنتۆلۆژییەتی بوون دیاری دەکات. بەڵام بوونی (نارەسەن) ون دەبێت.. بوونی ڕەسەن لە کۆتایی و مردن ناترسێت، بەڵام بوونی نارِەسەن بوونێکی ترسنۆکە، هەر لەبەر هەندێ خۆی تەسلیمی ئەوانیدیکە کردووە و سازش لەگەڵ دەسەڵاتی داگیرکەردا دەکات. ئەگەرچی بوونی ڕەسەن لە ژیان دوودڵ و نیگەرانە، بەڵام لەبەر ئەوەی خۆی خاوەنی پرۆژەو بەهاکانی بوونی خۆیەتی، بۆیە پێش هەڵبژاردنی پرۆژەکەی و بڕیاردان لەسەری دووچاری دوودڵی نیگەرانی زۆر دەبێت.... وەرگێڕی کوردی.

98 - Ricbardson, op. cit., pp, 295-296.

(شیعریی) کە دەکەوێتە ژێر جێکەوتەی پرسی بوونەوە:
کەواتە پەیوەندییەکی بە هێز لە نێوان پرسیاری فیکر (پرسیاری فەلسەفە) کە هەر بۆ خۆیشی پرسیاری بوونە لەلایەک و مەسەلەی زمان لە فیکری هایدگەری –ئەو دواییانەدا– لەلایەکی دیکەوە دەبینرێت. ئەوەش ئەو هۆیەیە کە گادامێر وا لێدەکات بڵێت–(٩٩) هایدگەر بەو شێوەیە مەسەلەکان قووڵ دەکاتەوە بۆ ئەوەی بە بنەما شاراوەکەی زمان بگات و بۆمان روون بکاتەوە کە پەیوەندی ئاسایی نێوان زمان و ئەوەی زمان ئاماژەی بۆ دەکات، مەسەلەیەکی تەمومژاوییە: چونکە زمان لێرە نییە و بوون لێرەیە، فیکر لێرە نییە، ئەو شتەی فیکر دەیبینێت لێرەیە (خەونبین لێرە نییە، ئەو شتەی لە خەوندا دەبینرێت لێرەیە). نەک هەر هێندە بەڵکو ئەو زمانەی هایدگەر لە بەکارهێنانەکانیدا پشتی پێدەبەستێت زمانێکە بە تۆبزی دەچێتە ناو شتەکانەوە (زمانێکی تێپەڕە)، وا لە وەرگر دەکات، کە کاریگەری پرسیارەکانی خۆی لە بارەی بوونەوە بەسەرەوە بمێنێتەوە و هەمیشە لێیەوە نزیک بێت. زمانی تێپەڕ ئەوەی هایدگەر لێرەدا هەوڵی قسە لەسەر کردنی دەدات، ئەو شتەیە کە زمانی بیرکردنەوە بە زمانی شاعیرانەوە دەبەستێتەوە. کرۆکی مەسەلەکەش پەیوەندی بەوەوە نییە، کە هایدگەر دەستەواژەکان بە شێوەیەکی شیعریی بە کار دەهێنێت– بۆ ئەوەی زمانی تێگەیشتن جیدیی و بە پیت بێت– بەڵکو ئەوەی لە نێوان زمانی بیرکردنەوە و زمانی شیعرییەوە

99- Hans - Georg Gadamer. Heideggers, ways, translated by John W. Stanlcy (State University of New York Press. 1994), p. 66-67.

(dichterisch) هاوبەشە، ئەوەیە کە لێرەدا هەر چەند بیرورِا یان ئاماژە بوونی هەبێت، لە بەرانبەر ئەوەدا شتێک نەبێت برِیار بدات یان شتێک نەبێت ئاماژەی بۆ بکرێت، چونکە ((ئەوەی لێرەدا)) برِیاری لەسەر دەدرێت و ئاماژەی بۆ دەکرێت، ناشێ لە هیچ وێنەیەکی زمانی دیکەدا بوونی هەبێت.

لێرەدا ئەوەی گادامێر دەیەوێت جەختی لێبکاتەوە، ئەوەیە کە هەر یەک لە شیعر و بیرکردنەوە، بوون بەرەو «ماڵی زمان» کێش دەکەن، چونکە زمان ماڵی یان شوێنی بوونە (the house of being) وەک هەمیشە هایدگەر دووبارەی دەکاتەوە. لێرەوە نزیکایەتیەک دەکەوێتە نێوان زمانی شاعیرو زمانی بیریار... پرسیاری بوون، کە بیریار دەیخاتەروو، لە (زمانی بیرکردنەوە)دا ئامادەیی هەیە، بەڵام پرسیاری بوون، کە شیعر بەرجەستەی دەکات، لە (زمانی شیعر)دا ئامادەیە، وەک گوتنێک، کە بوون یان بوونی هەبوون کەشف دەکات. لەسەر ئەو بنەمایەیە دەشێ لە دەستەواژەکان و خودی زمانی هایدگەر تێبگەین، کەواتە لێرەوە فیکر بەو مانایەی کە بیرکردنەوەیە و پرسیاری بوون دەوروروژێنێت، لە خودی زماندا خۆی دەنوێنێ. هەروەها فیکر – وەک گادامێر دەیبنێت(١٠٠) – وەک بینراوێک لە خودی کردەی قسەکردندا دەردەکەوێت. ئەوەش دەشێ بە باشترین شێوە روون بکەینەوە، کاتێک لە بزاڤێکی فیکری ورد دەبینەوە، وەک دیالۆگێکی بیرکردنەوەئامێز لەگەڵ خۆیدا. لێرەدا هایدگەر بۆخۆی نموونەیەکی جیدی ئەو شێوە لە بیرکردنەوەیە.

100 – Ibid., p. 65.

بەمجۆرە وەک گادامێر دەڵێت- ئەو شێوازەی کە پانتایی خوێندنەوە و لێکچەرەکانی هایدگەر لێیەوە نزیک دەبێتەوەو ئەو جیدییەتەی - کە زێتر وەک توورەیی- تێکەڵ بە مۆرکی وروژان دەبێت، ئەوە ئەو سروشتە جیاکەرەوەیە کە شێوازی هایدگەر لە خستنەڕووی فیکر - وەک جۆرێک لە سەرکێشی- دەخاتە روو، شێوازی هایدگەر شێوازێکە وەک پڕشنگێک سەیری دەرەوەی پەنجەرە دەکات، بەڵام بە رێزەوە بە بەر چاوی ئامادەبووواندا تێدەپەڕێت، شێوازی هایدگەر شێوازێکە دەنگی بە بەرزترین چیینەکانی خۆی دەگات و پڕە لە وروژاندن- مرۆڤ بیری لێدەکاتەوە بۆ ئەوەی تێبگات، کە ئەو زمانەی هایدگەر گوێ دەکات و دەینوسێت مەسەلەیەکە نابێت پشتگوێی بخەین- پێویستە چۆنە ئاوا مرۆڤ وەریبگرێت، وەک چۆن هایدگەر خۆی پێشکەشی دەکات. چونکە لەو شێوازەدا دەردەکەوێت، کە فیکر لێرەیە - there – da . ئێمە لێرەدا بە زانست قەرداری هایدگەرین و سوپاسگوزاری هایدگەرین، نەک هەر هێندە چونکە کەسێکە بڕوای بە شتێکی گرنگ هەیە، شتێکی گرنگیشی هەیە پێمانیبلێت، لەبەر ئەوەی لەو سەردەمە پڕ لە کێشەیەدا زۆر بە گەرمی بەرەو ئاراستەیەکی ژمێرییاریو حیسابیمان دەکاتەوە، بۆ ئەوەی لێرەدا شتێکمان بۆ جێبهێڵێت.. شتێک لە پێناو دامەزراندنی پارادیمێکی نوێ لە بیرکردنەوە بۆ هەمووان.

سەرنجە پێشووەکانی گادامێر سەرەڕای قووڵی و بە پیتییان، کەچی هەموو ئەوەی هایدگەر دەیەوێت بیڵێت، نایانخاتەڕوو، بە تایبەتی کاتێک هایدگەر جەخت لە

نزیکایەتی نێوان شیعر و بیرکردنەوە دەکات و لەو بارەوە بۆمان روون دەکاتەوە کە: «هەموو بیرکردنەوەیەکی لێوردبوونەئامێز شیعرە و هەموو شیعرێک بۆخۆی جۆرێکە لە بیرکردنەوە»(١٠١)

هایدگەر دەریدەخات کە هەر یەک لە شیعر و بیرکردنەوە –بە هۆی گوتن، یان زمانی گوتن – سەر بە یەکن، زمان یان گوتنیش واتە ئاشکراکردن و خۆ دەرخستن. لێرەدا هەر دەبێت بە لێوردبوونەوە بگەین بۆ ئەوەی بزانین شیعر چۆن بیرکردنەوەیەکە، بەر لەوەی لەوە وردبینەوە، کە بیرکردنەوە چۆن شیعرێکە:

لێرە بۆ قەسیدەکەی ستیڤان جۆرج (وشەکان) دەگەڕێینەوەو لەگەڵ هایدگەر دەپرسین: یان هیچ شاعیرێک لێرەدا نییە «بیر» لە زمان بکاتەوە؟ یان شارەزایی زمان، کە شاعیر لە بارەیەوە دەدوێت – یان بە دەستییەوە دەناڵێنێت– وەک جۆرێک لە بیرکردنەوە لە زمان، بوونی نییە؟ ئەوە هەموو ئەو شتەیە، کە هایدگەر جەختی لێدەکاتەوە(١٠٢). بێگومان –ئێمەش لێرەدا– لە بەرانبەر بیرکردنەوەداین، بەڵام بیرکردنەوەیەکی بێ زانست و بێ فەلسەفە، واتە بە بێ بەکارهێنانی زمانی چەمکەکان و وێناکردنە ئەبستراکەکان، بەمجۆرە لێرەدا ستیڤان جۆرج لە میانی شیعرەوە بیر لە زمان دەکاتەوە، وەک ئەوەی لە کۆتاییدا لە ئەرکی شیعر بگات– کە بیرکردنەوەیە، وەک ئەوەی لە کۆتاییدا بیر لەو گوتەیەی هیلدرلین بکاتەوە: «بەڵام ئەوەی دەمێنێتەوە شاعیرەکان دایدەمەزرێنن».

101 – Heidegger, op. cit,. p. 136.

102 – Ibid., p. 61

ئایا ئەوەی شاعیران دایدەمەزرێنن، چییە؟ فیکرە یان فیکرکردنەوەیە... شاعیران بیر لە چی دەکەنەوە؟ لە بوون؟! لەسەر چ شێوەیەک (بوون) دادەمەزرێنن؟ بەڵام ئایا لێرەدا ترس لە گوتنی ئەو شتەدا نییە... ترسی ئەوەی ئێمە لە قەسیدەیەکدا (واتە لەوەی بۆ ئێمە دەگوترێت) سەیری بیرکردنەوە بکەین، لە دواییشدا ئێمە سەیری شیعرێک بکەین کە دەمانجولێنێت؟

ئەگەر دەستەواژەکەی گادامێر بۆ ئەو مەبەستە بەکار بهێنین، ئەوە هەموو ئەو پرسیارانەی بە مێشکی هایدگەردا دێت و دەچێت، لە شێوەیەک لە (دیالۆگ لەگەڵ خۆکردنی بیرکردنەوەئامێزدا) دەگات، کە ئاراستەی خۆی بکاتەوە. ریتشاردسۆن پێمان دەڵێت «لێرەدا هایدگەر گیروگرفتەکە دەبینێت و بە ئەنقەست بە کراوەیی جێیدەهێڵێت»(١٠٣).

لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە دەتوانین بە لێوردبوونەوە پەرتوبڵاوەکانی پێشووی هایدگەردا بچینەوە، بۆ ئەوەی نیازەکانی لە یەکتر جیا بکەینەوە. لێرەدا پێویستە سەرنج لە سێ مەسەلەی بنەڕەتی بدەین:

**مەسەلەی یەکەم** کە پێویستە سەرنجی بدەین ئەوەیە، کە هایدگەر کاتێک لە بارەی شیعرەوە دەدوێت وەک ئەوەی بیرکردنەوەیە، ئەوە هەموو شیعرێک ناگرێتەوە، بەڵکو قسە لە «ئاستێکی بەرزی شیعریی دەکات، کە کارە شیعرییە گەورەکانی پێجیا دەکرێتەوە، ئەو کارانەی دەنگدانەوەیان لە نێو بواری بیرکردنەوەدا بە دەست هێناوە»(١٠٤)

---

103 - Ricbardson, op. cit., p, 482.

104 - Heidegger, op. cit,. p. 69.

بەڵام چۆن دەتوانین کارە شیعرییە گەورەکان لە کارە ئاساییەکان جیا بکەینەوە؟ هایدگەر ئەو پرسیارە ناکات، بەڵام وەڵامەکەی لە نێو قسەکانیدایە. ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کە کارە شیعرییە گەورەکان ئەوانەن، کە بە بواری بیرکردنەوەوە بەندن، واتە ئەوانەن کە سەر بەو شاعیرانەن مل بۆ زمان کەچ دەکەن بۆ ئەوەی لە نێویاندا قسان بکات، تاکو شتێکمان پێ بڵێن، واتە شتێکمان لە بارەی حەقیقەتی بوون بۆ بەرجەستە بکەن، کە لەهەبووندا دەردەکەوێت.(١٠٥) بە سوود وەرگرتن لەوەوە شیعری ئاسایی لای هایدگەر- ئەگەرچی ئەوەشی بە راشکاوانە نەگوتبێت- ئەو شیعرەیە کە پەیوەندییەکی نزیکی بە بیرکردنەوە و پاشان بە بوونەوە نییە. ئەوەش حاڵەتێک لە شیعری لیریکی ئەبستراک دەخاتە مێشکمانەوە، کە شاعیر تێیدا بە هەموو هەستەکانی خۆی و حاڵەتە خودییەکانی خۆی گۆرانی تێدا دەڵێت، ئەوانەی کە هەر یەک لە هیگل و شوبنهاوەر بە نزمترین پلەی شیعری دادەنێن، چونکە قسە لە حەقیقەتێک ناکات، کە نکۆڵی لە سنورەکانی خود دەکات، هەتا شوبنهاوەر(١٠٦) دەگاتە ئەوەی بڵێت داهێنانی شیعری لیریکی پێویستی بە داهێنەری پێگەیشتوو نییە، بۆ ئەوەی بتوانێت شیعری لیریکی جوان دابهێنێت، بەڵگەشی ئەوەیە کە لەو رووەوە کۆمەڵێک شیعری

---

١٠٥- ئەوە گوتەکەی (ستیڤن مالارمێ ١٨٤٢-١٨٩٨ Stephane Mallarme)ی بیر خستمەوە، کە دەڵێت: زمان قسان دەکات نەک نوسەر، نوسین گەیشتنە بەو پنتەی کە زمان دێتەگۆ نەک من. -وەرگێڕی کوردی.

106 - Arthur Schopenhauer, The World as Will and Idea, translated by R.B. Haldane and J. Kemp.(London: Kegan Psul. 1983), vol. I., pp. 221 f.

دەگمەن هەن کەسانێکی نادیار دایاناون، کەسانێک کە هیچ ناوبانگیان نەبووە، بۆ نموونەش: هەموو ئەو سروودە نیشتمانیانـە و هەمـوو ئـەو گۆرانییـە ئەڤینیانەی کـە لـە ژمار نـایـەن.

**مەسەلەی دووەم** کە پێویستە سەرنجی بدەین ئەوەیە، کە هایدگەر کاتێک لە بارەی شیعرەوە دەدوێت، ئەوە ئەو بە مانا مۆدێرن و وردەکەیەوە لە چوارچێوەی ئیستێتیکاوە قسە ناکات، واتە ئەو قسە لە جوانییەکانی شیعر ناکات، واتە بەو شێوەیە قسە لە شیعر ناکات، کە شێوەیەکی ئەدەبی زمانەوانییە و چ لە شێواز و چ لە فۆرمدا تایبەتمەندی ئیستێتیکی جیاوازی خۆی هەیە،(١٠٧) کە لە تەواوی هونەرەکانی دیکە جیا دەبێتەوە. چونکە وەک مامۆستا (کالڤن چیراج Calvin Schrag) دەڵێت: « لە کاتی نوسینی قەسیدەدا هیچ خواوەندێک، یان توانایەکی ئیستێتیکی تایبەت نییە، سرووشمان پێببەخشێت. بەڵکو ئەوە بیرکردنەوەی بنەڕەتییە، کە کردەی نوسین لە کاتی وروژاندنی پرسیار لە بارەی بوون و جێکەوتەی بوون بەجێدەهێنێت.(١٠٨) لەسەر ئەو بنەمایە دەتوانین بڵێین هایدگەر لە چوارچێوەیەکی ئۆنتۆلۆژییەوە قسە لە شیعر دەکات، یان دەتوانین بڵێین

---

١٠٧- وشەی (form)مم لە بری وشەی (شکل)ی زمانی عەرەبی بەکارهێناوە، کە لە زمانی کوردی وشەی (شێوە، روخسار)ی بۆ بەکار دەهێنن... - وەرگێڕی کوردی.

108 - Calvin O. Schrag, The Transvaluation of Aesthetics and the Work of Art, in Thninking ahout Bcing: Aspccts of Hcideggers Thouht, edited by Robert W, Shahan and J.N. Mohanty (N0rrnan: University of Oklahoma Press, 1984), p. 119.

ئەو قسە لە «ئۆنتۆلۆژیای شیعر» دەکات. بێگومان کاتێک هایدگەر لە زۆربەی کارەکانی ئەو دواییەیدا لە بارەی شیعرەوە دەدوێت فێرمان دەکات قاچمان بە زەوییەوە بێت «لەسەر زەوی نیشتەجێ بین» ئەوەش بەو مانایە دێت، مرۆڤ فێر بێت چۆن لە زەوی نزیک دەبێتەوە، چۆن لە سروشت و لە لۆگۆس (Logos) یان وشە نزیک دەبێتەوە، واتە چۆن لە حەقیقەتی شتەکان و هەبووەکان و پاشان لە خودی بوون کە لەو هەبووانەوە دەردەکەوێت، نزیک دەبێتەوە. بوونی ئەو هەبووانەش لە میانی وشەی شیعرییەوە بەجێدەهێنرێت، واتە لە وشەیەکەوە کە لە میانی جۆرێک لە بیرکردنەوەی شیعری – poetic thinking– کەشف دەکرێت، کەواتە دەکرێ مرۆڤ تەنها بە رێگای شیعرییەوە لە زەوی نیشتەجێ بێت، ئەوەش ئەو گوزارشتەیە کە لە دوا دێرە قەسیدەیەکی هیلدرلین رەنگیداوەتەوە.

**مەسەلەی سێیەم** کە پێویستە سەرنجی بدەین ئەوەیە، کە تێگەیشتن لە «بیرکردنەوەی شیعریی– poetic thinking» یان وەک هایدگەر ناوی دەنێت سروشتی بیرکردنەوەی شیعریی، یان بیرکردنەوەیەکی شیعرییانە، ئەوەیە کە مانای نزیک nearness و ئینجا دراوسێیانە neighbourhood لە نێوان شیعر و بیرکردنەوە دابمەزرێنێت، بەڵام ئەوە دراوسێ بوون نییە کە هۆی نزیکییە، بەڵکو ئەوە نزیکییە کە هۆی دراوسێییە. کەواتە ئایا ئەوە چییە وا دەکات شیعرو بیرکردنەوە نزیک یەک بن؟ ئەوە بوون خۆیەتی. پاشان بیرکردنەوە لە بوون ئەرکێکە دەشێ هەموو شاعیران و بیریاران پێی هەڵبستن و پەیوەندی دراوسێیانەی لەگەڵ

دابنێنن. نەک هەر هێندە بەڵکو شاعیرەکان دەتوانن یارمەتی بیریاران بدەن، کاتێک نەیانتوانی هەست بە سەرچاوەکانی بوون بکەن. لێرەدا ڕەنگە مرۆڤ لە خودی هایدگەر بپرسێت: ئایا بەو کارە ئەرکی شیعر فەرامۆش ناکەین؟ ئایا ئەو وێناکردنە ترسێک لەسەر چێژی ئێمە لە زمانی شیعریی‌و سیحری قەسیدە دروست ناکات؟ بەڵام لە ڕاستیدا هایدگەر لێرەدا ئەو «ترسە» تەواو بە پێچەوانەی ئەوەوە لێکدەداتەوە. ڕاستە کە لێرەدا شیعر» دەوری شاعیر دەگرێت،و لە توانایدایە بە زمان سەرسامی بکات و یاری پێبکات- پاشان دووچاری بەدحاڵیبوونی بکات- بە شێوەیەک کە لە ئەرکی بنەڕەتی خۆی کە فیکر و سەرقاڵبوونە بە بوون و بایەخدانە بە حەقیقەت دووری بخاتەوە. سەرەڕای بێ بەری بوونی ئەرکی شاعیر، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ترسەی لەخۆدا هەڵگرتووە، بۆیە لێرەوە دەبێ تێبگەین-وەک چۆن جلین گرای Clenn Gray پێیوایە(١٠٩) - ئەوە هەڵوێستی ئەویندارانەی ئەفلاتوون بوو بۆ شیعر- واتە بە هۆی پەیوەستبوونی زۆرییەوە بە شیعر- ئەفلاتوون دەیەوێت خودی خۆی لە دژی سیحری شیعر بە هێز بکات... سیحری زمان کە دەشێ لە حەقیقەت دوورمان بخاتەوە، لێرەوە وێنەگرتنی ئەفلاتوون بۆ ئەو جەنگە دێرینە خەیاڵکراوەی نێوان فەلسەفە و شیعر، بە دڵنیاییەوە وێنەگرتنی جەنگێکە کە ئەفلاتوون بە نێویدا خولدەخوات، چونکە سەرەڕای

109 - J. Clenn Gray, «Poetis and Thinker; Their Kinderd Roks in the Philosphy of Martin Heidegger, in Phenomenology and Hxistentislism, edited by Edwrd lee and Maurice Mandejbsum (John Hopkios Press 1967), pp. 108-109.

خۆشەویستی ئەو بۆ شیعر و شاعیران، بەڵام پێیوایە ئەوان ناتوانن حەقیقەت جیا بکەنەوە یان راستی و هەڵە لە یەکتر جیا بکەنەوە. بەمجۆرە هەڵوێستی ئەفلاتوونی لەگەڵ ئەو پەندە یۆنانییە یەکدەگرێتەوە کە ئەرستۆ لە کتێبی «میتافیزیکا» بیرمان دەخاتەوە و دەڵێت: «شاعیرەکان درۆی زۆرمان بۆ دەکەن» Bards tells many a Lie.

ئەوەی ئاشکرایە، ئەوەیە کە جیاوازی نێوان هایدگەر و ئەفلاتوون، لە تێگەیشتنی هەر یەکەیان بۆ مانای حەقیقەتو بوون خۆی حەشار داوە (پێش ئەوەش لە خودی زماندایە). حەقیقەت لای هایدگەر مەسەلەیەکی سەربەخۆیەو ناکەوێنە میانی راستی و هەڵە یان راستی و درۆوە: حەقیقەت- وەک پێشتر لای هایدگەر روونمانکردەوە - لەسەر پەردەپۆشکردن و پەردەپۆشنەکردنی بەیەکەوە رادەبێتەوە، واتە لەسەر ئەو بوونەی کە کەشف دەکرێت و لە هەمان کاتتدا لە هەبوونەکاندا پەردەپۆش دەکرێت. ئەو مۆرکە جیاکارەی حەقیقەتیش بە شێوەیەکی زۆر باش لە زمانی شیعردا روو دەدات، وەک گادامێر لە لێکۆڵینەوەکەی «بەشداربوونی شیعر لە بەدواداگەڕانی حەقیقەت»دا(١١٠) بۆمانی روون دەکاتەوە.

لە راستیدا ئەو نیزیکایەتییەی لە نێوان ئەرکی شیعر و ئەرکی بیرکردنەوەدایە. وامان لێدەکات بۆ خودی چەمکی فەلسەفە بگەڕێینەوە: لەبەر ئەوەی شیعر جۆرێکە لە بیرکردنەوە، بۆیە فەلسەفەی راستی جۆرێکە لە بیرکردنەوەی شیعریی کە لە میانی زمان و پرسی بوون و بایەخدان بە حەقیقەت

١١٠- بڕوانە گادامێر، تەجەلی ئەلجەمیل، ل ٢٢٤ و دواتر.

بەرهەم دێت. ئەوەش ئەسڵی دروستبوونی فەلسەفەیە لای فەیلەسوفانی پێش سوکرات، بەسەر سوکراتدا، ئەو کاتە فەلسەفە وەک فیکر بەجێدەهێنرا، بەڵام فەلسەفە بە شێوەیەکی دروست بۆ بەجێهێنانی فیکر نەگەڕایەوە، بەڵکو هەر لە سەرچاوە ئەسڵییەکەیەوە لێی جیابۆوە. فەلسەفە لە ئەسڵدا وەک فەیلەسوفانی پێش سوکرات، بەسەر سوکراتدا بەجێیانهێناوە، لەوانەش: پامێندس و هراکلیتس و کانت، بایەخی بە بیرکردنەوە داوە، یان ئەرکی بیرکردنەوە بووە: ئەوانیش ئەرکی بیرکردنەوەیان بەجێهێناوە و ئێمەیان فێری ئەوە کردووە، بەر لەوەی فەلسەفە بەسەر خۆیدا دابەش بێت بۆ میتافیزیکا و ئەخلاق –ئاکار– و ئەوانیدیکە،(١١١) بەر لەوەی بیریاران ببنە فەیلەسووف، واتە ببنە ئەو کەسانەی دەزانن بە شێوەیەکی پیشەیی بیر بکەنەوە. بێگومان ئەرکی فەیلەسووف وەک – جلین گرای – (١١٢) روونی دەکاتەوە،

---

١١١– وشەی ئەخلاق واتە رەوشت، ئاکار، لە وشەی خلق یان خلق واتە خوو: چاک یان خراپ هاتووە، ئەخلاق بە مانای (ethical) یان (ethic) واتە رەوشت و ئاکار دێت، لە فەرهەنگی فەلسەفەدا بە (Morality) دێت، واتە رەوشتی یان ئەخلاقی، واتە هەموو ئەوانەی پەیوەندییان بە رەوشتەوە هەیە وەکو ویژدان و ئاکار، یان بڕیاری رەوشتی، بەرانبەر نارەوشتی، یان نائەخلاقی... دکتۆر محەمەد کەمال بەهای **ئاکار** و بەهای **رەوشت** لە یەکجیا دەکاتەوە و پێیوایە رەوشت ئەو بەهایەیە کە لە دەرەوەدا دەزگایەک بەسەر تاکدا دەیسەپێنێت، بۆ نمونە بەهای ئایینی یان بەهای خێزانی... واتە تاک خۆی هەڵینەبژاردووە، بەڵام ئاکار لە ئاکامی هەڵبژاردنی سەربەستانەوە پەیدا دەبێت، پەیوەندی بە هەڵبژاردنی تاکە کەسەوە هەیە. بڕوانە: نیشتمانی فەلسەفە، گەشتێک لەگەڵ دکتۆر محەمەد کەمال، ئا: هەرێم عوسمان، چاپخانەی تاران، چ ١، ٢٠١٤، ل ٣٢–٣٣.... – وەرگێڕی کوردی.

112 – Glenn Gray, op cit., pp. 97-98.

فەزڵو زەرورەتی خۆی لای هایدگەر هەیە، بەڵام لێرەدا هیچ زەمانەتێک نییە، کە ئەوانەی فەلسەفە ناسن، بە راستی بزانن بیرکردنەوە چییە: چونکە پێش سوکرات، ئەوان فەلسەفە ناس نەبوون، بەڵام بیرکردنەوەیان بەجێدەهێنا.

ئەو جیابوونەوەیەی بەسەر فەلسەفە هاتووە، ئەو حاڵەتەی کە لەنێوان خۆی و لەنێوان سەرچاوە ئەسڵییەکەیەوە روویداوە وای کردووە میراتێکی دوورودرێژ لە وێناکردنی فەلسەفی زاڵ بێت - وەک ئەوەی کە مۆدێکی مەعریفییەو لە ژێر رۆشنایی میتۆددا هەوڵی کەشفکردن و هەوڵی دنیاناسی و سروشتناسی دەدات- بەڵام لەگەڵ سەدەی نوێ زانستە سروشتییەکان بوونە ئەو پارادیمەی، کە باڵی بەسەر فەلسەفەدا کێشا، و بوونە پێوانەیەک کە بە پێی ئەو بتوانین حوکم بەسەر بەهای هێزی فەلسەفیدا بدەین، هەروەها رۆڵی هونەر و ئەدەب بە تایبەتی شیعر بەو پێیەی کە کۆمەڵێک بواری ئەبستراکی مەعریفەن گەڕایەوە دواوە. بۆیە جیلین گرای(١١٣) وای دەبینێت کە فەلسەفەی بوونگەرایی و فەلسەفەی هایدگەر بە شێوەیەکی تایبەتی کاریان لەسەر گۆڕینی ئەو تەقلیدە ئەنگلۆساکسۆنییە باوەی ئەوروپا و ئەمریکا کردووە، هەڵبەتە جگە لە ئەڵمانیا کە لێهاتوویی فەیلەسوفانی ئەوانەی بە فەلسەفەی ژیانەوە پەیوەستن، وەک شوبنهاوەر و نیتشە و هردر ولسنگ تا دەگەینە ئەوەی ئێرە و ئەو نزیکایەتیەی نێوان فەلسەفە و شیعر.

بێگومان لێرەدا هایدگەر بە شێوەیەکی تایبەتی قەرداری

113 - Ibid., p. 93 f.

نیتشەیە، بەڵام بە گشتی نیتشە هەر تەنها فەیلەسوفی ژیانێکی درەوشاوە و نزیک لە فەلسەفەی سەر بە شیعر و هونەر نەبوو، بەڵکو خودی فەلسەفەکەی گوزارشتی لە جۆرێک لە بیرکردنەوەی شیعریی دەکرد. هەروەها دەشێ فەلسەفەی (گاستۆن باشلار Gaston Bachlard)(١١٤) وەک وێنەیەکی دیکەی مۆدێرنی بیرکردنەوەی فەلسەفی دابنێین، کە مەبەستی بیرکردنەوەکەی بە شێوەیەکی ئاگامەندییانە بەرهەمهێنانی فەلسەفە بە مانا ئەکادیمییەکەی نییە، بەڵکو بیرکردنەوەیەکی شیعرییە. بێگومان فەلسەفەی هایدگەریش هەمان شتە- بە تایبەتی فەلسەفەکەی لە بارەی بوون و زەمان- نموونەیەکی باشی ئەو جۆرەیە لە فەلسەفاندن یان لە بیرکردنەوە.

بەڵام ئەوەش بەو مانایە نایەت کە ئێمە بمانەوێت هەر یەک لە فەلسەفە و شیعر وەک یەک شت کۆتایی پێبهێنین، خودی هایدگەر جەخت لەوە دەکاتەوە کە بۆشاییەک لە فەلسەفە و شیعردا هەیە، چونکە لەسەر دوو چیای لە یەکتری جیاوە نیشتەجێن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندییەکی - خزمایەتی- شاراوەیان لە نێواندا هەیە، ئەویش ئەوەیە کە هەردووکیان لە خزمەت زماندان(١١٥) بەڵام چۆن ئەوە وەک دوایین شت تێبگەین؟

فەلسەفە شیعر نییە، بەڵام جۆرێکە لە بیرکردنەوەی شیعریی، واتە بیرکردنەوەیەکە لە زماندا بەجێدەهێنرێت،

---

١١٤- گاستۆن باشلار ١٨٨٤-١٩٦٢ - وەرگێڕی کوردی.

١١٥- هایدگەر، فەلسەفە چییە؟ میتافیزیکا چییە؟ هیلدرلین و ماهیەتی شیعر، لاپەڕەکان ٧٢-٧٣.

یان بیرکردنەوەیەکە جەوهەرەکەی لە کەشفکردن و دەرخستنی بوون و هەبووندا جێبەجێ دەبێت. بەڵام فەلسەفە بەو مانایە جۆرێک نییە لە بیرکردنەوەی عەقڵانی، چونکە دەتوانین لەگەڵ هایدگەر لە وتاری «فەلسەفە چییە؟» بپرسین: «عەقڵ چییە؟ لە کوێیە، کێ بڕیار لەسەر ماهیەتی یان چییەتی عەقڵ دەدات؟ ئایا خودی عەقڵ حوکم بەسەر فەلسەفەدا دەسەپێنێت... لەگەڵ ئەوەدا ئێمە چونکە تایبەتمەندی فەلسەفە وەک شتێکی مەعقول- جێی گومان، دادەنێین... بۆیە دەکەوینە نێو هەمان ئەو کایە گوماناوییەی، کە دەبێ فەلسەفە سەر بە «نامەعقول» بێت، بەڵام ئەگەر کەسێک بیەوێت فەلسەفە وەک شتێکی نامەعقول وەربگرێت، ئەوە دەبێت بۆ دیاریکردنی ئەو نامەعقولییە پێوانەیەکی لە مەعقول هەبێت، نەک هەر هێندە بەڵکو پێویستە بە شێوەیەک لە شێوەکان بگەڕێتەوە و لە نوێوە وەک پێشوو خۆی تەسلیمی ماهیەتی عەقڵ بکات، وەک ئەوەی شتێک بێ خۆی خۆی ئاشکرا بکات»(١١٦).

کەواتە ئێمە بۆ ئەوەی بە راستی لە هایدگەر بگەین پێویستە تەجاوزی چەمکی عەقڵ و ناعەقڵ یان بە عەقڵبوون و بە ناعەقڵبوون بەیەکەوە بکەین... پێویستە تەجاوزیان بکەین بۆ ئەوەی تێگەیشتنەکەمان لە تێگەیشتنێکی نزیک و دۆستانە بێت، واتە تێگەیشتنێک بێت نزیک لە شتەکان یان هەبووەکان بۆ ئەوەی بانگی حەقیقەت و بوون ببیسێت، کە لە میانی زمانەوە لە هەبووەکانەوە بەرز دەبێتەوە.

بەمجۆرە خۆمان دەبینین بۆ هەمان سەرەتا گەڕاوینەتەوە

---

١١٦- هـ . س. پ. ل٥٣.

کە لێیەوە دەستمان پێکردووە: چونکە تێگەیشتنی حەقیقەتی زمان و شیعر لای هایدگەر لە تێگەیشتنمان بۆ حەقیقەتی فەلسەفە یان بیرکردنەوە جیا نابێتەوە. لە هەموو ئەوانەشدا هایدگەر بۆ فۆرمەلەکردنی خودی چەمکی گوتاری فەلسەفی دەگەڕێتەوە. کەواتە لە راستیدا ئێمە پێویستە مامەڵە لەگەڵ تێزەکان یان پرسیارەکانی هایدگەر بکەین، ئەو تێز و پرسیارانەی لە نێو ئەو توێژینەوەیەدان، ئەوانەی دەیانەوێت بە شێوەیەکی دیکەی جیاواز و ئازادانە و دوور لە لاساییکردنەوە و دوور لەو ڕێگرییانەی کە پێشتر هەبوون، بیربکەینەوە... ئەوانەی کە دەیانەوێت دووبارە چاو بەو تێگەیشتنە تەقلیدییەدا بخشێنینەوە، کە بۆ زمان‌و شیعر و بیرکردنەوە هەبوون: زمان نەک وەک ئامرازو بابەت، بەڵکو زمان وەک ئەوەی کە شیعر و فیکر گۆ دەکات. شیعریش نەک وەک ئەوەی پێکهاتەیەکی زمانەوانی یان وێنەیەکی ئیستێتیکییە و زمان بەکار دەهێنێت، بەڵکو شیعرێک کە جەوهەری زمانی تێدا بەجێدەهێنرێت وەک ئەوەی گوتنە، واتە کەشف و دەرخستن. فیکرێک نا کە لۆژیکخوازی دەکات، بەڵکو فیکرێک کە خۆی لە خودی زماندا حەشار داوە و ممارەسەی بیرکردنەوەی شیعریی دەکات. هایدگەر لەو بانگەشەیەیدا هیچ لۆژیکێکی تایبەتیمان بەسەردا ناسەپێنێت ، بەڵکو بەرەو ڕێگایەک ئاراستەمان دەکات و لەوێ وازمان لێدەهێنێت.

# (٢)

## بنەماکان و ئاسۆی هیرمینۆتیکای فەلسەفی
## لای گادامێر

## سەرەتایەك لە سەرچاوەكانی فیكری گادامێر و بەرەوپێشچوونەكانی

گادامێر قوتابی (پۆل ناتورب Paul Natorb) بوو و پاشان مارتن هایدگەر (Martin Heidegge) و رۆدلف بۆلتمان (Rudlof Bultmann). لە ساڵی ١٩٢٢ تێزی نامەی دکتۆراکەی بە ناونیشانی « دیالۆگ- شیعر لای ئەفلاتوون- Dislgue Poetry of Plsto» بە سەرپەرشتی پۆل ناتورب ئامادە کرد، دواتر لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی بە سەرپەرشتی «پۆل فریدلیندر Paul Fridlander» نوسی. گادامێر لە پۆل فریدلیندر فێری دووبارە خوێندنەوەی ئەفلاتوون و چاوخشانەوە بە سێنتەری بایەخدانی فەلسەفەکەی ئەفلاتوون بوو، کە خۆی لە وشەکان و ئەفسانەکانیدا حەشار داوە، لەسەر ئەو بنەمایەی کە زمان لای ئەو هەر تەنها «ئامراز»ی گوزارشتکردن لە فیکر نییە، بەڵکو بۆخۆی دنیایەکی تەواوە و فیکر ناتوانێت لێی جیا بێتەوە. بۆیە وەرگێڕی ئەو (بایۆگرافییە- سیرە زاتییە)ی گادامێر لە بارەی «ساڵانی قوتابی بوون» نوسیویەتی، جەخت لەوە دەکاتەوە کە تۆخترین خاڵی هاوبەش لەو نوسینانەی کە گادامێر لە ساڵانی بیستەکان و سییەکان بڵاوی کردوونەتەوە، هەوڵی خۆ نزیک کردنەوەیە لە فیۆلۆجی و شیعر، وەک مەسەلەیەکی

فەلسەفی، نەک فەلسەفە نواندن وەک تێرم. ئەوە و سەرەڕای ئەوەی رووخساری هیرمینۆتیکای گادامێر لە کتێبە گەورەکەی کە ناونیشانی «حەقیقەت و میتۆد Wahrheit und Methode Truth and Method»ی هەڵگرتووە و ساڵی ١٩٦٠ دەرچووە، بە دیاریکراوی دەردەکەوێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین بڵێین ئەوە نۆبەرەی فیکری گادامێرە – لە بیستەکانی ئەو سەردەمە– کە شان بە شانی ئامراز و باگکراوەندە فیکرییەکانی توانیویەتی ئاراستە بنەڕەتییەکانی فەلسەفە هیرمینۆتیکیەکەی خۆی لەسەر بونیاد بنێت، کە لە لێکۆڵینەوەکانی لە بارەی زمان و پابەندبوونی مەعریفیانەی بە کلتور و کەلەپور و فەلسەفە و هونەر و ئەفسانە یۆنانییەکاندا دەبینێتەوە، هەمیشە ئەوانەش بە شێوەیەک لە شێوەکان لە هەوڵە جیدییەکانیدا دیارە و دەبینین کە چۆن چەمک و زاراوەکانی نێو کلتوری خۆرئاوایی بۆ بنچینە یۆنانییەکەی و سەرچاوە سەرەتاییەکانی دەگێڕێتەوە، ئەوەش بۆ خۆی ئاراستەیەکە لە بیرکردنەوە، ئەو ئاراستە لە بیرکردنەوەش بە شێوەیەکی زۆر بە هێز لای هایدگەر بەر چاو دەکەوێت.

بێگومان لێرەدا کۆمەڵێک سەرچاوەی جۆراوجۆری دیکە هەن، کە کارگەرییان بەسەر فیکری گادامێر و شێوازی فەلسەفەنواندنیدا هەیە... لەوانەش ئەو مەسەلانەی کە هیگل لە بارەی حەقیقەت و رۆڵی مێژوو لە هونەر... دەکەوێتە ژێر کاریگەرییانەوە، گادامێر دێ بە شێوەیەکی بەرفرەوان چاوی پێدادەخشێنێتەوە – ئەگەرچی بە تەواوی تێزەکانی هیگل لەو بارەوە تێدەپەڕێنێت – بەڵام هەر یەک لە « شلیرماخەر

1768– Shleiermacher 1834» و «دیلتا 1833–1911 Dilthey»ی کاریگەری روونیان بەسەر هیرمینۆتیکای گادامێرەوە هەیە و زۆر سوودی لە چەمکە بنەڕەتییەکانی ئەوان وەرگرتووە، ئەگەرچی بە هەمان شێوە، ئەوانیشی تەجاوز کردووە.

گرنگترین ئەو سەرچاوانەی کە بە شێوەیەکی قووڵ کاری لە فەلسەفەی گادامێر کردبێت، بۆ شەپۆلی فینۆمینۆلۆجیای هۆسرل و ئەوانەی دوای هۆسرل کەوتوون، دەگەڕێتەوە، هەتا لەگەڵ هەندێک لەوانە بۆ نموونە « نیکۆلای هارتمان Nicolai Hartmann» پەیوەندییەکی بە پیت دروست دەکات. بەڵام ئەوەی جێگای گومان نییە ئەوەیە، کە هایدگەر گەورەترین کاریگەری بەسەر گادامێرەوە هەبووە، بە ئەندازەیەک کە دەشێ بڵێین فەلسەفەکەی مۆرکی فینۆمینۆلۆجیای هایدگەری هەڵگرتووە، نەک هەر هێندە بەڵکو گادامێر خۆی سەر بە هایدگەر پەسن دەکات، بە دڵنیاییەوە ئەو وەسفکردنەشی بەشێکی زۆری لە راستی تێدایە، بەو مانایەش لە سەرەتایی بیستەکاندا عەقڵی گادامێر بە قووڵی خۆی لە دووتوێی لێکچەرەکانی هایدگەر لە «ماربۆرگ Marburg» دروست دەکات، هەر لەو کاتیشەوە سەرسام بە هایدگەر، دەمێنێتەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو وەسفکردنە یەک لایەنەیە چونکە هەندێک لە توێژەران (Ibid. pp. ix–ix) پێیانوایە هیرمینۆتیکای فەلسەفی لای گادامێر هەر تەنها هەڵقوڵاوی فیکری هایدگەر نییە، یان هەر تەنها فەلسەفە نییە، چونکە پرنسیبەکانی وەک چۆن

بۆ فەلسەفە دەگەڕێتەوە،(١١٧) بۆ فیلۆلۆجیاش دەگەڕێتەوە، وەک چۆن بە خۆشەویستی مەعریفەوە ئاراستە کراوە، بە خۆشەویستی زمانیشەوە ئاراستە کراوە، لێرەدا دەشێ بڵێین لە بنەڕەتدا بەشداریکردنی هایدگەر لە بیرکردنەوەی گادامێردا مۆرکێکی سلبی(١١٨) لەخۆدا هەڵگرتووە، بەو مانایەی کە «ئەوە بەشداریکردنی هایدگەرە یارمەتی گادامێری لاو دەدات، کە لە تەقلیدی فەلسەفی خۆرئاوایی باو دوور بکەوێتەوە» (Ibid. pp. x).

ئەگەرچی من دان بەوەدا دەنێم کە فیکری گادامێر هەر تەنها دووبارەکردنەوەی فیکری هایدگەر و لێکدانەوەی ئەو فیکرە نییە، بەڵکو فیکرێکە رەسەنایەتی تایبەت بە خۆی هەیە و سروشتێکی جیاوازی خۆی هەیە، -بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا- ئێمە دەتوانین کۆمەڵێک خاڵی جەوهەری لە فیکری گادامێر بدۆزینەوە، کە جەخت لە پرنسیبە هایدگەرییەکە دەکاتەوە:

لەو مەسەلە تەوەرەییانەی کە فیکری گادامێر پشت بە فیکری هایدگەر دەبەستێت: تەجاوزکردنی دوالیزمی تەقلیدییانەی خود و بابەتە لە تیۆری مەعریفەدا: گادامێر ئەو بیرکردنەوەیەی لە هایدگەر و هەندێک لە فینۆمینۆلۆجییەکانی دیکە وەرگرتووە- هۆسرل و تا دەگاتە «بوونی مرۆڤایەتی لە دنیادا» بەو مانایەی کە تایبەتمەندییەکی جیاکارانەی

١١٧- وشەی پرنسیب (principles) لە بەرانبەر وشەی (مبادئ : قواعد) عەرەبی بەکارهێنراوە، وەک چۆن دەشێ وشەی (بنەما)ش بۆ هەمان مەبەست بەکار بهێنرێت... - وەرگێڕی کوردی.

١١٨- سلبی یان نێگەتیف: چونکە هەموو لادانێک لە سێنترالیزمی خۆرئاوایی و سونەتگەرایی خۆرئاوایی بە مانای لادان لە فیکرو بیرکردنەوە بووە... - وەرگێڕی کوردی.

شێوازی بوونی مرۆڤە، وەک بوونێک کە دەچێتە نێو دنیاوە و لەو ئاگامەندییەش جیا نابێتەوە، کە لە بارەی ئەو شتانەوە هەیەتی کە لە دنیای خۆیدا بوونیان هەیە.

وەک چۆن گادامێر لە هایدگەرەوە فێر بوو، خۆی لە شێوازی تەقلیدییانەی بیرکردنەوەی خۆرئاوایی رزگار بکات، ئەو بیرکردنەوەیەی کە میتافیزیکای زاڵ کردبوو، بۆیە گادامێر پێیوایە کاتێک هایدگەر دەگاتە ئەوەی بڵێت «هیگل تەواوی میتافیزیکای خۆرئاوایی لەخۆ گرتووە» ئەو تەنها ئاماژە بە واقیعێکی مێژوویی نادات، بەڵکو لە هەمان کاتتدا قسە لە ئەرکێک دەکات، کە کەوتۆتە سەر شانمان ئەویش «تەجاوزکردنی میتافیزیکایە»، نەک بە مانای دەرچوون لە میتافیزیکا و پشتگوێخستن و خۆلێلادانی، بەڵکو بە مانای تەجاوزکردنی قەیرانەکانی و ئەو هەڵوێستانەی دێت، کە لەگەڵ هیگل کۆتایی پێهاتووە، بەمجۆرە لەوێوە دەست پێدەکەین وەک ئەوەی لەگەڵی بمێنینەوە تا ئەو کاتەی تەجاوزی دەکەین، ئەوە ئەو شتەیە کە دەبێت بە نسبەت هیگل بیکەین، دەبێ بە شێوەیەکی تایبەت لەگەڵ هیگل بمێنینەوە (Gadamer, 1976, pp.100-101). لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ سەرنج لەوە بدەین، کە تەجاوزکردنی فیکری خۆرئاوایی بە نسبەت گادامێر هەر تەنها تەجاوزکردنی میتافیزیکای خۆرئاوایی نییە و بەس، بەڵکو بە هەمان شێوەی تەجاوزکردنی ئاگامەندیی مێژوویی و ئاگامەندیی ئیستێتیکییە، وەک لای هایدگەر دەبینرێت، چونکە هەر لە دروستبوونی زانستی جوانی لە سەدەی مۆدێرن و لەسەر دەستی (ئەلیسکەندەر باومگارتن A.Baungarten)ەوە و

هەتا ئەو دواییەش وێناکردنی تەقلیدییانەی ئەو زانستە باڵی بەسەر فیکری خۆرئاوادا گرتبوو.

ئەگەر هایدگەر یەکێک بێت لەوانەی کە گادامێر سەرەتا فیۆلۆجیاکانی فەلسەفەی لێوە فێر بووبێت و بە تایبەتی لە رێگای ئەو چەمکە فەلسەفیانەی کە بۆ بنچینە یۆنانییە بە پیتەکە دەگەڕێتەوە، وەک کەمێک لەمەوپێش باسمان کرد، ئەوە گادامێر رەنگە لەوەش زێتر لە هایدگەر فێر بووبێت، لەوانەش خۆشەویستی بۆ فەلسەفە و کەشفکردنی مەزنی خودی فەلسەفەی یۆنانییە... هەڵبەتە نوسینەکانی گادامێر پرن لەو وانانەی کە لە هایدگەرەوە فێری بووە، رەنگە ئەوە بەس بێت کە گادامێر لە یادەوەرییەکانی لە بارەی ساڵانی قوتابی بوونی بۆمان دەگێڕێتەوە و دەڵێت هایدگەر لە پایزی ساڵی ١٩٢٣ بە بۆنەی چوونی وەک مامۆستایەکی گەنج بۆ ماربۆرگ کۆمەڵێک لە هاوڕێ و قوتابیانی بۆ ئاهەنگێک لەماڵەکەی خۆی لە دارستانی رەش لە فرایبۆرگ بانگهێشت کرد «ئاگرێکی گەورەی لە ئاگردانەکە کردبۆوە» هایدگەر دەستی بە قسان کردوو و قسەکانی کە زۆر کاریگەری بەسەرمانەوە هەبوو گوتی: «ئاگاتان لە ئاگری شەو بێت: پاشان کەمێک خۆی سوڕاند و گوتی:«یۆنان» (Gadamer, 1985, pp. 47-48).(١١٩)

سەرەڕای ئەوەی سەرچاوەیەکی زۆر و بە پلەیەکی جۆراوجۆر- بەشداری و کاریگەرییان بەسەر فەلسەفەی گادامێرەوە هەبووە، کە بە هیرمینۆتیکای فەلسەفی (یان

---

١١٩- مەبەست ئەوەیە کە ئاگاداری سەرچاوەی فەلسەفە بن کە لە یۆنانەوە بڵێسەکەی دەبینین... وەرگێڕی کوردی.

به تەئویلی فەلسەفی (Philosophical Hermeneutics) ناسراوە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین لێرەدا لە گوتەیەکدا کورتیان بکەینەوە، کە ئەوە هیرمینۆتیکای گادامێرییە هەر بەو خەسڵەتە جیاواز و تایبەتمەندەی خۆیەوە دەمێنێتەوە: چونکە نە وەک رێبازێکی فەلسەفی دروست بووە و نە وەک تیۆرێکی فەلسەفی خۆی لە هیچ بوارێکی فەلسەفاندندا دەنوێنێ، بەڵکو وەک شێوازێک لە بیرکردنەوەی ئازاد دروست بووە و دەکەوێتە دەرەوەی رێبازەکانەوە و بە دژی مەیلەکانی فێرخوازی و یەقینە دۆگماییەکان بانگەشەی بوونی حەقیقەتی بابەتی دەکات، حەقیقەتێک کە «بە نسبەت ئێمە truth for us» هەمیشە وەک حەقیقەتی مرۆیی دەمێنێتەوە، نەک وەک «حەقیقەتێک کە لە خودی خۆیدایەtruth- as- such». رەنگە ئەو مۆرکە ئازادە یەکێک بێت لە جیاکارییەکانی فیکری گادامێر لە بەرانبەر حەقیقەت بەو مانایەی کە سەر بە ناوەڕۆکی هیچ یەکێک لە رێبازە فەلسەفییەکان نییە، ئەوە گادامێرە لە نێو زۆربەی رێباز و شەپۆلە فەلسەفییە هاوچەرخەکاندا زەمانەتی ئەو بیرکردنەوەیە دەکات. لێرەوە هەندێ لە توێژەران بۆ ئەوە دەچن بڵێن کە «ئەو هیرمینۆتیکایەی لە بیستەکان لە ماربۆرگ دەستی پێکرد- وەک تیۆرێکی رەخنەیی پەیوەندی بە نزیکایەتی و بە نێویەکداچوونەوە هەیە- دەرمانە، نەک فەلسەفە، دژ بە دۆگماخوازی فەلسەفییە، جۆرێکە لە دیالکتیکی سلبی و لە پلەی یەکەمدا ئامانجی تواندنەوەی هەڵوێستە سەختەکانو ئەو هەڵوێستانەیە کە زوو بە

زوو دەیانبەستێت، لە بەرانبەر ئەوەشدا تیۆری رەخنەیی لای بیریارە یەکەمەکانو هاوچەرخەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرت نەیانتوانی بوو بە تەواوی خۆیان لە عەیبە دۆگماییەکان رزگار بکەن» (Ibid., p. xvii).

گادامێر توانی سنورەکانی هیرمینۆتیکای فەلسەفی (یان تەئویلی فەلسەفی) بۆ چارەسەری دیاردەی هونەر و ئەخلاقو سیاسەت و مێژوو درێژ بکاتەوە، پێویستە چەمکی دەست بۆ بردنی ئەو دیاردانەش لەسەر تێگەیشتنی رووخساری ئەو هیرمینۆتیکا فەلسەفییە و چۆنیەتی بەرەوپێشچوون و گەلالەکردنییەوە بونیاد بنرێت.

## بنەماکانی هیرمینۆتیکای فەلسەفی

### ١- هیرمینۆتیکا وەک ئاراستەیەک لە راڤەکردن:

بێگومان ئێستا هیرمینۆتیکا وەک یەکێک لە شەپۆلە بنەڕەتی و باوەکانی فەلسەفەی هاوچەرخ خۆی دەنوێنێ. وەک چۆن گومان لەوەدا نییە، کە ئەو شەپۆلە یان ئەو رێبازە فەلسەفییە لە وێنە هاوچەرخەکەیدا لە نێو فەلسەفەی ئەڵمانیا لە دایک بووە، سەرەتا شلیرماخەر و دیلتای و پاشان هایدگەر و هەتا دەگاتە گادامێر و ئینجا لە نێوان هاوچەرخەکان یۆرگین هابرماس (Jurgen Habermas) و لە فرەنسا پۆل ریکۆر (Paul Ricour) – لە ناوە درەوشاوەکانی ئەو شەپۆلە دادەنرێن–. راستە ئەو شەپۆلە یان رێبازە فەلسەفییە وەک بنەمای فیکری لە فەلسەفەی ئەڵمانییەوە نزیکە، نەک فەلسەفەی فرەنسی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا توانیوویەتی شوێنێکی باڵا لە فیکری

فەلسەفی هاوچەرخ بۆ خۆی داگیر بکات، ڕەنگە ئەوەش بۆ نەرمی و بڵاوی ئاسۆکانی بگەڕێتەوە، کە وەک تیرم ڕێگای داوە سنورەکانی فەلسەفە تێپەڕێنێت و بگاتە ئەوەی کە لە ئەڵمانیا بە «زانستی ڕۆح Geisteswissenschaften» ناوی دەبەن- (زانستی ڕۆح تەواوی زانستە مرۆیی و زانستە کۆمەڵایەتییەکان دەگرێتەوە)- ئەوەش ئەو پانتاییە بەرفرەوانەیە کە گادامێر بایەخی خۆی تێدا دەبینێتەوە، وەک چۆن پێشتر دیلتای خۆی تێدا دەبینییەوە، هەروەها لەبەر ئەوەی زۆرێک لە ناوە درەوشاوەکانی ئەو شەپۆلە هاوچەرخە بەردەوام سەردانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایان دەکرد، بۆیە ئەوە بووە هۆی ئەوەی کۆمەڵێک نوێنەری نویێ بۆ ئەو شەپۆلە لەوێش دەربکەون، لەوانەش ریتشارد رۆرتی Richard Rorty.

زاراوەی هیرمینۆتیکا (Hermeneutics) کە بە پاشگری -ics- کۆتایی دێت، لە بنەڕەتدا ئاماژە بە جۆرێک لە زانست، یان کایەی مەعریفی دەکات، کە لەسەر کۆمەڵێک ڕێسا وەستاوە و راڤەکردنی دەقەکان بەڕێوە دەباتو بە تەواوی وەک زاراوەکانی پێشتر بۆ ئاماژەکردنی سیستمێک یان کایەیەکی مەعریفی دیاریکراو لەوانەش: (زانستی لۆژیک- Logic) یان (زانستی فیزیا- Physics) بە کاری دەهێنین. هەڵبەتە هەندێک لە توێژەران پێیانوایە ئێستا هیرمینۆتیکا بۆتە قوتابخانەیەکی فەلسەفی و دەلالەت لە ئاراستەیەکی فیکری دەکات، نەک کایەیەکی مەعریفی (Grondin, pp. 42-43). ئەگەر قوتابخانە فیکرییەکان بە (ism) دیاری بکرێن، وەک کە لە پێشتر دەمانگوت: positivism (پۆزەتیفیزم) یان existentialism

(بوونگەرایی) یان structucturalism (بونیادگەرایی)....هتد، ئەوە ئەمڕۆ ئێمە دەتوانین قسە لە هیرمینۆتیکای هاوچەرخ –Comtemporary hermeneuticism– بکەین، بەو مانایەی کە ئێستا لەو سەدەیەدا هیرمینۆتیکا لە توانایدایە خۆی وەک تیۆرێکی فەلسەفی دابمەزرێنێت و ئاراستەی فیکری بخاتەوە لەوێشەوە وا سەیری راڤەکردن بکات وەک ئەوەی گیروگرفتێکی سەر بە زانست و ئاراستە مەعریفیەکان بێت، ئاراستەیەک کە راڤەکردن وەک پێداویستییەکی مەعریفی رۆڵی تێدا دەبینێت. بەمجۆرە فەیلەسوفانی زانست و مەعریفە لەوانەش: کارل پۆپەر (Karl Popper) و مێژوونوسی زانستی لەوانەش: تۆماس کۆن (Thomas S. Kun)، فێریان کردین، کە چۆن هەمیشە وەک راڤەکردن سەیری تیۆری زانستی بکەین، راڤەکردنێک کە لە رووی پێداویستی توێژینەوە و سیاقی مێژووییەوە خوێندنەوە بۆ واقیع دەکات و هەر تەنها بۆ بوارێکی مەعریفی یان زانستێک ناگەڕێتەوە، کە تەنها خۆی لە سنوری وەسفکردنی رووداوەکاندا دەبینێتەوە وەک ئەوەی پۆزەتیفیزمەکان و لایەنگرانی بەشداربوو لە پێشبینکردن (حدس،intuition) بڕوایان پێی هەیە، واتە ئەوان پێیانوایە کە دەبێ زانست ئەو رووداوانە رێکبخات و بە وێنەوە دایانبڕژێتەوە – بە کورتی– واتە راڤەیان بکاتەوە.

بە راستی ئێمە لەمڕۆدا لەگەڵ هەموو ئەوانە هاوکۆکین کە راڤەکردن وەک داواکارییەکی فیکری و ئاراستەیەکی مەعریفی گشتی سەیر دەکەن، نەک لەبەر ئەوەی کە زانست دەمانخاتە سەر زەرورەتی راڤەکردن، بەڵکو – پێش هەموو شت– لەبەر ئەوەی سەردەمەکەمان بۆتە سەردەمێکی

ئاڵۆز و نائاشنا، رەنگە هیرمینۆتیکا لە فیکری فەلسەفی هاوچەرخماندا هۆی ئەو پێشکەوتن و بەربڵاوییەمان بۆ راڤە بکاتەوە، دەشێ ئەمڕۆ لەگەڵ گادامێر بڵێین هیرمینۆتیکا بۆتە «مۆدە» و هەموو راڤەکردنێک دەیەوێت وەک هیرمینۆتیکا خۆی وەسف بکات (Gadamer, 185 ,p177). لەبەر ئەو هۆیەیە کە پێویستە هەوڵبدەین بە ئاگامەندییەوە لە مانای هیرمینۆتیکا تێبگەین، وەک ئەوەی کە راڤەکردنە، نەک لە میانی وێناکردنە گشتییەکانی راڤەکردنمانەوە، بۆیە دەبێ ئاراستە فیکرییە هاوچەرخەکان بەرەو راڤەکردنێک بێت کە راڤە بکرێت یان گرنگی هیرمینۆتیکامان بە بەڵگەوە بۆ بسەلمێنرێت و شوێنگەکەی لە فیکری هاوچەرخدا دەستنیشان بکرێت، چونکە ئەو پرسیارەی کە هەمیشە لێرەدا دەمێنێتەوە ئەوەیە: مانای راڤەکردن چییە؟ هەروەها ئێمە پێویستە بە ئاگامەندییەوە هەوڵی بەکارهێنانی زاراوەی هیرمینۆتیکا یان «قوتابخانەی هیرمینۆتیکی» بدەین، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی گشتی پەسنی هیرمینۆتیکا بکەین، یان هیرمینۆتیکای فەلسەفی هاوچەرخ لای گادامێر بە شێوە تایبەتییەکەی خۆی پەسن بکەین. لە راستیدا ئەو ئاراستە فەلسەفییە هاوچەرخە بۆ کایەیەکی زانستی یان مەعریفی لە راڤەکردن ناگەڕێتەوە، بەڵکو راستەوخۆ دەلالەت لە ئاراستەیەکی فیکری یان مەعریفی دەکات، بەڵام پێشتر بەکارهێنانی تێرمی هیرمینۆتیکا رووبەرووی مەیلێکی ئایینی لە راڤەکردنی دەکردینەوە، لە کاتێکدا گرنگترین تایبەتمەندییەکانی هیرمینۆتیکای فەلسەفی هاوچەرخ-وەک گادامێر بۆمان روون دەکاتەوە- ئەوەیە کە خۆی لەو مەیلە

ئایینییە و تەواوەی ڕاڤەکردن (واتە ئەو مەیلە ئایینییەی کە پێیوایە ئەو ڕاڤەکردنە دوا ڕاڤەکردن و تەواوی ڕاڤەکردنەکان لەخۆ دەگرێت.. و:ک) دوور بخاتەوە.

زاراوەی هیرمینۆتیکا لە بنەڕەتدا سەر بە قوتابخانەی تیۆلۆگییە (لاهوتی- theology)، ئەو زاراوەیە لە سەرەتای یەکەم دروستبوونیدا دەلالەتی لەو زانستە یان سیستمە مەعریفییە دەکرد، کە لە میانی -کۆمەڵێک ڕێساو پرەنسیبەوە- پرۆسەی ڕاڤەکردنی کتێبی پیرۆزی -Scripture- یان ئەو دەقە ئایینیانەی - exegesis - بەرێوە دەبرد، کە تەمومژییەک لە ماناکانیاندا هەبوو، لە بەرانبەریاندا هەستمان بە نامۆبوون(١٢٠) دەکرد، ئەو دەقە ئایینیانە پێویستیان بە تێگەیشتن و ڕاڤەکردن هەبوو، تاکو ماناکانیان لەگەڵ ئیماندا ڕێک و گونجاو بێتەوە. بەڵام دواتر ئەو بوارە هیرمینۆتیکییە بەرفرەوان بوو، هەموو دیاردەیەکی دیکەی گرتەوە، کە داوای ڕاڤەکردنی مانای دەکرد، هەڵبەتە نامۆبوونێک کە لە بەرانبەر مانای هەر دەقێکی ئایینی هەستی پێدەکەین، دەشێ بە هەمان شێوە لە بەرانبەر مانایەکی دیکەشدا هەستی پێبکەین، کە لە هەڵوێستێکدا ڕووبەڕوومان دەبێتەوە و ناتوانین لەگەڵ دنیای خۆمانی بگونجێنین یان تێکەڵاوی بین. ئەو نامۆبوونە - وەک بۆ هەندێک لە توێژەران دەرکەوتووە- دەشێ بۆ نموونە کاتێک ڕوو بدات، کە دەکەوینە دیالۆگەوە یان کاتێک

---

١٢٠- لە هەندێ شوێندا لە بری وشەی (نامۆ) وشەی (نائاشانام) بەکارهێناوە، کە لە وشەی (تغریب)ی عەرەبییەوە نزیکە... وەرگێڕی کوردی.

رووبەرووی کارێکی هونەری رادەوەستین، یان کاتێک لە رووداوێکی مێژوویی ورد دەبینەوە، ئا لەو کاتانەدا بایەخی راڤەکردن - هیرمینۆتیکا- دەست پێدەکات: «لە هەموو ئەو حاڵەتانەشدا پێویستە بۆ برینی ئەو کەلێنانەی کە دەکەوێتە نێوان دنیای باو و ئەوەی کە ئێمە تێیکەوتووین پشت بە فاکتەری هیرمینۆتیکی ببەستین، یان ئەو مانا نائاشنایەی کە نکۆڵی لەوە دەکات خۆی بە دەست دنیای ئێمەوە بدات» (Linge, 1976, pp.xii).

هەڵبەتە هەموو ئەو جوانییە بۆ شلیرماخەر دەگەڕێتەوە، چونکە ئەو بوو لە پشت چوارچێوە لاهوتییەکە، یان گیروگرفتە جزئییەکانی راڤەکردنی دەقە ئاینییەکانەوە، بۆ یەکەمجار کاری لەسەر بەرفرەوانکردنی دەلالەتەکانی ئەو تێرمە کرد و وای کرد ئەو تێرمە لە پاڵ راڤەکردنی دەقە ئاینییەکان، درێژ بێتەوە و زانستەکانی راڤەکردن وەک فیۆلۆجیا و یاسا و مێژووش بگرێتەوە، بەو مانایە هەتا سەدەی نۆزدە هیرمینۆتیکا، یان هونەری راڤەکردن خەریکی ئەو چوار سیستمە بوو. بۆیە بەشداریکردنی شلیرماخەر بە یەکەم هەوڵی دامەزراندنی هیرمینۆتیکا دێتە ژماردن، لای شلیرماخەر هیرمینۆتیکا چالاکییەکی گشتی راڤەکردنەو لەسەر (تێگەیشتن) وەستاوە.(١٢١) بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە هەر راڤەکردنی دەقە ئاینییەکان بوو، کە لە پلەی

١٢١- تێگەیشتن وەک تیۆر لەلایەن «شلیرماخەر دیاری کراوە و دەکەوێتە سەدەی هەڤدەمەوە. شلیرماخەر هەڵوێستێکی کلاسیکیانەی بەرانبەر هیرمینۆتیکا هەیە، پێیوایە دەق لە ناوەندێکی زمانەوانی پێکهاتووەو فیکری دانەر بۆ خوێنەر دەگوازێتەوە. کەواتە لەرووی زمانەوانییەوە ئاماژە بە زمان... لەرووی دەروونییەوە ئاماژە بە خودی

یەکەمدا شلیرماخەری بە خۆیەوە سەرقاڵ دەکرد، بۆیە گادامێر سەرەڕای ئەوەی لە دامەزراندنی هیرمینۆتیکا وەک تیۆرێکی گشتی بۆ راڤەکردن شانازی بە شلیرماخەرەوە دەکات، بەڵام ئەو پێیوایە « بایەخدان بە لاهوتیەت بە ئاشکرا شلیرماخەری بەلای خۆیدا بردووە، ئەو وای لە هیرمینۆتیکا کردووە - وەک تیۆرێکی گشتی لە هونەری راڤەکردن- تەنها لە کاری تایبەت بە راڤەکردنی کتێبی پیرۆزدا کارا بێت«Gadamer, 1966, p.7».

بەڵام دیلتای هەوڵی داوە لە میانی هیرمینۆتیکای میتۆدییەوە دەست بۆ بنەما میتۆدی و پراکتیکیەکان بەرێتو جیاوازی و سەربەخۆیی زانستە مرۆییەکان و زانستە سروشتیەکان بخاتە روو...(١٢٢) بەو مانایەش دیلتای کاری بۆ بەرەوپێشبردنی هیرمینۆتیکای شلیرماخەر کردووە،

---

داهێنەر دەکات. لای شلیرماخر پەیوەندی ئەو دووانە پەیوەندییەکی جەدەلییە. هەروەها هەر چەندە دەق وەک زەمەن لێمان دوور کەوێتەوە تەمومژاوی خۆی نیشان دەدات و دووچاری بەدحاڵیبوونمان دەکات... - وەرگێڕی کوردی.

١٢٢- دیلتای سەر بە قوتابخانەی مێژووگەرییە و سەد ساڵ بەر لە «فوکۆ» جیاوازی کردووە لەنێوان «زانستی سروشتی» کە چارەسەری فاکتە هەستییەکان دەکات و پشت بە راڤەکردن دەبەستێتو «زانستی مرۆیی» کە چارەسەری مانا ناوەکییەکان دەکات و بە تێگەیشتنەوە بەندە... زانستە سروشتییەکان، لەسەرنجدانی شتەکان «بابەتەکان» دەلالەتی بونیادەکانی خۆی هەڵدەنێ، زانستە مرۆییەکان دەلالەتەکانیان لە تێگەیشتنی تەعبیرەکان، یان بەبابەتکراوە عەقڵی رۆحییەکان دایە. یەکەمیان زانستێکی فیزیاییە، بەڵام دووەمیان کردەگەلێکی دیاریکراوە لە ژیانی عەقڵییەوە هەڵدەقوولێ. لە رێگای بەڵگەهێنانەوە نایناسین، بەڵکو دەبێ دەرکی پێبکەین... - وەرگێڕی کوردی.

بۆ ئەوەی بیکاتە میتۆدێکی گشتی بۆ زانستە مرۆییەکان، تاکو لەوێوە بە ئامرازە میتۆدییەکانی بتوانێ خۆی لە زانستە سروشتییەکان جیا بکاتەوە، نەک هەر هێندەش بەڵکو هەوڵی داوە ئەو جیاوازییەی نێوانیان لە ئاراستە مەعریفییەکانیشیاندا، واتە لە نیازخوازی بابەتەکانیشیاندا بخاتە روو.

هیرمینۆتیکا لەگەڵ هایدگەر رەهەندێکی دیکەی فینۆمینۆلۆجی یان ئۆنتۆلۆجی وەرگرت: هایدگەر هیرمینۆتیکای فینۆمینۆلۆجیای لە رێگای کەشفکردنی حەقیقەت یان مانا دیارەکانی بوونی مرۆییەوە (hermeneutics of Dasein) چەسپاند، بەڵام لەبەر ئەوەی حەقیقەت یان مانای دیاردەکان راستەوخۆ بە ئێمە ناگات، یان پێدراوێکی ئامادە نییە، لەبەر هەندێ دەبێ راڤە بکرێتەوە، واتە وەک چالاکییەکی هیرمینۆتیکی پێویستی بە راڤەکردن هەیە، - بە حەقیقەت دەڵێن «ئەلیشیا- alethia» ئەو وشەیە بە مانا حەرفییەکەی واتای «پەردە لادان» دەگەیەنێت-، لێرەدا راڤەکردن واتە رێگادان بە حەقیقەت بۆ ئەوەی بدوێت یان لە رێگای پەردەپۆشین و پەردەنەپۆشین بە کردەی کەشفکردن رابێتەوە. راڤەکار ملکەچی حەقیقەتێک دەبێت کە بەو شێوەیە کەشف بکرێت، بەو شێوەیە کردەی تێگەیشتنی حەقیقەت -وەک دنیای خۆی و ئەو سیاقە مێژووییەی کە تێیدا ژیاوە- بەجێدەهێنێت، واتە ئەو کاتە بە رەهەندە ئۆنتۆلۆجیەکەی کردەی تێگەیشتنەوە پەیوەست دەبێت، کە وەک خاڵی گۆڕانی سەرەکی هیرمینۆتیکا حسابی بۆ دەکرێت، هەر ئەو خاڵەشە کە بە هێزەوە

کاریگەری خۆی بۆ لای گادامێر درێژ دەکاتەوە. بەڵام ڕەهەندی ئۆنتۆلۆجی کردەی تێگەیشتن –وەک لای گادامێر دەردەکەوێت - واتە هەموو ئەو ڕاڤەکردنەی کە پشت بە بنەمایەک لە تێگەیشتنی بوون دەبەستێت، تێگەیشتنێک کە وەک پێشوو لەسەر لێوردبوونەوەی ناوەکی هەڵوێستێکی دیاریکراوەوە وەستاوە، هەڵوێستێک کە بە شێوەیەکی تووندەوە بە ڕابردووی ڕاڤەکار و داهاتوویيەوە بەندە، بەو مانایەش هەموو ڕاڤەکردنێک- بە ڕاڤەکردنی زانستیشەوە- پەیوەستە بە هەڵوێستێکی دیاریکراوەوە کە ڕاڤەکار خۆی تێدا دەبینێتەوە، کەواتە ڕاڤەکار بەلای کەمی مەحکومە بە مەرجی ئۆنتۆلۆجی بوونی خۆیەوە، واتە دەکەوێتە ژێر حوکمی زەمانی خۆیەوە، بۆیە هەموو دەرککردنێک بۆ مانا دەرککردنێکی سنورردارە و دەکەوێتە دووتوێی هەڵوێستێکی مێژوویی مرۆڤێکی دیاریکراوەوە و پێشتر بیری لێکراوەتەوە.

به شێوەیەکی گشتی – وەک چۆن پێشتر وامان بە خەیاڵدا هات- دەشێ بڵێین کە گادامێر لە هیرمینۆتیکای فینۆمینۆلۆجی هایدگەرەوە بنەمایەکی بۆ خۆسەپاندن و لە هەمان کاتدا بۆ تەجاوزکردن دۆزیوەتەوە، نەک وەک شێوە بیرکردنەوە تەقلیدییەکەی میتافیزیکای خۆرئاوایی، بەڵکو بە هەمان شێوە بیرکردنەوەی هیرمینۆتیکای بابەتیانەی کلاسیزم پێشینانی خۆی (واتە کلاسیزمی ئەڵمانی)یشی تەجاوز کردووە. لە کتێبی «حەقیقەت و میتۆد»دا گادامێر دەبینین لە لایەک نکۆڵی لە فیکرەی حەقیقەتی ڕەها و ئەو جۆرە لە یەقین دەکات، کە بە سودفە دەستمان بەسەردا گرتووە، لە لایەکی دیکە نکۆڵی لە دەستبەسەرداگرتنی ئەو میتۆدە دەکات، کە

به پێی بنەماکانی، حەقیقەتێک دادەمەزرێنێت، حەقیقەتێک لە جۆری ئەو یەقینەی کە هیچ ئەرگۆمێنتێکی قبول نییە. بەو مانایەش میتۆد لای گادامێر تاکە هۆکاری نزیکبوونەوە لە حەقیقەت نییە، وەک چۆن حەقیقەتی رەها و یەقینی بوونی نییە، کە بشێ لە دووتوێی ئامرازە میتۆدییەکانیەوە خۆی بنوێنێت، وەک ئەوەی حەقیقەت سامانێک بێت و ئێمە لە میانی نەخشەیەکی پشت پێبەستراوەوە دەستمان بەسەردا گرتبێت، وەک چۆن دیکارت خاوەنی «وتاری لە بارەی میتۆدەوە» بیری لێدەکاتەوە، دیکارت رێساکانی میتۆد – وەک رێبەری عەقڵ و گەڕان بە دوای حەقیقەت لە نێو زانستدا– دادەرێژێتەوە.

لێرە لای گادامێر میتۆد، واتە میتۆدی زانستە نوێیەکان، کە هەوڵ بۆ بابەتگەرایی دەدات و لە خودی مێژووگەرا دوور دەکەوێتەوە، بە ئامانجی ئەوەی بابەت بە دەست بهێنێت، لە میانی کۆمەڵێک ئامراز و رێسا، کە خود لە رێگایانەوە هەوڵدەدات وەک حاڵەتێک لە نواندنی رێسای گشتی لە بابەت بگات، یان لە خودی دیاردە بگات و دەست بەسەر بابەتدا بگرێت. لێرەدا خود یان ئاگامەندی نایەوێت لە دنیا بگات، بەڵکو دەیەوێت دنیا بگۆڕێت یان دووبارە لە وێنەیەکی بەخەیاڵکراودا خەلقی بکاتەوە، کەواتە تێگەیشتنی حەقیقی لە واقیعی بوونی ئێمەوە دەستپێدەکات، لە دنیایەکدا کە خود تێیدا لە دووتوێی یەکەمین شارەزایی پێشینەی لە بارەی بیرکردنەوەی میتۆدییەوە نایەوێت لە بابەت یان ئاگامەندی ئەو دنیایەی کە تێیدا دەژین، جیا بێتەوە. لەسەر ئەو بنەمایە میتۆد حاڵەتێک لە جیابوونەوە یان دوالیزمی لە

نێوان خود و بابەت دروست دەکات و وا لە خود دەکات کە لە دنیای ئەو دوور بکەوێتەوە، یان دەیەوێت لە دەرەوە، لە میانی کۆمەڵێک ئامراز و ڕێسای میتۆدییەوە سەیری خود بکات، بەو مانایە میتۆد دەیەوێت لە دوتووێی ئەو کۆمەڵە ڕێسا و ئامرازەیەوە خۆی بەسەر خوددا بسەپێنێت.

ئەوە چەمکی میتۆدە بەو شێوەیەی کە لە عەقڵی بیکۆن (Bacon) و دیکارت (Descartes) هەڵقوڵاوەو هەر بەو شێوە باوەی خۆیشی لە فیکری خۆرئاوادا ماوەتەوە - گادامێر پێیوایە - هیرمینۆتیکای کلاسیک لای شلیرماخەرو دیلتای نەیتوانیوە لە تیۆرە زانستییە مرۆییەکەیدا بە تەواوی لە کاریگەری ئەو چەمکە ڕزگاری بێت (Gadamer, 1967, p.26f). بێگومان دیلتای هەوڵی داوە ئەوە بخاتە ڕوو کە میتۆدی ئەو زانستەی دووایی بە کەڵکی ئەوە نایەت لێکۆڵینەوە لە بارەی دیاردە مرۆییەکان بکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دیلتای وەک ئەوەی گادامێر دەیبینێت «ڕێگای بە خۆی داوە بە قووڵی بکەوێتە ژێر نموونەی ئەو زانستە سروشتییەوە، هەتا ئەو کاتەی کە هەوڵیش دەدات ئەرگۆمێنت بۆ سەربەخۆیی میتۆدی زانستە مرۆییەکان بهێنێتەوە» (Gadamer, 172, p.8.).

کەواتە ئەوەی گادامێر ڕەتی دەکاتەوە ئەو بڕوابوونەیە کە پێیوایە دەشێ حەقیقەتی دیاردەکان لە زانستە مرۆییەکاندا لە میانی کردەی بەرەوپێشچوونی میتۆد و ئامرازە میتۆدییەکاندا شی بکرێتەوە، بەڵام دیاردەکان یان بەرهەمە ڕۆحییەکانی کەلەپور و مێژوو و هونەر مل بۆ میتۆد کەچ ناکەن، چونکە لە شارەزایی ڕاستەوخۆی خۆمان

و پێش میتۆد و فیکری وێناکراوەوە بە دەستمان هێناوە یان پێماندراوە، واتە لە میانی مەعریفەی پێشوو بەر لە مەعریفەی وێناکردن، بۆیە پێویستە ئێمە لە میانی شارەزایی خۆمانەوە تێیبگەین، چونکە سەر بە سیاقی ئەو دنیایەیە کە ئێمە تێیدا دەژین، ئیتر لێرەوە دەشێ بڵێین کە بە شێوەیەکی گشتی میتۆد و مەعریفەی وێناکردن، دنیای شتەکانیان لە ئێمە داپۆشیوە، -شتەکانی خۆمان لێ پەردەپۆش دەکەن- ئەو دنیایەی کە وەک ماڵی خۆمانە یان کە تێدا هەست بە ئاشنایی و خۆیی دەکەین – Being at thome in the world– :» هونەر و مێژوو- هەروەک خودی سروشت- بۆ دنیای شتە روون و ئاشکرا، یان ئەوانەی لە خودی خۆیانەوە تێیاندەگەین (selbstverstandlich) ناگەڕێتەوە، هەموو ئەوانەش فیکرەی –دنیای هاوژیانی–مان بیر دەخەنەوە، وەک ئەوەی لە دوایین کتێبەکانی هۆسرل دەیبینین، وەک چۆن فیکرەی –گەڕانەوە بۆ خودی شتەکان–مان بیر دەخەنەوە، وەک لە خاڵی دەستپێکی پرۆژەی فینۆمینۆلۆجی هۆسرل و لە نوسینەکانی هایدگەر –لە بارەی مانای شتدا– دەیبینین، ئەو دنیایەی کە گادامێر پێیوایە ئیتر چیدی وەک دنیایەک ئاشنایی لەگەڵ ئێمەدا دروست ناکات، چونکە چیدیکە لە سروشتی شتەکانی ناگەین: شتەکانی بۆ خۆیان سروشتی تایبەت بە خۆیان هەیە، کە بۆ ئەوەی خۆمانی لەگەڵ بگونجێنین دەبێ تێیانبگەین، نەک وێناکردنەکانی خۆمانی بەسەردا بسەپێنین و تەنها هەر وەک ئامرازی بەکارهێنان سەیری بکەین (Gadamer, 1960,p.70 f)

لێرەوە تەوەری بیرکردنەوەی گادامێر لە وێناکردنی

میتۆد، ئەوەیە کە میتۆد- و تیۆری مەعریفە بە گشتی- پەرچەکردارە لە بەرانبەر نائاشنابوون/نامۆبوونی خود لە دنیا -fremdheit- وهەوڵدانە بۆ تەجاوزکردنی ئەو نامۆبوونە. بە هەمان شێوەش هیرمینۆتیکا لەو ئەسڵەوە هەڵقوڵاوە، کەواتە هەردووکیان پەرچەکردارن بەرانبەر بە نامۆبوون، بەڵام لێرە لەو پەرچەکردارەدا جیاوازییەکی جەوهەری لە نێوانیاندا هەیە: چونکە کاتێک هیرمینۆتیکا لە میانی کردەی راڤەکردن و تێگەیشتنەوە هەوڵی بەجێهێنانی ئاشنایی مرۆڤ و دنیا دەدات، ئەوە میتۆد نامۆبوون بە نامۆبوون وەڵام دەداتەوە وەک ئەوەی لە میانی لێکجیابوونەوە یان دوو لەتبوونی نێوان خود و بابەتدا خۆی بنوێنێت (Wcinsheimer, 1986,p. 15).

سەرەڕای ئەوەی هیرمینۆتیکای فەلسەفی لای گادامێر- رەسەنایەتی خۆی لە هیرمینۆتیکای فینۆمینۆلۆجییەوە وەرگرتووە-(١٢٣) و توانیویەتی تـا رادەیـەکی زۆر تەجاوزی هیرمینۆتیکای کلاسیزمی شلیرماخەر و دیلتای بکات، بەڵام خاڵی دەستپێکی گادامێر لە دیدە ئەسڵییەکەی شلیرماخەرەوە هەڵقوڵاوە، شلیرماخەریش هیرمینۆتیکا وەک چالاکییەکی گشتی وەسف دەکات «کە سەرەتا یان

---

١٢٣- هایدگەر دەگاتە ئەوەی میتۆدی دیاردەگەریی ((فینۆمینۆلۆژی)) لەسەر ئەو بنەمایە کار دەکات، کە شتەکان فەرامۆش بکرێن، تا خۆیان چۆنن ئاوەها دەرکەون و دیار بن، بێ ئەوەی گوتەکانمان بەسەریاندا بسەپێنین، ئەوە ئێمە نین، ئاماژە بۆ شتەکان دەکەین و دەرکیان پێدەکەین، بەڵکو خودی شتەکانن خۆیان بۆ ئێمە ئاشکرا دەکەن، بنەچەی راستەقینەی تێگەیشتنی دروست ئەوەیە ئێمە تەسلیمی هێزی شتەکان بین، تا خۆیان بۆ ئێمە ئاشکرا بکەن... - وەرگێڕی کوردی.

یەکەمجار وەک پێویست تێگەیشتن بە گیروگرفتی گشتی و بنەڕەتی خۆی دادەنێت، هەر لەوێشەوە بنەمایەکی تیۆری گشتی بۆ هیرمینۆتیکا دادەهێنێت (Wiehl, 1990, p. 36).

ئەگەر پەیوەندییەکی زەروری (تێگەیشتن) بە راڤەکردنەوە ببەستێتەوە، ئەوە حاڵی بوون لەو پەیوەندییە زەرورییە دەشێ وەک کلیلی بنەڕەتی حاڵی بوون لە (هیرمینۆتیکای گادامێر) دەستی یارمەتیمان بۆ درێژ بکات.

## ٢- تێگەیشتن و راڤەکردن:

لێرەدا فیکرەیەکی بنەڕەتی هەیە، کە هیرمینۆتیکای گادامێری کەشفی دەکات، ئەویش ئەوەیە کە ئێمە لە میانی راڤەکردنەوە دوایین تێگەیشتنی مرۆییمان بۆ کەشف دەبێت، بەڵام ئەوە ئەو تێگەیشتنە نییە، کە دەگاتە سنوری یەقین یان کەمال، چونکە ئەو تێگەیشتنە –گادامێرییە– هەمیشە وەک تێگەیشتنێکی کراوە دەمێنێتەوە، وەک تێگەیشتنێک کە بەرەو باشتر ناسینی دنیامان دەبات، بۆیە (کاسلین رایت) لە نمایانکردنی کتێبی «ڤێستقاڵەکانی راڤەکردن»دا(١٢٤) دەڵێت: «سەرەتا تێگەیشتنی مرۆیی – وەک راڤەکارێک–

---

١٢٤– بێگومان ناونیشانی ئەو کتێبە لە رووی رەوانبێژییەوە تەورییە ئامێزە و بە چەمکی بنەڕەتی نوسینەکانی گادامێرەوە بەندە، بە تایبەتی وتارەکانی پێشتری گادامێر لە بواری هیرمینۆتیکای هونەرەوە: لەوانەش «دەرکەوتنی جوانی» و «سروشتی ئاهەنگسازی لە شانۆدا» و «شارەزایی ئیستێتیکی و شارەزایی ئایینی»... لەو وتارانە و ئەوانی دیکەشدا گادامێر چەمکی ڤێستیقاڵ یان ئاهەنگسازی بۆ ئاماژەکردن بە شارەزایی کۆ بەکارهێناوە، شارەزاییەک کە هەموو تێیدا یەکدەگرن، لەوێوە لە میانی ئەو شارەزاییە هاوبەشەوە نامۆییمان تێدەپەڕێنین. بە

دەستپێدەکات و پاشان بە کۆمەڵێک راڤەکردن کۆتایی دێت، کە هەمیشە بە سەر راڤەکردنەکانی دواتر بە کراوەیی دەمێنێتەوە، ئەوەش وەک دیارە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە تێگەیشتنی مرۆیی بە مێژووەوە بەندە -یان مەحکومە بە مێژووەوە- هەتا هەتایەش بەو شێوەیە دەمێنێتەوە» .(Wright, 1990,p. 2)

بەو مانایە ئێمە لە رێگای راڤەکردنە جیاوازەکان و بەپێی سیاقە جۆراوجۆرەکانی رۆشنبیریی و مێژوویی کە راڤەکار خۆی تێدا دەبینێتەوە لە دوایین تێگەیشتنی مرۆیی دەگەین. لێرەدا دەبینین هیرمینۆتیکا لە کۆی ئەو راڤەکردنانەی کە زۆربەی پرۆژە فەلسەفیەکانی خۆی دەگرێتەوە، واز لە بەدواداگەڕانی یەقین یان کەمال دەهێنێت. ئەگەر تێگەیشتن بە کۆمەڵێک راڤەکردن دەستپێبکات و بە کۆمەڵێک راڤەکردن کۆتایی بێت، کەواتە هەر بەمجۆرەش نوێنەرایەتی بابەتی راڤەکردن و ئامانجەکەی دەکات، بەڵام لێرەدا رەنگە پرسیارێک لە بارەی بابەتی تێگەیشتن و راڤەکردن بە مێشکماندا گوزەر بکات، ئەویش ئەوەیە: راڤەکردنی چ و تێگەیشتنی چی؟ وەڵامەکەشی ئەوەیە: هەموو شتێک و هەر شتێک. بەو مانایەش راڤەکردن، یان چالاکی هیرمینۆتیکی دەست بۆ هەموو بابەتێک دەبات، کە قابیلی تێگەیشتن یان بیرلێکردنەوە بێت، ئەوە مانای گشتی هیرمینۆتیکایە وەک گادامێر تێیگەیشتووە. هەر لەو بارەشەوە گادامێـر دەڵێت:

هەمان شێوە کتێبی «ڤێستفاڵەکانی راڤەکردن...» جۆرێکە لە ڤێستفاڵ یان ڤێستفاڵی گادامێری کە لە میانی بەشداریکردنی کۆ و یەکگرتنیان بە چەپکێ وتارەوە هەوڵدەدەن تێبگەن و راڤەی ئەو بەرهەمە فیکرییەی بواری راڤەکردن یان هیرمینۆتیکا بکەن.

« بواری خودی هیرمینۆتیکا هەر تەنها لە سنوری دیاریکراوی زانستەکانی هیرمینۆتیکای تایبەت بە هونەر و مێژوو نامێنێتەوە، هەر تەنها لە چوارچێوەی مامەڵەکردن لەگەڵ دەقەکان گیر ناخوات، وەک چۆن هەر تەنها لە بواری شارەزایی خودی هونەر -وەک پاشکۆی هونەر- خۆی نانوێنێت. بە گشتی بوونی گیروگرفتەکانی هیرمینۆتیکا کە شلێرماخەر پێشتر دەرکی پێکردبوو، مەسەلەیەکە بە هەموو ئەو شتانەوە پەیوەستە کە قابیلی بیرلێکردنەوەن، واتە بە هەموو شتێک و هەر شتێک کە قابیلی ئەوە بێت هەبووە مرۆییەکان هەوڵ بدەن بیگەنێ و لەسەری ڕێکبکەون، بەڵام کاتێک بە هۆی ئەو زمانە جۆراوجۆرانەی کە قسەیان پێدەکەین، گەیشتن بەو لەیەکحاڵیبوونە مەحاڵ دەکەوێتەوە، ئەوە مانای وایە هێشتا هیرمینۆتیکا کۆتایی بە ئەرکی خۆی نەهێناوە. لێرەوەیە هیرمینۆتیکا بە هەموو تواناییەوە ئەرکی خۆی دەسەپێنێت، واتە ئەرکی خۆی لە داهێنانی زمانێکی هاوبەشدا دەبینێتەوە» (Gadamer. 1985, p. 180).

لێرەوە گادامێر بۆمان روون دەکاتەوە کە لە زمانی ئینگلیزییدا پەیوەندیەکی توند لە نێوان مانای ناوەکی هەر وشەیەک لە وشەکانی تێگەیشتن (یان لێکحاڵیبوون understanding) و (ڕێککەوتن agreement) هەیە، کە ناتوانین لە یەکتریان جیا بکەینەوە. بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزی دەڵێین، ئێمە لە ڕێگای زمان یان لە ڕێگای قسەکردنەوە هەوڵدەدەین « بە تێگەیشتن بگەین» یان «بە ڕێککەوتن بگەین». بەڵام واپێدەچێت ئەو تێگەیشتن‌و ڕێککەوتنە شتێکی قورس و مەحاڵ بێت کاتێک «بە

کۆمەڵێک زمانی دیکەی جیاواز» قسان دەکەین و پاشان سەیری شتەکان دەکەین و بە شێوەیەکی جیاواز راڤەیان دەکەینەوە، بەمجۆرە لێرە ئەرکی هیرمینۆتیکا هەوڵدانە بۆ گەیشتن بەو زمانە هاوبەشە، واتە بۆ گەیشتن بە رێککەوتن، ئینجا تێگەیشتن، « کەواتە توانای گەیشتن بە رێککەوتن لە نێوان هەبووە بیرکەرەوەکان شتێکە ناشێ هەرگیز نکۆڵی لێبکەین» (Ibid, loc, cit.). ئەو پرۆسەیە بۆ نموونە لە حاڵەتی فێربوونی خودی زمان دەردەکەوێت، وەک چۆن ئەو حاڵەتە کاتێک دەردەکەوێت کە منداڵێک فێری زمان دەبێت، یان کاتێک مرۆڤێکی پێگەیشتوو فێری زمانێکی بێگانە دەکرێت، لێرەدا دەبینین تێگەیشتن هەر تەنها نزیککردنەوەی زمان نییە لە تێگەیشتن، بەڵکو مانای فێربوون ئەوەیە کە لە میانی ئەو نزیکبوونەوەیە لە زمان شارەزایی شیاو لەو زمانەدا بە دەست بهێنیت، کەواتە بە نێو زماندا چوون شێوازێکە بۆ بە دەستهێنانی مەعریفە لە بارەی دنیاوە. ئەوەش لەگەڵ شارەزایی «فێربوون»ی زمان راست نایەتەوە، بەڵکو «هەموو شارەزاییەک خودی خۆی لە میانی گەیشتنمان بە شێوەیەکی باش و بەردەوام بە مەعریفەی دنیا بەجێدەهێنێت» (Ibid., p. 181.)

لە راستیدا ئەوەی لەمەوپێش بۆمان روون بۆوە ئەوەیە کە ئەسڵی گیروگرفتی تێگەیشتن لە دووتوێی گیروگرفتی راڤەکردندایە، گیروگرفتی تێگەیشتن لە شیانە هەمیشەییەکانی فرە راڤەکردن و جیاوازییەکانیەوە دەستپێدەکات. بەڵام ئەوەش بەو مانایە نییە، کە گیروگرفتی تێگەیشتن بشێ لە رێگای یەک راڤەکردنی بابەتیانەوە چارەسەر بکەین و

ئەو چارەسەرەش بە دوایین راڤەکردنی دابنێین، هەڵبەتە ئەوە ئەو وێناکردنەیە، کە هیرمینۆتیکا دژی دەوەستێ و لەوێوە لە دووتوێی پرۆسەی خودی راڤەکردنەوە رێگا بۆ فرە راڤەکردن دەکاتەوە. بەڵام ئایا ئەوە بەو مانایەیە، کە هیرمینۆتیکا بەرەو مەیلێکی رێژەگەریی رابەرایەتیمان دەکات؟!

رەنگە هیرمینۆتیکا بە هۆی رێگاخۆشکردن بۆ فرە راڤەکردن بەرەو مەیلێکی رێژەگەریی رابەرایەتیمان بکات، بۆ نموونە وەک دەبینین هەموو ئەو راڤەکردنانەی کە لەگەڵ دەقەکان دەکرێت ملکەچی هیچ رێسایەکی پێوانەیی نییە، بەڵام حەقیقەت - وەک ژنە توێژەر (جین جرۆدن) (Grondin, 1990, pp. 461) بۆمان دەخاتە روو، ئەوەیە کە هیرمینۆتیکا هەر یەک لە رێژەگەرایی و رەهاگەرایی و بابەتگەرایی رەها تێدەپەڕێنێت.

رێژەگەرایی رەهاش (absolute relativism) بە مانای یەکسان بوون لەگەڵ هەموو بیروڕاکان دێت، وەک بەهاش ئەوەیە کە هیرمینۆتیکا نکۆڵی لێدەکات وەک ئەوەی کە شتێک بێت هەرگیز بوونی نەبێت، چونکە لێرەدا هەمیشە هۆکار یان بەڵگەیەک هەیە- جا چ بە سیاقەوە پەیوەست بێت یان بە لایەنی پرۆسەکەوە- بەرەو ئەوەمان دەبات، کە ئەو بیروڕایە لەو بیروڕایەی دیکە باشترە. کەواتە هیرمینۆتیکا بەو مانا ساویلکەیەی کە لە رێژەگەرایی رەهاوە دەبینرێت رێژەیی نییە، بەڵکو زێتر بە مانا قووڵەکەیەوە رێژەییە، واتە وەک ئەوەی کە نکۆلێکردنی حەقیقەتی رەهایە و تەجاوزی مەسەلەی زەمان یان

کاتی (atemporal) دەکات و بەرەو نازەمان و بەرەو دەرەوەی کات دەچێت، ئەوە هەمان شتە کە هایدگەر لە میتافیزیکای تەقلیدی خۆرئاوا رەخنەی لێدەگرت، چونکە بە رای هایدگەر زەمەنی فەرامۆش کردبوو، دواتریش بوونی لەبیر کردبوو: کەواتە حەقیقەتی رێژەیی حەقیقەتێکی زەمانییە، واتە لە دەرەوەی زەمان و مەکان، لە دەرەوەی ئەو شارەزاییەی کە مرۆڤ بە دەستییەوە دەناڵێنێت، و لە دەرەوەی هەبوونی مرۆیی ناژی، «بەو مانایەش لێرەدا حەقیقەت لە خودی خۆیدا بوونی نییە، ئەگەر مرۆڤ پێیوابێت کە حەقیقەت سەربەخۆیە و دەکەوێتە دەرەوەی پرسیار و چاوەڕوانییەکانی هەبووی مرۆییەوە، ئەو رۆشناییەی کە حەقیقەت بەرەو خۆی رادەکێشێت وەک پێویست لەسەر بنەمایەک لە تەمومژی دروست دەبێت، واتە لەسەر بنەمایەک لە کۆتایی لە سنورێکی دیاریکراو، لە دوا رێگامان بۆ گەڕان» (Ibid., p. 48).

ئەگەر حەقیقەت ئاماژەکردن نەبێت بە ماناکانی یەقینو رەهایی و جاویدانی وەک لە میتافیزیکای تەقلیدی خۆرئاواییدا بینیمان، ئایا ئەوە بەو مانایەیە کە هیرمینۆتیکای گادامێریش هەمان چەمکی بابەتگەرایی لەخۆ دەگرێت، کە هیرمینۆتیکای کلاسیزم وەک ئامانج سەیری دەکرد؟ لێرەدا دەشێ بڵێین کە هیرمینۆتیکای گادامێری هەرگیز بابەتگەرایی رەتناکاتەوە، بەڵکو بابەتگەرایی رەها (absolute objectivism) رەتدەکاتەوە، واتە ئەو مەیلە بابەتگەراییەی کە لە میتافیزیکای تەقلیدیی خۆرئاواییدایە، ئەو مەیلە بابەتگەراییەی کە پێیوایە پەی بە جۆرێک لە نازەمەنی

(atemporality)، یان حەقیقەتی ڕەها دەبات، ئەوەش بەو مانایە دێت کە ڕێژەگەرایی ڕەها و بابەتگەرایی ڕەها بەو مانا تەقلیدییەی کە لە میتافیزیکای خۆرئاواییدایە، لە خۆی دوور دەخاتەوە، لە راستیدا ئەوە ئەو وانە بە سوود و قووڵەیە کە گادامێر لە هایدگەرەوە سوودی لێبینیووە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هیرمینۆتیکای گادامێریی بە دڵنیاییەوە وەک چۆن هەوڵدەدات بەردەوام جۆرێک لە تێگەیشتن و ڕێککەوتنی شیاو بەجێبهێنێت، هەر لە درێژەی ئەو هەوڵەشییەوە دەیەوێت جۆرێک لە بابەتگەرایی بەجێبهێنێت، بەڵام ئەو بابەتگەراییە «بە دڵنیاییەوە لەو جۆرە لە بابەتگەرایی نییە، کە خۆی وەک دووبارە بەرهەمهێنانەوەی فۆتۆگرافیانەی واقیع یان مانای دەق دەنوێنێ« (Ibid., p. 53). بۆ نموونە ئەو جۆرە لە (بابەتگەرایی ساویلکە) بە تەواوی ڕۆڵی چالاکانەی ڕاڤەکار لە پرۆسەی تێگەیشتن فەرامۆش دەکات، ئەو تێگەیشتنەی کە لەمیانی کۆی ئەو پرسیار و پێشبینیانەوە سەرچاوە دەگرێت کە ڕاڤەکار دەیخاتە ڕوو، ئەو پرسیار و پێشبینیانەی کە بە وێناکردنەکانی پێشوو (preconceptions) و حوکمەکانی پێشووەوە بەندە. لای گادامێر ئەرکی هیرمینۆتیکی جیاکردنەوەی حوکمە پێشینە ڕەواکانە لە حوکمە پێشینە ناڕەواکان، چونکە حوکمە پێشینە ڕەواکان (کە لە ناوەوەی بارودۆخی مێژوویی ڕاڤەکارەوە هەڵقوڵاوە) ڕێگا بۆ چالاکی هیرمینۆتیکی دەکەنەوە، بابەتگەرایی تێکناشکێنن، بەڵکو وای لێدەکەن شیاو بکەوێتەوە. ئەوەش ئەوەمان بیر دەخاتەوە کە هایدگەر جەختی لێدەکردەوە، ئەویش ئەوە بوو کە گرنگ ئەوەیە هیرمینۆتیکا هەرگیز لە ڕۆڵی خۆی کە تێگەیشتنو

راڤەکردنە دەرنەچێت، بەڵکو لە دەرگا راستەکەیەوە بۆی بچێتە ژوورەوە. رۆڵی هیرمینۆتیکا واتە «هەر راڤەکردنێک رێگا بۆ تێگەیشتن خۆش بکات، پێویستە بەر لەوەی بمانەوێ راڤەی بکەین، تێیبگەین»(١٢٥) (Heidegger, 1962, p. 194)، ئەوەش رۆڵێکە هەرگیز لێی دەرباز نابین. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە سەرنج لەوە بدەین، کە رۆڵی هیرمینۆتیکا پێویستی بەوەیە بەر لەوەی راڤەکردن و تێگەیشتن بە جێبهێنێت پێویستە پێشتر هەموو ئەوانەی لە رێگای ئاگامەندییەوە لا ناسراو بێت، لێرەدا ئاگامەندیی پێشینە بەو مانایە نییە، کە راڤەکار گوتە تایبەتییەکانی خۆی بسەپێنێتە سەر ئەوەی دەیەوێت- راڤەی بکات، بەڵکو بەو مانایەیە کە کەموکوڕی لە ئاگامەندیی پێشینە وەک بابەتێک بۆ بەدواداگەڕان و پرسیار کردن، هەر لە سەرەتاوە دەبێتە تەگەرە بۆ خودی ئەو پرسیارکردنە (بڕوانە: سەعید تۆفیق، ١٩٩٢، ل ١٢٤-١٢٨)

لەبەر ئەوەی ناتوانین لە بیروڕا و حوکمە پێشینەکان دەربازمان بێت، بۆیە قابیلی هەڵەین و ئینجا کەواتە لێرەدا هیچ بۆچوونێکی رەها بوونی نییە، لێرەدا ئەرکی چالاکی هیرمینۆتیکی دەشێ لە بەرانبەر ئەو حوکمانە، لە رێگای دیالۆگەوە کەفالەتی جۆرێک لە رەوایەتیمان بۆ بکات. چونکە دیالۆگ (dialogue) یان دیالۆگکردن هەمیشە لە بەرانبەر پرۆسەی تێگەیشتن و راڤەکردنی هیرمینۆتیکای گادامێرییدا وەک ئاسۆیەکی کراوە خۆی دەنوێنێت، بۆیە پێویستە ئێمە لەسەر ماناکانی دیالۆگکردن و بایەخی دیالۆگ وەک

- لێرەدا هایدگەر تێگەیشتن پێش راڤەکردن دەخات... - وەرگێڕی کوردی.

ڕەگەزێکی پێویست و تەواوکەری چالاکییە هیرمینۆتیکییەکە بوەستێن.

**٣- هونەری دیالۆگکردن:**

لە مەوپێش دوایین تێگەیشتنی مرۆیی یان سنورەکانی تێگەیشتنی مرۆییمان بۆ ڕوونبۆوە، کە قابیلی ستایش بوو - یان پێویست بوو ستایش بکرێت- ئەویش وازهێنان بوو لە پەیبردن بە یەقین و کەمال. هەروەها لەو ڕاڤەکردنانەی کە لە هەندێک لە پرۆژە فەلسەفییەکاندا بینیمان، هەندێک دەیانەوێت ڕاڤەکردنێکی گشتگیرانە و کۆتایئامێز و ڕەها پێشکەش بکەن، ڕاڤەکردنێک کە هەموو شتێک لەخۆ بگرێت. هەڵبەتە بایەخی دیالۆگ لە پرۆسەی تێگەیشتن و ڕاڤەکردندا لێرەوە دەردەکەوێت، کە هەموو ئەو هەڵوێستانە تێدەپەڕێنێت، بۆیە (کاسلین ڕایت) دەڵێت: «سەرەڕای ئەوەی تێگەیشتنی مرۆیی لە ڕاڤەکردنەوە دەستپێدەکات و بە ڕاڤەکردن کۆتایی دێت، بەڵام ئەوەی لای گادامێر کۆتایی نایەت دیالۆگکردنە، دیالۆگ شوێنی هەموو ئەو پرۆژانە و ئەوانیدیکە دەگرێتەوە کە بەرەو تەجاوزکردنی دوایین تێگەیشتنی مرۆیی دەڕۆن» (Wirght, 1990, p. 20).

سەرەڕای ئەوەش لە هەمان کاتتدا دیالۆگ لەسەر دابینکردنی تێگەیشتنی مرۆیی کار دەکات و دژ بە تێوەگلانی ساویلکانەی ڕێژەگەرییە، کەفالەتی جۆرێک لە ڕەوایی حوکمەکانمان و وێناکردنە پێشینەکانمان دەکات، کە پرۆسەی تێگەیشتن و ڕاڤەکردنی لەسەر دامەزراوە، «بەو مانایەش هەڵەکردن یان سەرنەکەوتنی بیروڕا هەمیشە

پێویستی بە بوونی کەسێکی دیکە دەبێت، کە بۆ منی بخاتە ڕوو. چونکە هەر چەندە بزانین کە ئێمەمانان سنورداریندو کەوتووینەتە سێنتەری مێژووەوە، بەڵام ئاگامەندیی هیرمینۆتیکی هەر بۆ رەخنە و دیالۆگکردنی کراوە بانگمان دەکاتەوە. کەواتە لە میانی ئەو ناوەندەی بەیەکگەیشتنەوە دەتوانیـن وێناکردنـەکانی پێشـوومان تـاقی بکەینـەوە» (Gadamer, 1990, p.57).

بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین لایەنگرانی هیرمینۆتیکای هاوچەرخ هاوڕان لەسەر ئەوەی کە مەسەلەی دیالۆگ لە تویژینەوە لە بارەی (بابەتگەریی و حەقیقەت) بایەخی خۆی هەیە، بە مەرجێک ستایشی ئەوە بکەین، کە لێرەدا لە مەسەلەی بابەتگەریی و حەقیقەت هەمیشە دیالۆگ بەرەو خاڵی ئەرشمیدیمان نابات، یارمەتیمان نادات کە لە سنورەکان و کۆتاییەکان رابکەین، بەڵکو رێگای تێگەیشتنێکمان بۆ خۆش دەکات، باشتر بێت لەوەی دەمانەوێت راڤەی بکەین.

کەواتە دیالۆگکردن هەوڵێکە لە پێناو تێگەیشتن و راڤەکردن ناوەستێ، پێشینانان زۆر باش ئاگامەندییان لە گرنگی و زەرورەتی هونەری دیالۆگکردن هەبووە، نەک هەر هێندە بەڵکو ئەوان فیکر و فەلسەفی خۆیان لەسەر ئەو هونەر بونیاد نابوو. بۆیە پێویستە ئێمەش لە نوێوە فێری ئەو هونەرە بین، چونکە ئەو هونەرە لە دنیای ئێمەی هاوچەرخدا خەریکە ئاوا دەبێت، دنیای شاری نوێ خەریکە لەسەر میکانیزمی پێشکەوتنی زانستی و تکنۆلۆجیا وەستاوە، کە مرۆڤ تێیدا بەرەو گۆشەگیرێکی

کۆنسیومەر(١٢٦) بەرکاری ئامرازەکان دەچێت و هەموو ئەو زانیارییانە وەردەگرێ یان کۆدەکاتەوە کە بە لێشاو لە کەناڵەکانی راگەیاندن و میدیا پێی دەگەن، مرۆڤی هاوچەرخ بەرەو جۆرێک لە خۆدواندن و خۆدواندنی یەک لایەنانە (monological) هەنگاو دەنێت، واتە دیالۆگکردنی یەک لایەنانە. نەک هەر هێندە بەڵکو لەو سەردەمە بە پیشەسازیبووە پرۆسەی فێرکردن و رۆشنبیری هەموو رێورەسمەکانی هونەری دیالۆگکردنی فەرامۆش کردووە، ئەگەرچی گادامێر بڕوای بەوە هەیە کە هەتا ئێستاش ئەو رێورەسمە لەسەر ئاستە بەرزەکانی رۆشنبیریی و رۆشنبیران بە زیندوویی ماوەتەوە. ئەوەش هۆکارێکە –وەک توێژەران بۆمانی روون دەکەنەوە (Misgeled, 1990, p. 161f) کە بۆ گادامێر دەبێتە شوێنی بایەخ، لەبەرانبەر پرۆسەی فێرکردن لە سەردەمی بە پیشەسازیبوون، مەبەست لە فێرکردنێکە کە تێگەیشتنی مرۆیی لە چوارچێوەی پێشتر ئامادەکراوەوە هەڵدەگرێتەوە، یان فێرکردنێکە بۆ مەبەستی دیاریکراو، بۆ نموونە ئێستا کۆمەڵناسی تەنها وەک بەشێک یان دیپارتیمێکی شێوازی رێکخستنی کۆمەڵایەتی چاو لێدەکەن، تەنها لە هونەری رێکخستنی کارگێری کورتی دەکەنەوە، ئیتر لە بەرانبەر ئەوەوە و لە رێورەسمەکانی هونەری دیالۆگکردنەوە گادامێر بایەخی خۆی بۆ پرۆسەی بەرۆشنبیرییکردن و

---

١٢٦- وشەی مستهلک (consumer) لە زمانی کوردیدا وشەی بەرخۆر یان بەرکار... هتد بۆ بەکار دەهێنن، من پێم باش بوو وشە ئینگلیزییەکە یاداشت بکەم... – وەرگێڕی کوردی.

– مەعریفەی رۆحی کە لە هونەرەکانەوە سەرچاوە دەگرێت– دەگوازێتەوە.

بێگومان دیالۆگ بنەمای گوتن و قسەکردنە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەموو گوتن و قسەکردنێک دیالۆگکردن نییە، لێرەوە دەشێ لە مانا و خەسڵەتەکانی دیالۆگ لای گادامێر باشتر تێبگەین– بڕوانە هەمان توێژەری پێشوو (Ibid., p. 165 ff)

دەمەتەقێکردنی (conversation) نێوان هاوڕێیان، دەمەتەقێ کردنە لە نێوان کەسانێک کە شتێکی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە و حەزی لێدەکەن و توانایان بەسەریدا دەشکێت، چونکە دیالۆگ لەو حاڵەتەدا لە هەموو سەرئێشەکان(١٢٧) رزگارمان دەکات، یان دیالۆگکردن دنیایەکی هاوبەشمان بۆ دادەمەزرێنێت. دنیای هاوبەش واتە بەجێهێنانی هاوژیانی (solidarity) و بەیەکەوەبوون، واتە سەرقاڵبوون بە تێگەیشتنی هاوبەش و بەجێهێنانی تێگەیشتنی هاوبەش لە بارەی شتەکانەوە.

هونەری دەمەتەقێکردن یان دیالۆگکردن شێوەیەکە لە شێوەکانی بەیەکگەیشتن، بەو مانایەش دیالۆگکردن تەواو لەگەڵ هەموو ئەو پرۆسانە دژ دەکەوێتەوە، کە تێیدا گوتن خۆی بەسەر تێگەیشتنی مرۆییدا دەسەپێنێت، یان کە لە میانی پرۆسەی خودی تێگەیشتنەوە هەڵنەقوڵاوە، وەک چۆن دژ بە هەموو ئەو قسەکردنانەشە، کە پێشتر سەرەتاو

---

١٢٧– مەبەست لەو سەرقاڵی بوونە دەروونی و فەردییانەیە کە هەناسەکانی ژیان و هاوژیانی و لەگەڵ ئەویدیکەبوون تەنگ دەکات... – وەرگێڕی کوردی.

کۆتاییان زانراوە، هەموو قسەکردنێکی بێ هارمۆنی، کە جیاوازی نێوان دیالۆگکەرانی لەسەر لەناوبردنی نیازپاکی وەستاوە... کەواتە هەموو دیالۆگکردنێک کە تێیدا لەناوبردنی ناسنامەی ئەویدیکە لەسەر وسبەلێکردنی بۆچوونەکانییەوە سەرچاوە دەگرێت، دەکەوێتە دەرەوەی ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا و دەرەوەی یاری ناسنامە و جیاوازی، بەمجۆرەش دیالۆگ نابێتە هێزێک بۆ لە یەکگەیشتن و هاوبەشی یەکتری کردن.

هونەری دیالۆگکردن لای گادامێر لەسەر ونبوونی بیرکردنەوەی ئامرازیی و ستراتیژی وەستاوە، واتە بیرکردنەوەیەکە کە بە پێی مەبەست و پاڵنەری دیاریکراو کاتی دەمەتەقێکردن وشەکان دەگۆڕێت یان بە کاریان دەهێنێت: بۆ نموونە - ئەگەر پێیوابێت - پاڵنەرێکی شاراوە لە پشت قسەکانتەوەیە و بەڵام راشکاوانەش دەدوێیت، بێ ئەوەی لە کاتی قسەکردنت لەگەڵ من ئەرگۆمێنتەکە بشاریتەوە، ئەوە منیش ئاراستەیەکی ستراتیژی لە بەرانبەرت پەیڕەو دەکەم و ئەو راستبێژییەی کە لە دیالۆگکردندا هەیە، بەتاڵی دەکەمەوە، هەڵبەتە ئەو شتە لە ژیانی رۆژانەی خەڵکی بە شێوە باوەکەی بوونی هەیە، نەک هەر هێندە بەڵکو خودی راشکاویش زێتر وەک یارییەکی ستراتیژی سەیر دەکرێت. ئەگەر بە بێ ئەوەی ئاگادارم بکەیتەوە و پێم بڵێیت چۆن قسەکانم راڤە دەکەیت، هەوڵبدەیت مەبەستەکەم بخەملێنیتو مانای دیاریکراوی پێببەخشیت، ئەوە دیسان تۆ بەو کارەت مامەڵەیەکی ستراتیژی دەکەیت، بەڵام بێ ئەوەی بشێ هیچ شتێک لە یەکتر نزیکمان بکاتەوە و دیالۆگەکەمان

هیچ هۆگری و هاوگونجانێک و هیچ بەشداریکردنێکی لەخۆوە بە خۆیەوە ببینێت، بەمجۆرەش دەکەوینە نێو پرۆسەی بەدوایەکداگەڕان (negotiation) نەک دیالۆگ، بەدوایەکداگەڕان بەو مانایە دێت، کە هەر یەک لە ئێمە بە ئاگامەندییەوە دەمەتەقێ لەسەر پاڵنەر و شتی تایبەتی خۆی دەکات، بە بێ ئەوەی ئەو پاڵنەرە لای ئەویدیکە ئاشکرا بێت.

لەسەر ئەو بنەمایە دەشێ لە گرنگی گادامێر بۆ هونەرو خۆشەویستی تایبەتی ئەو بۆ شیعر تێبگەین، لەوێوە کە شیعر یەکێکە لەو پانتاییە بنەڕەتیانەی کە دیالۆگی تێدا دەردەکەوێت، چونکە جەوهەری شیعر-وەک ئەوەی گادامێر لە هایدگەری وەرگرتووە- خۆی لە زماندا دەبینێتەوە، چییەتی زمانیش لە دیالۆگدا. کەواتە هەمیشە شیعر وەک دیالۆگێکی گەرم دەمێنێتەوە، دیالۆگێک کە خۆی لە دەست بەسەرداگرتنی بەرهەمە رۆشنبیریی و تەکنۆلۆژییەکان و بەکارهێنانی ئامراز و تێرمەکانی زماندا دەبینێتەوە، هەمیشە هونەر بە شێوەیەکی گشتی شتێکمان پێدەڵێت کە پێویستە فێربین گوێی لێبگرین. کەواتە ئێمە لەسەر چ بنەمایەک دەتوانین لە هیرمینۆتیکای گادامێری فێر بین و گوێ لە هونەر بگرین و دیالۆگی لەگەڵ بکەین، و تێیبگەین؟

ئاگامەندی مۆدێرن چارەسەری نێوان ئێمە و تێگەیشتنی هونەری کردووە، وەک چۆن رۆڵی مێژوویی لەو مەسەلەیەدا سەرنجی ئێمە بەلای ئەو حەقیقەتە کێش دەکات، کە هونەر پێمانی دەڵێت و هەر لەوێشەوە ئاراستەی گرنگپێدانی ئێمە لە بواری هونەردا روو لە جوانییە و دوور لە مەعریفەیە، وەک ئەوەی حەقیقەت

تەنها لە ڕێگای مەعریفەی وێنەییەوە بە دەست بێت، یان لە ڕێگای نموونەی میتۆدی زانستە سروشتیەکانەوە. ئەوە فیکرەی سەرەکییە لە کتێبی (حەقیقەت و میتۆد) لەوێوەش نموونەیەکمان لەسەر قەیرانی زانستە مرۆییەکان پێشکەش دەکات، جگە لەوەش بە شێوەیەکی ئەکتیفانە بەشداری لە جێگیرکردنی ئەو قەیرانە دەکات (Gadamer, 1975, pp. 38–39 and Passim) بۆیە دەتوانین بڵێین کە هونەر لای گادامێر ئەگەرچی یەک ڕوو لە ڕووەکانی چالاکی هیرمینۆتیکی دەنوێنێ، بەڵام لە هەمان کاتتدا نوێنەرایەتی بوارێکی بە پیت و گرنگی ئەو چالاکییە دەکات، بەمجۆرە هونەر پارادیمێک لە نائاشنابوونی ئاگامەندیی ئیستێتیکی و ئاگامەندیی مێژوویی بەیەکەوە پێشکەش دەکات، بەڵام کاتێک ئاگامەندیی لە میانی تایبەتمەندی ئیستێتیکییەوە تەماشای هونەر دەکات، ئەوە ڕۆڵی ئەو مێژووە فەرامۆش دەکات، کە لە ڕابردوودا پێی هەڵساوە، هەروەها ئەو حەقیقەتەی کە پێمان دەڵێت و دەیەوێت هەتا ئێستاش پێمانی بڵێت. لێرەدا ئەرکی هیرمینۆتیکا خۆی لە تەجاوزکردنی ئەو نائاشناییەدا دەبینێتەوە، ئێمە لە ماهیەتی هونەر و ڕۆڵە مێژووییەکەی هونەر گەیشتووین و هونەر تێکەڵاوی دنیای ئێمە بووە. هەر لەوێشەوە هیرمینۆتیکای هونەر چارەسەری هەموو ئەو بوارە بە پیتانەی شارەزایی هیرمینۆتیکی دەکات، کە وەک پارادیمێک خۆی دەنوێنێ، پارادیمێک کە لە میانییەوە دەشێ چەمکی بەردەوامی و بەیەکگەیشتنی (continuation) مێژوویی پراکتیزە بکرێت و هەر لەوێشەوە شارەزایی هیرمینۆتیکی کەلەپور بە نسبەت ئێمە و ئامادەیی کەلەپور

له دنیای ئێمەدا وەک شتێکی باو دەخاتە روو، بەمجۆرە بە نسبەت ئێمەوە ئەوەی ئاسۆی بابەت کێش دەکات، دیار نییە هەتا تێکەڵ بەو دنیایە نەبێت کە ئێمەی تێدا دەژین. ئەو ئەرکەش کە جێگای بایەخی هیرمینۆتیکای گادامێرییە ئەوەیە کە گادامێر بە (ئاوێتەبوونی ئاسۆکان- fusion od horizons) ناوی دەبات.

# سەرچاوەکانی توێژینەوە


- د. سعيد توفيق: الخبرة الجمالية: دراسة فى فلسفة الجمال الظاهراتية. (بيروت: المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، سنه ١٩٩٢).

1- Gadamer, «The nature of the Thing and the Language of Things»(1960), in Philosophcal Hermeneutics, (University of California Press, 1972)

2- Gadamer,»The University of the Hermeneutical, Problem (1960) «in Philosophcal Hermeneutics.

3- Gadamer, «One the Scope and Function of Hermeneutical Reflection (1967)» in Philosophcal Hermeneutics.

4- Gadamer, Truth and Method, the English translation (New York: Continuurn, 1975).

5- Gadamer, Hegls Dialectic: Five Hermeneutical Studies. Truths. With an introduction by P. Christopher Smith (Ne Haven and London: Yale University of Press, 1976)

6- Gadamer, Philosophcal Apprenticeships, trans Robert R. Sulivan (Cambridge: Massachusetts, 1985).

7- Gadamer,» One the Origin of Philosophcal Hermeneutics» in Philosophcal Apprenticeships.

8- Gadamer, Jean « Hermeneutics and Relativism: in Festivals of Interpretation Essays on Hans-Georg Gadamers Work (State University of New York Press, 1990).

9- Heidegger, Being and Time, trans. Joan Maqurrie and Edwaed Robinson (New York: Harper and Row Pub., 1962).

10- Linge, Dadivid E. (ed. & trans.): Introduction to H-G. Gadamer: Philosophcal Hermeneutics.

11- Misged, Dieter «Poetry, Dialogue and Negtiation: Liberal Culture and Conservative Politics in Hans-Gadamers Thought» in Festivals of Interpretation.

12-Sulivan, araobert, Introduction to Gadamer Philosophcal Apprenticeships.

13- Weinsheimer, Joel C. Gadamers Hermeneutics: A Reading in Truth Method (New Haven and Londan: Yale University Press 1986).

14- Wiehl, Reiner: «Schleiermachers Hermeneutics, in Festivals of Interpretation.

15- Wrigh, kathleem (ed,) Festivals of Interpretation, see the interoduction.

(٣)

# هیرمینۆتیکای دەقی ئەدەبی
# لە نێوان هایدگەر و گادامێردا

## قەیرانی تازەگەری: قەیرانی فۆرم و میتۆد

لە واقیعی رۆشنبیریی عەرەبیی ئێمەدا بە گژ یەکداچوونێکی توند و دەمەتەقێیەکی بێ کەڵک لە بارەی چەمک و تایبەتمەندییەکانی فۆرم لە هەر یەک لە لایەنەکانی هونەری و ئەدەبیدا لەنێوان لایەنگرانی تازەگەری(١٢٨) و لایەنگرانی سونەتگەراییدا دەبینرێت. کێشـەی نـێـوان ئەو دوو لایەنە بە شێوەیەکی تایبەتی لە بارەی فۆرم لە دەقی شیعریدا بە ترۆپک گەیشتووە. ئەو دوو لایەنە بە گژ یەکداچووە، هەمیشە و لە هەموو لایەکیشەوە دۆڕاون، چونکە نەیانتوانیوە هیچ حەقیقەتێک لەو بارەوە بە دەست بهێنن، وەک چۆن هیچ یەکێک لەو دوو لایەنە لە بەرانبەر ئەدەبدا نەیانتوانیوە تەجاوزی بە دۆگمابوونی خۆیان بکەن (بە شێوەیەکی تایبەتی ئەوە بۆ درێژکراوەی هەمان هەڵوێستی ئەوان دەگەڕێتەوە کە بەرانبەر هونەر هەیانە): تازەگەران دێن و تەقلیدییەکان دەخەنە خانەی دواکەوتووەکان و کۆنەپەرستانەوە، پێیانوایە ئەوان توانایان بەسەر ئیبداع و دەقی کراوەی ئازاددا ناشکێ و دەکەونە دووتوێی نۆرم و فۆرمە تەقلیدییەکانەوە، بەڵام –

١٢٨– وشەی تازەگەری لە بری وشەی (الحداثة) عەرەبی بەکارهێناوە. وەرگێڕی کوردی.

له ڕووییەکی دیکەوە- هەمیشە تازەگەران لەسەر ئاستی ئیبداعی دۆڕاون، چونکە بە گشتی شاعیر و ئەدیبانێک دژەی ڕیزەکانیان دەکەن و خۆیان لە بانگەشەکردنی ئازادبوون لە فۆڕمە تەقلیدییەکاندا دەبیننەوە، کە لە بنەڕەتدا ئەو فۆڕمە تەقلیدییانە بۆ ئەوان پەردەیەکە و خۆیانیان لە پشت شاردۆتەوە، چونکە هەرگیز توانای ئەوەیان نییە، کە بۆچوونی خۆیان بۆ دنیا و ژیان و بوونی مرۆیی دەربڕن. هەمیشە هەردوو لایەنی بەگژیەکداچوو دۆڕاون، چونکە دەکەونە نێو قەیران و شەڕێکی ناحەقیقییەوە و لە بیریان دەچێ لە کۆتاییدا فۆڕم چ بۆ هونەرمەند چ بۆ ئەدیب جگە لە شێوازێک بۆ تەماشاکردنی دنیا شتێکی دیکە نییە: بەو مانایەش ڕێساکانی دید و بۆچوون یان فۆڕمی هونەری- وەک میرلۆپۆنتی (Merleau ponty)(١٢٩) فێرمان دەکات- تەنها کۆمەڵێک شێوازن بۆ دیتنی دنیا، بەڵام خودی دنیا لە هیچ یەکێک لەو فۆرمانەدا جێگیر نابێت، وەک چۆن لە سروشتی ئەودا نییە هیچ یاسایەک لەخۆ بگرێت: کەواتە شێواز بۆخۆی ئامانج نییە، بەڵکو هۆکارێکە هونەرمەند یان ئەدیب لە میانی هەوڵی کارەکانیدا بۆ کەشفکردنی ئەو دنیایەی کە تێیدا دەژی بەکاری دەهێنێت.

لێرەدا ئامانجی ئێمە چوونە ناو ئەو هەموو دیباتە تایبەتەو دەمەتەقێیە ڕۆشنبیرییە نییە، لەسەر حیسابی گروپێک لە

---

129 - Maurice Merleau-Ponty, Sings, translated by Richard Mo-Cleary Evanston; Nothwestern University Press, 1973, pp, 49 ff

انظر ایضا کتابنا: الخبرة الجمالیة: دراسة فی فلسفة الجمال الظاهراتیة. (بیروت: المؤسسة الجامعیة للدراسات والنشر والتوزیع، سنة ١٩٩٢) ص ٢٢٠ وما بعدها.

بەرانبەر گروپەکەی دیکەدا، بەڵکو ئامانجی ئێمە لەسەر ئاستی تیۆری ئەدەبی و رەخنەییەوە تەنها کەشفکردنی ئەو قەیرانە مەعریفییە کپ کراوەیە، کە دەکەوێتە پشت هەڵوێستەکانی تازەگەرییەوە، ئەوەش بۆ ئێمە خاڵی دەستپێکە بەرەو تێگەیشتنی هەڵوێستی هیرمینۆتیکی هاوچەرخ، لە بارەی دەقی ئەدەبییەوە: بێگومان هەڵوێستی تازەگەری لەسەر ئاستی ئیبداعی رەنگە کۆمەڵێک فۆرمی نوێ بۆ تەعبیرکردن بخاتە روو، تاکو هەوڵبدات لە فۆرمە تەقلیدییەکە رزگاری ببێت، بەڵام لەسەر ئاستی تیۆرییەوە تەلزگەی راستەقینە(١٣٠) بۆ هەڵوێستی تازەگەریی ئەوەیە، کە خۆی لە وێناکردنی چەمکی ئەو (فۆرم)انەوە حەشار داوە، وەک ئەوەی کە ئامانج و چوارچێوەیەکی رەهای بە دەست هێنا بێت، هەر لەوێشەوە هەڵوێستی تازەگەرییانەی خۆی دەخاتە دووتوێی هەمان ئەو تەلەزگەیەی کە دەیەوێت هەڵوێستە تەقلیدییە جۆراوجۆرەکانی تێبخات. ئەوەش بەو مانایە دێت، کە لە دواجاردا هەڵوێستی تازەگەریی وەک واقیعێک یان داکەوتێک لە فێڵەکانی چەمکی (فۆرمی ئیستێتیکی) یان (وێنەی هونەری) دەمێنێتەوە، کە خۆی وەک دوا پێوانەی هونەری و ئەدەبی دەنوێنێ.

لەگەڵ هەموو ئەوەشدا ئاراستەکانی تیۆری تازەگەری ئەدەبی، ئەو تازەگەرییەی کە لە واقیعی رۆشنبیریی ئێمەدا بڵاوە، هەمان ئەو ئاراستانەن کە مامەڵە لەگەڵ (فۆرمی هونەری)دا دەکەن، بۆیە تەنها وەک فروفێڵ دەمێننەوە،

---

١٣٠- بە مانایەکی دیکە بە راستی لێرەوە دەرگاکان بە رووی تازەگەرییەوە دادەخرێن... - وەرگێڕی کوردی.

لەوانەش بە شێوەیەکی تایبەتی دەتوانین بونیادگەری و سیمیۆتیکا...(١٣١) وەک نموونە وەربگرین، کەواتە لە دیدی ئەو ئاراستانەوە، چەمکی (فۆرمی هونەری) بەشێک لە شوێن بایەخپێدان بە مەسەلەی بونیاد لە خۆ دەگرێت، یان ئاراستەی توێژینەوە، کە زانستی دەق یان ئەوەی بە (ئەنالیزەکردنی گوتار discourse analysis) ناوی دەبرێت، لە زۆربەی حاڵەتەکانیشدا هەموو ئەو لێکۆڵینەوانە لە دیدێکی بونیادگەری یان سیمیۆلۆژییەوە(١٣٢) دەنوسرێن، لەسەر ئەو بنەمایەی کە « زانستی بونیادنانی دەق بە هەموو ئاستە جیاوازەکانییەوە وەک ئەرکێک خۆی لە وەسفکردنی پەیوەندییە ناوەکی و دەرەکیەکانی بونیاددا دەبینێتەوە، وەک چۆن لێکدانەوەی دیاردە جیاوازەکانی فۆرمەکانی بەیەکگەیشتن و بەکارهێنانی زمانیش لەخۆ دەگرێت، وەک ئەوەی لە زانستە جۆراوجۆرەکانەوە شیکردنەوەیان بۆ دەکرێت»(١٣٣) لێرەدا شیکردنەوەی بونیادگەری وەک تاکە

---

١٣١- سیمیۆتیک (semiotic) واتە زانستی هێما، بەکارهێنانی ئەو دەستەواژەیە بۆ بواری لێکۆڵینەوە لە هێماکان لە بری دەستەواژەی (سیمیۆلۆژیا) پەیوەندی بە زمانەوانی ئەمریکی (شارل ساندرس پێرس)ەوە هەیە... - وەرگێڕی کوردی.

١٣٢- سیمیۆلۆژیا (semiology) واتە زانستی هێماکان، ئەو زانستە لەو هێمایانە دەکۆڵێتەوە کە لە ژیاندا بە کار دێن و بە دوو شێوە، یەکەم: لێکۆڵینەوە لە چییەتی هێما و دیاریکردنی پێکهاتەی هێما و مەرجەکانی یەکێک لەو زمانەوانەی کە لەو بوارەدا کاری کردووە (پێرس)ە. دووەم، لێکۆڵینەوە لە ئەرکی هێما لە بواری گەیاندنی زانیارییدا ئەوەش زێتر بەلای سوسێردایە... -وەرگێڕی کوردی.

١٣٣- صلاح فضل، بلاغة الخطاب وعلم النص (الكويت: سلسلة عالم المعرفة، المجلس الوطني للثقافه والفنون والادب، العدد ١٦٤، سنة ١٩٩٢) ص ٢٧٤.

شێوازی نزیکبوونەوە لە دەق و ئامانجی هەموو زانستەکانو ئاراستە مەعریفییە جۆراوجۆرەکان تەماشا دەکرێت.

بە هەمان شێوەش سیمیۆتیکا لە میانی لێکۆڵینەوە لە بونیادە گشتییەکانی دەقە ئەدەبییەکانەوە لە دەقی ئەدەبی دەگات، وەک ئەوەی دەقی ئەدەبی ناوکۆییەک بێت لە کۆمەڵێک نیشانەی داخراو بەسەر خۆیدا و ئاماژە بە شتێک لە دەرەوەی خۆی نەکات، جا چ ئەو شتە واقیعی کۆمەڵایەتی بێت، یان بە شێوەیەکی گشتی بوونی مرۆیی بێت. بەڵام سیمیۆتیکا-یان زانستی ئاماژەکان- (١٣٤) دێت دراسەی ئاماژە زارەکییەکان وەک بەشێک لە ناو سیستمی ئاماژەکان دەکات، بۆیە ئەوە ئەو زانستەیە، کە دەست بۆ هەموو دەلالەتە ئاماژەییە زارەکی و نازارەکییەکان درێژ دەکات، وەک: مۆدەکان و نازناوەکان و ناونیشانەکان... لە کۆتایشدا دەیەوێت بە رێسایەکی گشتی بگات، بۆ ئەوەی پەیوەندی نێوان ئاماژەکان و رەگەزەکانیان و رەمزەکانیان و دەلالەتەکانیان رێکبخات. ئەو وێناکردنە سیمیۆتیکییەی زمان کە بە شێوەیەکی گشتی بە دیدی بونیادگەرییەوە لکاوە، لە کۆتاییدا هەنگاو بەرەو ونبونی ناسنامەی زمان و دواتریش هەنگاو بەرەو ونبونی ناسنامەی خودی دەقی ئەدەبی دەنێت و لە ناوکۆییەک لە هێما رەمزییەکان کورتی دەکاتەوە و دەست بەسەر تەواوی تایبەتمەندییەکانی دەق یان کاری ئەدەبی و تواناکانی تەعبیرکردنی لە بارەی واقیعی ژیانی مرۆڤایەتیەوە دەگرێت، ئیتر دەبێتە کورتکراوەیەکی دیکە

١٣٤- وشەی (ئاماژەکان) لە بری وشەی (علامات- علامة= sign) بەکارهێناوە. وەرگێڕی کوردی.

لە ناو ناوکۆییەکی رەمزیدا. ئەو قەیرانەش زۆر بە جوانی لەلایەن (شکری عیاد)ەوە لەو دەقەی خوارەوەدا دەستی بۆ براوە و بۆیە ئەگەرچی دەقی ناوبراو راستەوخۆش پەیوەندی بە بابەتەکەی ئێمەوە نییە، بەڵام بە پێویستی دەزانم وەری بگرم:

«لەگەڵ ئەوەی بابەتی سیمیۆتیکا، رێکخەری هەموو ئەو ئاماژانەیە، کە لە رووی کۆمەڵایەتییەوە ناسراون- شتێک لە بارەی گەڕانەوەی رەخنە بۆ ئاسۆی دەلالەتە کۆمەڵایەتییەکان دەخاتە روو، بەو مانایەش سیمیۆتیکا (بەلای کەمی لە دنیای خۆرئاوادا) لەو رێکخستنە دەڕوانێت، وەک ئەوەی بۆخۆی واقیع بێت، ئینجا هێما راڤە ناکرێت تەنها بە هێمای وەک خۆی نەبێت. بەمجۆرە سیمیۆتیکا رەخنە بە «هەڵوەشانەوەگەری» دەسپێرێت، هەڵوەشانەوەگەریش هیچ شتێ لە «دەق»دا نابینێت، تەنها وەک ناسراو نەبێت... تەنها کراسێک لە تۆڕێکی بی کۆتایی لە ئاماژە یان دڵۆپێک لە دەریای ئاماژەکانەوە نەبێت کە سنور ناس ناکات. بەمجۆرە چەمکی دەق لەلایان بەرفرەوان دەبێت و بە هەموو ژانرێکی ئەدەبی دەگوترێت «دەق»، ئەوەش نزیکترین بەکارهێنانە لە رووی ئابورییەوە، یان لە رووی ئەدەبییەوە بە گشتی و لای زۆربەی ئەوانەی سنوری نێوان ژانرە ئەدەبیەکان دەروخێنن و هەندێکجاریش مانایەکی لەوە بەرفرەوانتری لێ داوا دەکەن، ئەگەر رێکخەری ئاماژەکان بە هەموو جۆرەکانییەوە لەخۆ بگرێت، یان ژیان بەڵام نەک بەو مانایەی کە دەکەوێتە دەرەوەی بوون، بەڵکو بەو

مانایەی کە سیتمێکە پەیوەستە بە ئاماژەکانـەوە»(١٣٥)

لێرەدا بە کورتی ئەوەی پێیگەیشتووین ئەوەیە، کە دەشێ ئاراستەکانی تازەگەریی باو لە بواری ئەدەبی و رەخنەییدا بە (نائاشنابوونی دەق لە فۆرمێکی ئەبستراک)دا ناو بەرین، دواتریش ونبوونی ناسنامە و تایبەتمەندییەکانی دەقی ئەدەبی و ونبوونی رەهەندە ئۆنتۆلۆجییەکانی و رۆڵی مێژوویی، کەچی- لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا- هەتا ئێستاش نوسینگەلێک دەبینین، کە بە گەرمییەوە بانگەشەی سیمیۆتیکا دەکات و وەک ئامانجی لێکۆڵینەوە جەخت لە فیکرەی فۆرمو ئاماژە ئەبستراکەکان دەکاتەوە، بە بێ ئەوەی ئاوڕ لە حەقیقەتی ئەو قەیرانە بداتەوە کە لە پشت ئەوانەوەیە، ئەگەر بە راشکاوانە لە سیمیۆتیکا بدوێین، ئەوە «سیمیۆتیکا بە بەیەکەوە بەستنەوەی نێوان ئاماژەکان هەڵدەستێت، وەک چۆن فەیلەسوف چەمکەکان بە یەکەوە دەبەستێتەوە، هەڵبەتە فەلسەفە لە ناوەڕۆکەوە دەست پێدەکات، بەڵام سیمیۆتیکا وەک ئەوەی مرۆڤ تێیگەیشتووە، لە فۆرمەوە دەست پێدەکات، فەلسەفە دەیەوێت کلیلی ژیان بە دەست بهێنێت، بەڵام سیمیۆتیکا هەر تەنها هێلکارییەکانی بوون دەکێشێت»(١٣٦)

***

تایبەتمەندییە گشتیەکان، یان بە گشتاندنێک کە لە بواری

---

١٣٥- شکری عیاد، دائرة الابداع: مقدمة فی اصول النقد (القاهرة: دار الیاس العصریة، سنة ١٩٨٦)، ص ١٢٢.

١٣٦- أنظمة المعلومات فی اللغة والادب والثقافة: مدخل الی سیمیوطیقا، اشراف سیزا فاسم و نصر ابو زید (القاهرة: دار الیاس العصریة، سنة ١٩٨٨)، انظر مقدمة فریال جبوری غزول، ص ١٤.

تیۆریزەکردنی ئەدەبییەوە ئاراستەکانی تازەگەری بەرهەم هێناوە و دەیەوێت لە میانی بایەخدان بە پرنسیبەکانی تیۆری گشتی و پەیوەندییە ئەبستراکەکانی فۆرمەوە، خۆی وەک مۆرکێکی زانستی بخاتەوە، هەموو ئەو تایبەتمەندییانە لەسەر ئاستی تیۆری ئەدەبی و رەخنەییەوە بەرەو وێنەیەکی دیکەی قەیرانەکانی تازەگەرییمان دەکەنەوە: ئەویش قەیرانی میتۆدە، کەواتە قەیرانی فۆرم وەک زەرورەت بەرەو قەیرانی میتۆد رابەرایەتیمان دەکات. ئێمە مەبەستمان لە قەیرانی میتۆد ئەو پرۆسەیەیە کە لە میانی «چوارچێوەدانان بۆ دەق» دێتە دی: چوارچێوەدانان بۆ دەق واتە دەق بخرێتە دووتوێی کۆمەڵێک پرنسیب و رێسای گشتییەوە، بخرێتە دووتوێی تیۆرێک کە دەیەوێت دەست بە سەر بونیادی گشتی دەقە ئەدەبییەکاندا بگرێت و خەفەیان بکات، ئەو دەقە ئەدەبییانەی کە دەیانەوێت لە ناوەوە بیانپشکنیت. بەمجۆرە دەق ملکەچی کۆمەڵێک رێسا دەکرێت کە یاری فۆرم و بە فۆرمبوون یان بونیادی زمانەوانی بەرێوەی دەبات.

پرۆسەی «چوارچێوەدانان بۆ دەق» بە هەمان شێوە لە نوسینەکانی ئەو بازنەیەش دەبینرێت، کە بانگەشە لە بارەی سیمیۆتیکا و بونیادگەرییەوە دەکات، بە بێ ئەوەی ئاوڕ لە قەیرانی خودی ئەو میتۆدانە بدەنەوە، دەبینین هەمیشە جەخت لەوە دەکەنەوە کە سیمیۆتیکا وەک دیاردەیەک یان بابەتێکی ئەزموونگەریی لە دەقی ئەدەبی دەکۆڵێتەوە «ملکەچی کۆمەڵێک رێسای گشتی دەکات، هەر ئەو رێسا گشتیانەش بەیەکداچوون و یەکتربڕینەکانی دەقی ئەدەبی لەگەڵ ناوکۆییەکانی دیکەدا بەرێوە دەبەن. بە مانایەکی دیکە

ئامانجی دراسەکردنی بونیادی گشتی دەقە ئەدەبییەکانە- لە میانی وێناکردنێکی گشتی رووت بۆ ئەو بونیادە شاراوانەی کە دەکەونە پشت فۆرمەلەکردنی دەقی ئەدەبییەوە، ئینجا لە میانی پراکتیزەکردنی ئەو وێناکردنە بەسەر دەقی ئەدەبی یان کۆمەڵێک دەقی ئەدەبییەوە، دەشێ بەجێهێنانی ئەو هێلکارییەش بەرەو مەعریفەیەکی میکانیزمی فۆرمەلەکردنی دەقە ئەدەبییەکانی رابردوومان بەرێت»(١٣٧) هەمان ئەو وێناکردنە میتۆدییەش لەو لێکۆڵینەوە باو و بڵاوانەدا دەبینین کە لە دیدێکی بونیادگەرانەوە دەست بۆ دەقی ئەدەبی دەبەن، لێرەدا هەمیشە پێناسەیەک بۆ زانستی دەق دەکەن، بەو مانایەی کە: زانستێکە دراسەکردنی بونیادە وردو درشتەکانی دەق بە ئامانجی خۆی دادەنێت- هەڵبەتە دەقە ئەدەبیەکانیش- واتە لە یەکە بونیادییە گشتیەکانی دەق‌و هەموو ئەو بونیادە یەک بە دوایەکداهاتووە جزئیانەش دەکۆڵێتەوە، کە لە نێوان بونیادە گشتیەکانەوە دەبینرێن، بەو مانایەش هەمیشە لێرەدا کۆمەڵێک بونیادی تیۆری و ئەزموونی هەن، کە بنەما گشتیەکانی مەعریفەی گشتگیر لەخۆ دەگرن.(١٣٨)

بێگومان مامەڵە کردن لەگەڵ دەقی ئەدەبی وەک بابەتێکی ئەزموونگەریی کە بشێ هەمیشە وەک دەقە زمانەوانییەکان ملکەچی یاسا یان رێسا گشتیەکانی بکەین، پرۆسەیەکە وەک پێویست بەرەو ئەوەمان نابات کە شتێک

١٣٧- سیزا قاسم، السیمیوتیکا: حول بعض المفاهیم والابعاد (ضمن الکتاب السابق) ص ١٨.

١٣٨- صلاح فضل، بلاغە الخطاب وعلم النص، ص ٢٥٣.

لە بیر بکەین ئەویش ناسنامەی دەقی ئەدەبی و ونکردنی تایبەتمەندێتی ئەو دەقەیە کە نیازە بیپشکنین، بەڵکو ئەو مەسەلەیە ڕێگامان پێدەدات هەموو دەقێک وەک بابەت یان ماددەی تاقیکردنەوەی ڕەخنەیی سەیر بکەین، ئەگەرچی بەهایەکەیشی ئەوەندە نەبێت، چونکە لێرەدا ئامانج بۆ خودی دەقەکە ناگەڕێتەوە، بەڵکو بۆ ئەو میتۆدە یان ئەو چوارچێوەیە دەگەڕێتەوە کە دەقەکەی پێدەخوێنرێتەوە. بەمجۆرە ئەوە ئاراستەکانی تازەگەرییە لەسەر ئاستی تیۆری بەشداری لە جێگیرکردنی وێنەیەک لە وێنەکانی قەیرانی تازەگەری دەکات لەسەر ئاستی ئیبداعیدا.

کەواتە قەیرانی میتۆد کە لەسەر چوارچێوەدانان بۆ دەق رادەبێتەوە، قەیرانی میتۆدێکە کە پشت بە وەهمی بابەتگەرایی دەبەستێت و کەسایەتی دەق دەشارێتەوە و دەیخاتە دووتوێی چوارچێوەی ئامادەکراوەوە. وەهمی بابەتگەرایش وەهمێکە لە وەهەمەکانی مەیلی زانستی یان ئامانجی زانستی- یان ئەگەر وردتر بدوێین: مەیلی بە زانستکردن (scientism) - مەیلی بە زانستکردنیش دەکەوێتە دووتوێی زانستە مرۆییەکان و دەیەوێت دەست بەسەر پارادیمەکانی زانستی سرووشتیدا بگرێت، لە کاتێکدا خودی زانستی سرووشتی وازی لەو نموونە تەقلیدییانە هێناوە کە هەوڵی بابەتگەرایی رەها و یەقینی دەدەن، هەتا فەیلەسوفانی زانستە هاوچەرخەکانیش- لەوانەش (فیرابند P.feyerabend) وا تەماشای مەعریفەی زانستی دەکات وەک ئەوەی مەعریفەیەک بێت تاک نموونەیی بۆ پێوانەکردن قبووڵ نەبێت، هەتا فیکرەی میتۆدیش کە لەسەر پرنسیبی

جێگیر و یەقینی رەها وەستا بێت، ئەوە ئەو فیکرەیە بەلای ئەو لە جێی نەبووندایە.(١٣٩)

❊❊❊

وەک دیارە لە هەموو ئەوانەی پێشووی باسەکەمان، خۆمان بەلا ناوە و خۆمان بە رەخنەگرتن لە بونیادگەریو سیمیۆلۆجی سەرقاڵ کردووە، لە بری ئەوەی خەریکی بەرجەستەکردنی هیرمینۆتیکا و رۆڵی هیرمینۆتیکا بین، لە بواری رەخنە و تیۆری ئەدەبییەوە. بەڵام لە راستیدا ئێمە رەخنە لە خودی بونیادگەری و سیمیۆلۆجیا ناگرین، بەڵکو دەمانەوێت باسی قەیرانی تازەگەری بکەین وەک چۆن لەو دوو ئاراستەیەدا بەرجەستە و گەلاڵە بووە، دواجار لەوێشەوە بە بنبەست گەیشتین. بەڵام لەبەر ئەوەی هیرمینۆتیکا – بە دیاریکراوی- ئاگاداری ئەو قەیرانەیە و هەوڵدەدات تەجاوزی بکات، بۆیە ئەو پێشەکییەمان بە زەروری زانی تاکو لەوێوە لە بنەماکانی هیرمینۆتیکا و رۆڵی هیرمینۆتیکا لە بواری تیۆری ئەدەبی و رەخنەی ئەدەبی بگەین. ئێستاش کاتی ئەوەیە گوێمان لە بانگی هیرمینۆتیکا و دەنگدانەوەی هیرمینۆتیکا بێت لە وڵاتانی عەرەبیدا، نەک هەر لە بواری تیۆری ئەدەبییەوە بەڵکو لە تەواوی زانستە مرۆییەکان کە ئێستا لە میانی میتۆدەکانەوە بە شۆڕشی پاشەکشەکردندا دەڕوات و دەیەوێت دووبارە چاو بە چالاکییەکانی خۆیدا

١٣٩– انظر فی ذالک کتابنا: جدل حول عملية علم الجمال، دراسات على حدود مناهج البحث العلمی (القاهرة: دار الثقافة والتوزيع، سنة ١٩٩٤) ص ٣٧ وما بعدها. انظر ايضا:

P. Feyerabend, Against Method (LondonVerso, 1980) p. 23 .and passim

بخشێنێتەوە. لە راستیدا هیرمینۆتیکای هاوچەرخ کە هایدگەر پشتی دەگرێت و پێشرەوی دەکات لە حەفتاکانەوە لە دنیای ئەنگلۆساکسۆنیدا دەنگی دەبیسرێت، ئەوەش ئەو کاتە بوو کە پڕشنگەکانی هایدگەر بۆ تەجاوزکردنی تازەگەری لە ئاسۆدا دەبریسکایەوە، هەموو ئەو ئاماژانەش بوونە سەرچاوەی بنەڕەتی و ئیلهامبەخشی رەخنەیەک کە بە ناوی «پۆست مۆدێرنە» یان «پۆست بونیادگەری» خۆی دەناساند. کەواتە زۆر لە راستی دوور ناکەوینەوە، ئەگەر لەگەڵ هەندێک لە توێژەران بڵێین هەموو ئەو نوسینانەی کە بە رۆحێکی هایدگەرییانە دەنوسرێن، نوسینگەلێکن پێماندەڵێن «ئەدەبی خۆرئاوایی یان بەلای کەمی تیۆری ئەدەبی خۆرئاوایی، ئەگەر لە گیانەڵادا نەبێت، ئەوە بەرەو کۆتایی دەڕوات»(١٤٠)

---

140 - Willam V. Spanos, Murtin Heidegger and the Question of Literure Toward a Postmodern Lttaty Grilicsm (Bloomington, London: Indiaua Universty Press, 1979). P.xv.

## هیرمینۆتیکای هاوچەرخ

### ئەوەی دەکەوێتە پشت فۆرم و میتۆدەوە

تێرمی هیرمینۆتیکا (hermeneutics) لە بنەڕەتدا تێرمێکە سەر بە قوتابخانەی تیۆلۆجی (theology) لاهوتییە، دەلالەتی لەو میتۆدە زانستییە دەکرد، کە ئامانجی راڤەکردنی دەقە بیرۆزەکان بوو، ئەو دەقانەی کە تێگەیشتنیان ئاسان نەبوو و وەرگر لە بەرانبەر ماناکانیدا هەستی بە نائاشنابوون دەکرد، لە راستیدا دەلالەتی ئەو تێرمە دواتر لەگەڵ هیرمینۆتیکای کلاسیزمی –تەقلیدی– (شلیرماخەر ١٧٦٨– -Shleierm acher1834) و (دیلتا Dilthey 1833–1911) بەرفرەوان بوو و توانی تەجاوزی دەقە ئایینیەکان و تەواوی دەقە زمانەوانییەکان بکات و ببێتە زانستێکی گشتی بۆ تێگەیشتن و میتۆدێک بۆ راڤەکردنی هەموو دیاردەیەک لە دیاردەکانی زانستە مرۆییەکان. دەبێ بڵێین ئەو هیرمینۆتیکایە کلاسیکییە هەر لە سەرەتاوە هەوڵی داوە بە ناخی بوون و رۆحی مرۆییدا رۆ بچێت، پاشان لە پرۆسەی راڤەکردنی خودی دەقەکاندا خۆی بە تێگەیشتن لە فۆرم یان بونیادی زمانەوانی داخراو خەریک نەکردووە، دیلتای لە یەکێک لە دانراوەکانیدا «سەرەتای دروستبوونی هیرمینۆتیکا Entcstehung der Hermeneutik» دەڵێت «هونەری

تێگەیشتن لە پاشماوەکانی بوونی مرۆیی دەکۆڵێتەوە، ئەو بوونەی لە نێو کتێبەکاندا پارێزراوە».(١٤١)

لەگەڵ ئەوەشدا هیرمینۆتیکا هەر وەک بەندەی میتۆد مایەوە و دواتریش نەیتوانی خۆی لەو مەیلە بابەتگەراییەی راڤەکردنی دەق رزگار بکات، ئەو مەیلەی کە بەندە بە پارادیمی میتۆدی باو لە زانستە سروشتییە تازەگەرەکانەوە: لێرەوەیە شلیرماخەر دەق وەک ناوەندیارێکی زمانەوانی بابەتگەرا دەبینێ، کە لە میانی فیکری دانەرەوە بە خوێنەر یان راڤەکار دەگات، ئەو ناوەندیارە زمانەوانییەش وەک بابەت خۆی دەنوێنێ، چونکە تەعبیر لە لایەنێکی هاوبەش دەکات، هەر ئەو لایەنەش وا دەکات پرۆسەی تێگەیشتن شیاو بکەوێتەوە. بە هەمان شێوەش دیلتای سەیری نیشانە-ئاماژە (علامات sign)ی زمانەوانی دەکات وەک ئەوەی بنەمایەکی گشتی بە بابەتکردن بێت و ژیان و رووداوە ناوەکییەکان لە دەرەوەی ئەو بوونیان نەبێت، بەمجۆرەش دەشێ لە بەرهەمی شاعیرێک یان داهێنەرێکی گەورە یان عەبقەرییەکی ئایینی یان فەیلەسوفێکی حەقیقی بگەین، ئەگەر بە راستی لە رێگای ئەو رەمز و کۆدە نیشانە- ئاماژە خوازە هەستیانەی کە قابیلی تێگەیشتنن گوزارشتی لە ژیان خۆی و رۆحی خۆی و ناوەوەی خۆی کردبێت.

بەمجۆرە دەتوانین بڵێین هیرمینۆتیکای دەقی هاوچەرخ بە تایبەتی لای هایدگەر و گادامێر، بۆی دەردەکەوێت کە هیرمینۆتیکای کلاسیک یان بابەتگەرایی شلیرماخەر و

141- Qouted in Reiner «Wiehl: Schjemachers Hermeneutics in Festivals of Interpetation: Essays on Hans Gearg Gadamers Work, ed. by Kathleen Wright (State University Press, 1990), p. 28.

دیلتای نەیتوانیوە لەو شێوازە فیکرییە تەقلیدییە رزگاریان ببێت، کە بە شێوەیەکی بابەتگەرایانە دەیانەوێت لە دیاردە وجودییە مرۆییەکانی وەک هونەر و زمان و دواتر خودی دەقی ئەدەبی تێبگەن و راڤەی بکەنەوە. ئینجا رەخنەی هایدگەر و گادامێر لە راستیدا رەخنەگرتنە لە شێوازە باوەکەی بیرکردنەوە و تێگەیشتنی فیکری خۆرئاوایی، ئەوەی هەتا ئێستا واتە هەتا دوای هیرمینۆتیکای کلاسیکو رێبازە رەخنەیی و تیۆرییە ئەدەبییە هاوچەرخەکانیش درێژە بەخۆیان دەدەن.

هیرمینۆتیکای هایدگەری بە «هیرمینۆتیکای فینۆمینۆلۆجی» یان «دیاردەگەرایی phenomenological hermeneutics» خۆی دەناسێنێت، فینۆمینۆلۆجییە چونکە خۆی بە راڤەکردنی ماهیەت یان مانای دیاردەکانی بوونی مرۆییەوە خەریک دەکات، کە پەیوەندییەکی سۆزدارانەی بە خودی دیاردە بوونییەکانەوە هەیە، لە نێوان ئەو دیاردە مرۆییانەش کە هایدگەر خۆی پێوە سەرقاڵ دەکات: شیعرو هونەرە، و هایدگەر لە دووتوێی تێگەیشتن لە چییەتی خودی زمان، رێگایەکی بۆ گەیشتن بە ماناکانی شیعر و هونەر دۆزیوەتەوە. بەڵام هیرمینۆتیکای گادامێری کە بە «هیرمینۆتیکای فەلسەفی philosophical hermeneutics» ناسراوە، درێژ دەبێتەوە بۆ ئەوەی هەموو تێگەیشتن و راڤەکردنێک لە خۆ بگرێت، کە قابیلی حاڵیبوون و عەقڵبڕینە، هیرمینۆتیکای گادامێری ئەگەرچی دووبارەکردنەوەی هیرمینۆتیکای هایدگەریش نەبێت، بەڵام دەشێ درێژکراوەی بنەماکان و بەرفرەوانکردی ئاسۆکانی ئەو

بێت، بەو مانایەش بۆ پاشکۆی فینۆمینۆلۆجیا دەگەڕێتەوە.

لێرەدا دوو خەسڵەتی بنەڕەتی هەیە، کە هیرمینۆتیکای گادامێری لە مامەڵەکردنی لەگەڵ دەق جیا دەکاتەوە و رەنگدانەوەیان لە هیرمینۆتیکای گادامێریدا دەبینرێت: خەسڵەتی یەکەم ئەوەیە کە دەق کەشفی بوون دەکاتو حەقیقەت یان ئەو مانایە لەخۆ دەگرێت کە تەجاوزی چوارچێوەی بونیادە فۆرمئامێزەکەی دەکات. دووەم راڤەکردنی دەق- دواتر تێگەیشتنی- پێویستی بەوە هەیە کە چوارچێوەی خودگەرایی و بابەتگەرایی بەیەکەوە تێپەڕێنێت- ئەو دوو خەسڵەتەش لە هەمان کاتتدا لەلای هایدگەر دوو خەسڵەتی خودی زمانن، ئەوەش بەو مانایە دێت کە هەنگاونان بەرەو تێگەیشتنی دەق بە ناچاری خۆی لە تێگەیشتنی چییەتی زماندا دەبینێتەوە. لێرە لە میانی تێگەیشتنمان لە بواری زمان بۆ ئەو دوو خەسڵەتە و دواتر لە بواری دەقیش بۆمان دەردەکەوێت کە هیرمینۆتیکای دەقی هاوچەرخ چۆن بەیەکەوە تەجاوزی فۆرم و میتۆدی کردووە:

### یەکەم- هیرمینۆتیکای دەق ئەوەی دەکەوێتە پشت فۆرمەوە

بایەخدانی هایدگەر بە زمان بۆ ماوەیەکی زۆر زووتر لە فیکر دەگەڕێتەوە، ئەویش ئەو کاتە بوو، کە تێیدا بەرهەمەکەی «بوون و کات- Being and Time»ی داهێنا، ئەو بایەخدانە وای کرد هەمووی بگرێتەوە، یان تەواوی بوارە فیکرییەکەی هایدگەری گرتەوە، وێرای ئەو بوارەی کە دواتر خەریکی بوو.

نوسینەکانی هایدگەر لەسەر زمان، لە دنیای زانستی زمان (Linguistics) و سیمیۆتیکا و فەلسەفەی شیکردنەوەی زمان، دنیابینییەکی گاڵتەجاڕانەمان لە بەرانبەر وێناکردنە تەقلیدییەکەی زمانی باوەوە پێشکەش دەکات، چونکە وێناکردنی تەقلیدیی وێناکردنێکە لە رووی تیۆری میتۆدییەوە لە زمان دەکۆڵێتەوە و بونیادە بنەڕەتیەکانی یان قووڵەکانی رستەی زمانەوانی رووت دەکاتەوە، و دێت وەک رێزمان یان پەیوەندییەکان پارادیمێک بۆ سیستمی زمان دادەمەزرێنێت، کە وا دەکات قسەکردن بە زمان مەسەلەیەکی شیاو بێت. نموونەی ئەو وێناکردنە باوەی کە لەسەر زمان وەستاوە (واتە فۆرمەلەکردن بە شێوەیەکی لۆژیکیانە) و ئەوەی کە هایدگەر لە «بوون و کات» بە کردەی (چوارچێوە بۆ دانان)ی زمان (Ge- stell (enframing وەسفی دەکات، یان بیرکردنەوەی ئامارکاریی تەمسیلیانە بۆ زمان، هەموو ئەو وێناکردنە تەقلیدییانە، وا لە هایدگەر دەکەن بۆ رزگاربوون بانگمان بکات، ئەو بانگەشەیەی هایدگەر بۆ ئازادکردنی زمان یان رزگارکردنی زمان لە رێزمان و لۆژیک و فۆرمەلەکردنە زمانەوانییەکان- وەک (جیرالد برونز G. Bruns) بۆمان روونی دەکاتەوە- هەمان ئەو بانگەشەیە، کە هایدگەر لەساڵی (١٩٥٩) لە وتارەکەیدا بە ناونیشانی «رێگایەک بەرەو زمان (Dcr Weg zur Sprache (The way to Language» کاری لەسەر کردووە. کاتێک لەوێدا هایدگەر قسە لە کێشکردنی زمان بەرەو زمان دەکات، بەو مانایەی کە زمانە لە نێو زماندا (Bringing language as a language to language) ئەوە قسەکردن نییە لە کێشکردنی زمان،

بۆ ئەوەی سەرنجی خۆمانی بخەینە سەر و لێکۆڵینەوەی لەبارەوە بکەین، یان بونیادە قووڵەکانی رووت بکەینەوە یان زمانێکی راڤەکارانە-یان میتا زمان- (metalangusge) ی لێدروست بکەین، بەڵکو ئەو پێش هەموو شتێک قسە لە بوارێکی دیاریکراو دەکات، کە زمان تێیدا زیندوو دەبێتەوە، کە ئێمە لە بەدواداچوونیدا واقیعی بین، لەبری ئەوەی ئەو (واتە زمان) بکەوێتە دوای ئێمەوە. کەچی - وەک ئەوەی بونز- دەیبینێت «رێگایەک بەرەو زمان Dcr Weg zur Sprache (The way to Language»ی هایدگەر سوودی نییە،(١٤٢) چونکە جگە لە مانایەکی درێژکراوە کە ئاماژە بە رێگایەک دەدات بەرەو مەعریفەی زمان شتێکی دیکە نییە، واتە جگە لە رێگایەکی دیکە بۆ نواندنی زمان لە میانی گرایمەر و پێکهاتەی سینتاکسی و فۆمەلەکردنی لۆژیکی شتێکی دیکە نییە، (یان ستراتیژێکی دیکەیە بۆ دەست بەسەرداگرتنی زمان)، هایدگەر دەیەوێت لە گوتاری «رێگایەک بەرەو زمان» لە رێگای زمانەوە لە زمان بگات، واتە لە میانی تێگەیشتنی ئەوەی سەر بە زمانە، واتە لە جەوهەرەکەی بگات؟

چەمکی چییەتی زمان لای هایدگەر ئەو بنەمایەیە کە تێگەیشتنی دەقی ئەدەبی و بە تایبەتی شیعری لەسەر بونیاد دەنرێت، نەک هەر هێندەش بەڵکو تێگەیشتنی خودی

---

142 - Gerald L. bruns, «Disaperd: Heidegger and the Emancipation of Language», in Languages of the Unsayable, the play of Negtivity in Literature and Literary Theory, ed- by Sanford Budick and Wolfang Iser (New York: Columbia Univertsity Presss, 1989), pp- 118-119. Ibid., pp- 133-134.

هونەریشی لەسەر وەستاوە.(١٤٣) کاتێک هایدگەر دەڵێت: «سروشتی هونەر، شیعرە» واتە هەموو هونەرێک لە ڕێگای جەوهەرەکەیەوە بەشداری لە جەوهەری شیعریدا دەکات –کە بۆخۆی دامەزراندنی حەقیقەتیشە–(١٤٤)، کەواتە هەموو هونەرێک بە مانا جەوهەرییەکەی شیعرە، واتە ماهیەتی شیعر (poetizing) بەجێدەهێنێت، وەک ئەوەی شێوەیەک بێت لەوەی کە تیشکی حەقیقەت بکەوێتە سەر فۆرم (یان لە ڕێگای تیشکی حەقیقەتەوە فۆرم بخەیتە روو). ئەگەر تیشکی حەقیقەت بکەوێتە سەر وشە، ئەوە ئێمە دەکەوینە بەرانبەر فۆرمێک لە فۆرمەکانی هونەر کە ئەویش بە مانا بەرتەسکەکەی واتای (هۆنینەوەی شیعر Poesy)(١٤٥) دەگەیەنێت، ئەولەویەتی ئەو فۆرمە هونەرییە خۆی لەوەدا نابینێتەوە کە جەوهەری شیعر دەخاتە روو (چونکە فۆرمەکانی دیکەی هونەریش بەشداری تێدا دەکەن)، نەک هەر هێندەش بەڵکو خۆیان لەوەشدا دەبیننەوە کە جەوهەری شیعرییان هەڵگرتووە و ڕێگاش خۆش دەکەن بۆ ئەوەی ئێمە لە ڕێگای زمان و لە میانی زمانەوە شیعر بناسین، «... هۆنینەوەی شیعریش لە زماندا روودەدات، چونکە ئەوە زمانە سروشتی رەسەنی

143 – Martin Heidegger, «The Origin of Work of Arto, in Poetry, Language and Thought, trans. And introd, By Albert Hofstadter (New York: Harper and Row Publiashers, 1975).

144 – Ibid., loc. Cit.

١٤٥– لێرەدا مەبەست لە هۆنینەوەی شیعرە نەک شیعر چونکە لە عەرەبییەکەدا نوسەر وشەی (قرض)ی بەکارهێناوە کە بە مانای (نظم الشعر) دێت، ئەوەش راستەوخۆ بۆ بەکارهێنانە هایدگەرییەکە و جیاوازی نێوان شیعر و هۆنینەوە دەگەڕێتەوە... – وەرگێڕی کوردی.

شیعری دەپارێزێت».(١٤٦) ئەگەر هەموو هونەرێک بە مانا جەوهەرییەکەی شیعر بێت، ئەگەر جەوهەری شیعر لە ڕێگای زمان - کە حەقیقەتی لەسەر بونیاد دەنرێت و کەشفی حەقیقەت دەکات- پراکتیزە بێت، یان دەربکەوێت، ئەوە بەو مانایە هەموو هونەرێک لە کۆتاییدا جۆرێکە لە زمان بەو مانایەی کە کەشفکردنە، کەواتە هونەری هەموو گەلێک ئەوە کەشف دەکات کە «زمان»ی ئەو گەلە تەعبیری لێدەکات، ئەوە کەشف دەکات کە چۆن ئەو گەلە بە زمانی خۆی تەعبیر لە دنیابینی خۆی دەکات، بەمجۆرە زمان و هونەر مۆرکێکی مێژوویی دەنوێنن. هەموو ئەوانەش وامان لێدەکەن لە نوێوە پرسیار لە بارەی چییەتی زمانەوە بکەین.

چییەتی زمان لای هایدگەر خۆی لە کەشفکردنی یان دەرکەوتنی بوونەوە دەبینێتەوە، زمان بوون کەشف دەکات، کاتێک بوونی مرۆیی و هەبوونی تاکیی (فەردی) لە میانی داپۆشینییەوە دەردەکەوێت، بەمجۆرە چۆن بوون لە زماندا کەشف دەکرێت؟ با بۆ ئەوە گوێ لە هایدگەر بگرین:

«لە دیدی شەعبییەوە(١٤٧) زمان وەک ئامرازی بەیەکگەیشتن (connection) سەیر دەکرێت. بەمجۆرەش ڕۆڵی ئاڵوگۆڕکردنی زارەکی و (هۆگری/ هاوگونجان) دەگێڕێت، واتە کۆمینکەیشن. بەڵام خۆی زمان هەر تەنها کۆمەڵێک گوزارشتی بیستراو و نوسراو نییە، بۆ بەیەکگەیشتن، بەڵکو زمان بە تەنیا هەموو ئەوانە بۆ خۆی

---

146 - p. 74. Ibid.,

١٤٧ - شەعبی (popular) مەبەست لە خەڵکی ئاساییە.

کێش دەکات– بەو مانایەش شتێکە کە دەبێت – (واتە چییەتی شتێک رادەکێشێت) – بۆ بوارێکی کراوە. بەڵام ئەگەر زمان نەبێت وەک ئەوەی بۆ نموونە لە «بەرد و رووەکو ئاژەڵ» دایە، ئەوە لێرەدا هیچ کرانەوەیەکیش نابێت – واتە بۆ چییەتی شتەکە–... بۆ یەکەمجاریش لە رێگای ناونانی شتەکانەوە، زمان سەرەتا لە وشەوە هەبووەکان بۆ دەرکەوتن رادەکێشێت»(١٤٨).

هایدگەر هەمیشە ئەوە دووبارە دەکاتەوە، کە زمان «بوون گۆ دەکات»، ئەوەش بەو مانایە دێت کە زمان «ناو» لە شتەکان و هەبووە تاکەکان دەنێت و رێگا بۆ جەوهەریان خۆش دەکات یان رێگا بەوە دەدات شێوازی خۆیان لە بووندا بنوێنن، بەمجۆرەش دنیا یان جیهان خودی خۆی دەخاتە روو، یان خۆی لە میانی زماندا کەشف دەکات. لێرەدا کاتێک زمان بوونی هەیە، جیهانیش بوونی هەیە، لای هایدگەر جیهان بوارێکە یان ئەو ئاسۆیەیە کە حەقیقەتی یان شێوازی هەبووەکانی لە بووندا تێدا کەشف دەکرێت، بۆیە جیهان هەمیشە دنیایەکی مرۆییە. کەواتە زمان ماڵی مرۆڤە و سەر بە جیهانی مرۆڤە و هۆکاری مرۆڤە لە کەشفکردنی ئەو بوونە داپۆشراوەی کە تێیدا دەژی، بەمجۆرە زمان بەخششێکە یان نیعمەتێکە، نەک هەر هێندە بەڵکو وەک (هیلدرلن Holderlin) دەڵێت «ترسناکترین نیعمەتە». کەواتە

148 – Ibid., p. 73.

سەرنج: ئەو دەستەواژەیەی لە نێوان ئەو دوو کەوانەیەدا هاتووە، « » بەشێک نییە لە دەقە ئەسڵییەکە بەڵکو دەقێکی وەرگیراوە و ئیزافەیەکی راڤەکراوە بە پێی ئەو مانایانەی کە هایدگەر بۆ چییەتی زمان هەیەتی و دەلالەت لەو شێوازە دەکات کە ئەو لەسەری دەڕوات.

زمان هەر تەنها هۆکارێک یان ئامرازێک نییە مرۆڤ وەک چۆن ئامراز بە کار بهێنێت وا بەکاری بهێنێت، زمان هەر تەنها ئەوە نییە کە مرۆڤ گۆی دەکات: ئەوە مرۆڤ نییە زمان گۆ دەکات یان قسەی پێدەکات، بەڵکو ئەوە زمانە لە ڕێگای مرۆڤەوە «قسان» دەکات. لەبەر ئەوەی زمان بوارێکە بۆ تێگەیشتن و ڕاڤەکردن، ئەوە بەو مانایە دێت کە مرۆڤ لە ڕێگای زمانەوە حاڵی دەبێت و ڕاڤە دەکات.

وەک ئاشکرایە ئەو زمانەی کە هایدگەر مەبەستیەتی زمانی ئەدەبییە، بە تایبەتی شیعریی، کە لە ڕێگایەوە چییەتی زمان وەک ئەوەی لە ئەسڵدا هەیە جێبەجێ دەبێت. بەڵام زمانی لۆژیک و ڕەمزیی و فەرهەنگیی ئەوە ئەو زمانەیە کە چییەتی زمان تێیدا لە میانی ڕەمز و نیشانە- ئاماژە یان زاراوەی ئاماژەییەوە وەک شاراوە بە کار دێت، واتە «خەیاڵکردنی زمان romanticism» وەک ئەوەی کەشفی جیهانێک یان شێوازێک لە شێوازەکانی بوون دەکات، تێیدا دەشاردرێتەوە. خەیاڵکردنی زمانیش بە مانای «داهێنان»ی زمان نایەت، بەڵکو واتە ڕێگا بە زمان بدەین تاکو داهێنانی خۆی بەجێ بهێنێت. بەو مانایەش هەڵوێستی ڕاڤەکار لە بەرانبەر دەقدا مانای تێگەیشتنی خەیاڵی زمانە لە کەشفکردن و دەرخستنی بووندا. بەڵام ناشێ سروشتی ڕەمزی بۆ خودی زمان لە جیهانی نیشانەکاندا کورت بکەینەوە، یان لە میانی کۆمەڵێک پەیوەندی ئاڵوگۆڕئامێزدا، وەک ئەوەی دنیایەکی سەربەخۆ لە دنیای بوون، پێکبهێنێت. (پۆل ریکۆر P. Ricour) کە سەر بە ڕێبازی هیرمینۆتیکای فینۆمینۆلۆجیە، ئەو حەقیقەتەمان لە ڕێگای جەختکردن لەسەر شیکردنەوەی

سیمانتیکی (دەلالی) بونیادگەرییەوە بۆ روون دەکاتەوە، چونکە کاتێک لە شیکردنەوەی سیمانتیکی یەکەی بارستایی دەقەکان بۆ یەکەی گەردیلەیی کورت دەکرێنەوە، ئەوە ئەو یەکە گەردیلەییانە دەبنە بونیادی یەکەمی دەلالەت –بناغەی دەلالەت– بەمجۆرەش سروشتی رەمزییانەی دەلالەتەکان وەک ئەوەی دەرخەر و کەشفکەری (بوون)ـە پشتگوێ دەخرێت: «کەواتە کورتکردنەوە بۆ سادەترین، بەرەو لە ناوبردنی وەزیفە گشتییەکەی رەمزیەت دەبێتەوە و ئەوەش وا دەکات تەنها لە ئاستی بەرزی بینراودا نەبێت، دەرنەکەوێت، ئاستی بەرزی بینراویش ئەو وەزیفەیەیە کە رەمزییەت لەگەڵ واقیع، لەگەڵ ئەزموون، لەگەڵ دنیای بوون تێکەڵ دەبێت (من مەبەست و هەڵبژاردنی نێوان وشەکان بە کراوەیی جێدەهێڵم). بە کورتی من هەوڵدەدەم بیسەلمێنم کە رێگای (شیکردنەوە) و رێگای (دانان)(١٤٩) نە یەکسانن و نە وەک یەک دێنەوە. لە شیکردنەوەدا رەگەزە دەلالییەکان کەشف دەکرێن، بەر لەوەی پەیوەندییان بەوەی دەگوترێت بزانرێت، لە داناندا وەزیفەی دەلالەتەکان کەشف دەکرێن کە «راگەیاندن»ـە و لە دواجاردا «کەشفکردن»ە(١٥٠).

---

١٤٩– مەبەست لە شیکردنەوەی دەق و داهێنانی دەقە، بە مانایەکی دیکە پرۆسەی شیکردنەوە و پرۆسەی نوسین دوو پرۆسەن بە مانا بونیادگەرییەکە نە یەکسانن و نە وەک یەک دێنەوە.... – وەرگێڕی کوردی.

١٥٠– مارتن هایدجر: ما الفلسفة؟ ما المیتافیزیقا؟ هیدرلن وماهیة الشعر، ترجمة/ محمود رجب وفؤاد کامل، مراجعة: عبدالرحمن بدوی، القاهرة: (دار الثقافه للنشر والتوزیع، سنة ١٩٧٤)، ص١٤٠.

انظر ایضا: مارتن هایدجر: فی الفلسفة والشعر، ترجمة: عثمان امین، القاهرة: (الدار القومیة للطباعة والنشر، سنة ١٩٦٣)، ص٧٥.

له راستیدا ئێمه له نوسینه‌كانی پۆل ریكۆر ئه‌و ده‌نگه هایدگه‌رییانه له باره‌ی زمان و ده‌قی ئه‌ده‌بی ده‌بینینه‌وه، نه‌ك هه‌ر هێنده به‌ڵكو ریكۆر له وێناكردنی ره‌خنه‌ی سیمیوتیكی بونیادگه‌ریش دوای هایدگه‌ر ده‌كه‌وێت، ئه‌و وێناكردنه بونیادگه‌رییه، زمان وه‌ك دنیایه‌ك له نیشانه‌ی داخراو به‌سه‌ر خۆیدا، یان نه‌سه‌قێك له په‌یوه‌ندی ناوه‌كی داخراو (واته زمانێك كه ئاراسته‌كانی به‌ره‌و ناوه‌وه‌یه... و:ك) سه‌یر ده‌كات، هه‌ڵبه‌ته له‌و وێناكردنه‌دا شاره‌زایی زمان ون ده‌بێت و زیانی پێده‌گات. به‌ڵام ریكۆر وه‌ك هایدگه‌ر پێیوایه كه « ئاستی ده‌نگه‌كانی زمان و ئاستی فه‌رهه‌نگی و ئاستی تایبه‌تی پێكهێنانی زمانه‌وانی... ئه‌و ئاستانه هه‌مووی له زماندا لایه‌نی مردوون»(١٥١).

وه‌ك (ماجلیولا Robert Magliola) ده‌یبینێت، له راستیدا هه‌ڵوێستی هایدگه‌ر له باره‌ی زمان ته‌جاوزی هه‌ڵوێستی بونیاگه‌راكان (stucuralists) و هه‌ڵوێستی زاراوه‌گه‌راكان (conventionalists) یان ته‌قلیدییه‌كان به یه‌كه‌وه ده‌كات: به‌نسبه‌ت بونیادگه‌راكان وشه گوتراوه‌كان یان نوسراوه‌كان یه‌ك ئاماژه به ئه‌ویدی ده‌كات، ئه‌وه‌ش له میانی جوتبوونی ده‌نگ و ماناوه دێت، كه به هۆی رێسا و فه‌رهه‌نگی زمانی -گه‌ل-ه‌وه سنوری بۆ كێشراوه.(١٥٢) له به‌رانبه‌ر ئه‌وه‌شدا

---

١٥١- بول ریكیر، «اشكالیة ثنائیة المعنی بوصفها اشكالیة هرموطیقیة بوصفها اشكالیة سیماطنیقیه، ترجمة: فریال جبوری غزول، ضمن كتاب الهرمنوطیقا والتاویل (مجلة الف، العدد الثامن، ربیع سنة ١٩٨٨)، ص١٣٨.

١٥٢- وه‌ك ده‌زانین لای سوسێر دوو جۆر په‌یوه‌ندیه‌كی ئاسۆیی له نێوان توخمه‌كانی رسته‌دا هه‌یه، یه‌كه‌میان: رۆنانی رسته به شێوه‌ی

زاراوەگەراکان – تەقلیدییەکان- وەک کۆمەڵێک هێما یان رەمز یان کۆد کە ئاراستەیان بەرەو دەرەوەیە سەیری زمان دەکەن. بەڵام هایدگەر هەردوو ئەو هەڵوێستە تەجاوز دەکات، چونکە ئەو بە پێچەوانەی بونیادگەرە پاریسییەکان بە مانا بەرفرەوانەکەی زمان لەو مۆرکە هێماییە دوور ناکەوێتەوە، واتە پێیوانییە ئەو مانایەی کە زمان ئاماژەی بۆ دەکات، سەر بە دنیایەکی پێش زمان بێت، سەر بە هەمان بوون بێت. لە هەمان کاتتدا پێیوانییە زمان ئەوە بێت کە رووی لە دەرەوەیە، بەڵکو ئەو پێیوایە زمان رووی لە بوونەو وا دەکات بوون «ئامادەیی» لە نێو وشەکانەوە هەبێت و بەو مانایەش زمان «دەرەوە» بۆ «ناوەوە» بۆماڵی زمان پەلکێش دەکات. زمان لای هایدگەر «ماڵی بوونە» یان وەک (ریتشاردسۆن Richardson) لە راڤەکردنی هایدگەردا دەڵێت: «ئێمە ناتوانین لە هەبووەکان نزیک بکەوینەوە تەنها ئەو کاتە نەبێت، کە بە ماڵی زماندا گوزەر دەکەین. (بوون) لە وشەکاندا «نیشتەجێیە» بەو وشانەش (هەبوو)ەکان ناوزەد دەکات»(١٥٣).

بەمجۆرە لای هایدگەر دەق بۆ بونیادێکی بابەتی (داخراو بەسەر خۆیدا)(١٥٤) ناگەڕێتەوە، کە جگە لە پێکهاتەی بێژەیی

(هاونشینی) کە بریتییە لە پەیوەندی ڕێزمانییەکانی (بکەر+تەواوکەر+کار) کە وشەیەک ئاماژە بە ئەویدیکە دەکات. دووەمیان: پەیوەندی ستوونی کە پشت بە رێکەوتن و گریمانەی فەرهەنگی (زمانی دیاریکراوە)ەوە دەبەستێت... – وەرگێڕی کوردی.

153 – William J. Richardson, Heidegger Though Phenomenology to Thought (Netherland: The Hague, Martuns, Nighoff, 1976), p.528.

١٥٤– لای بونیادگەراکان ئەدەببوون خۆی لە تۆڕێک پەیوەندی

شتێکی دیکە لە دەرەوەی خۆی ئاشکرا نەکات، وەک ئەوەی لای بونیادگەراکان هەیە! لە هەمان کاتتدا دەق هەر ئەوە نییە کە رووی لە دەرەوە بێت و وشەکان (لە بری هێماکان ناسنامەی خۆیان لە دەلالەتەکانی دەرەوە ون کردبێت)(١٥٥)، وشەکان تەنها کۆمەڵێک ئامرازی بێژەیی نین، کە ئاماژە بە هەبووەکانی دەرەوە بکەن، بەڵکو وشەکان بۆخۆیان ناو لە تەواوی شتەکان و هەبووەکان دەنێن و بوون دەخەنە قسەکردن، یان دنیا و بوون لەودا دەردەکەون.

کەواتە وشەکان لای هایدگەر تەنها بێژە یان کۆمەڵێک رەمزی زاراوەیی نین، بەڵکو لە رێگای کردەی دەرکەوتن و نیگاکردن ئاماژە دەکرێن، وەک چۆن بە گوتەی (هیراکلێتس) لە پەرستگای - دلفی- (کاهین presbyter)(١٥٦) لە رێگای

---

زمانەوانی شاراوەدا هەڵدەگرێتەوە، بۆ ئەوەی بتوانین بونیادی قووڵی دەق ئاشکرا بکەین، پێویستە لە دەوروبەری دەق و مێژووی دەق و خاوەنی دەق و واتاکەی دوور بکەوینەوە و لە رووی زمانەوانی و ئاستەکانی پراگماتیک و سینتاکس و فۆنۆلۆژی و دەنگسازییەوە لە دەق بکۆڵینەوە... لای بونیادگەراکان دەق نایەوێت قسە لە کۆمەڵگا بکات... - وەرگێڕی کوردی.

١٥٥- هێما سێ جۆری هەیە، یەکەم ئەو هێمایەی کە تەواو لە هێمابۆکراو دەکات، دووەم ئەو هێمایەی کە بە کردار پەیوەندی بە هێمابۆکراو دەکات، سێیەم ئەو هێمایەی کە هیچ پەیوەندی بە هێمابۆکراو نییە وەک قسەکردن و نیشانەکانی هاتوچۆ... -وەرگێڕی کوردی.

١٥٦- لە بری وشەی (الكهان) بەکار هێنراوە. (كهن ، يكهن ، مصدر كهانة. كهن:- شيخ القبيلة). کەهان: جەمعی وشەی (کاهین)ە، ئەوانە چینێک بوون، خاوەنی دەسەڵاتی ئایینی و کۆمەڵایەتی بوون و لە پەرستگا و ماڵی خواکان دەژیان، بانگەشەی پێشبینیکردن و نهێنیزانینو غەیبناسیان دەکرد، لە سەردەمی ئیسلامدا بە جادوگەر ناویان دەبردرا... - وەرگێڕی کوردی.

«نیگا»وە «ئاماژە» بە پێشبینی یان غەیبناسی دەدات. دەرکەوتن لە ڕێگای نیگاکردنەوە بەو مانایە دێت کە هەمیشە شتێک بە تاریکی و داپۆشراوی یان نەگوتراویو وسبەلێکراوی ماوەتەوە. ئەوەش مانای قسەکەی هایدگەر دەگەیەنێت: «هەموو ئەوەی دەگوترێت، لە لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەوەی کە ناگوترێت، هەڵدەقووڵێت».(١٥٧)

نەگوتراو هەر تەنها ئەوە نییە کە لە دەنگی کەمە، بەڵکو ئەوەیە کە لە پشت پەردە نیشتەجێ دەبێت و بە وسبەلێکراوی دەمێنێتەوە، چونکە ناشێ قسە بکات (unsayable)، ئەو بە نهێنی دەمێنێتەوە. بەمجۆرە زمانی دەقی ئەدەبی بوون کەشف دەکات و جیهان لە میانی ئەو پەردەپۆشکردنەی کە لە ناوەوەی خودی زمانی دەقی ئەدەبی نیشتەجێ دەبێت، دەخاتە ڕوو.

***

خودی ئەو بانگەشە هایدیگەرییە لای گادامێر دەبێتە بنەمایەک بۆ هیرمینۆتیکای دەقی ئەدەبی. کەواتە گادامێر وەک هایدگەر پێیوایە تێگەیشتن و ڕاڤەکردنی دەقی ئەدەبی پشت بە تێگەیشتنی خودی زمان دەبەستێت. نەک هەر وەک دەقێکی نوسراو، بەڵکو وەک قسەی گوتراویش. تێگەیشتنی چییەتی زمانیش واتە هیرمینۆتیکا، بە پێچەوانەی سیمۆنتیکایە (semantics)(١٥٨) کە جەخت لەسەر لایەنی

---

157 - Qouted in Gerld Bcuns, «Disappeaed: Hiedegger and the Emancipation of Landguage», in Landguages of the Lnsayble, p. 125.

١٥٨- ((ڕۆلان بارت)) لە کتێبی ((هەوڵە ڕەخنەییەکان١٩٦٤)) دەڵێت: سیمۆنتیکا (علم دلالات الألفاظ) زمانێکە لە بارەی زمانەوە, بەڵام گوتارێک نییە لەسەر زمان.. وەرگێڕی کوردی.

ناوەکی بەکارهێنانی ئاماژەکان یان بە مانایەکی وردتر پرۆسەی قسەکردن دەکات:

زمان لای گادامێر هەر تەنها گوتراو یان دەربڕینی زارەکی نییە، بەڵکو دەشێ شوێنیان بگۆڕین لەسەر بنەمای ئەو گریمانەیەی کە جۆریک لە یەکسانی لە نێوانیاندا هەیە، نەک هەر هێندە بەڵکو هەردووکیان پێکهاتەی یەک قەوارەن.(١٥٩)

زمانەوانیی و شێوازیی دەربڕین یان هەبوونی توانا بەسەر گوتار و ئاماژەدا، سەرنجمان بۆ جیاوازی نێوان زمانی زاراوەکان و زمانی زیندوو رادەکێشێت, هەر وەک چۆن مۆرکی تاکخوازی بۆ دیاریکردنی ئەو زمانەی کە بەرگری لە فیکرەی جێگۆڕکێکردن دەکات (یان تەرجەمەکردن قبووڵ ناکات. و:ک) - وەک گادامێر دەیبینێت- مۆرکێکە بە روونی لە حاڵەتی داهێنانی دەقی شیعرییدا دەردەکەوێت و لە شیعریی لیریکی بە ترۆپک دەگات، زمانی شیعریی لیریکی، زمانێکە تەرجەمەکردن قبووڵ ناکات، ناکەوێتە سەر زمانێکی دیکە، کاتێک دەکەوێتە سەر زمانێکی دیکەوە، ئیتر شیعرییەت لە دەست دەدات، ئەوەش بە راشکاوی دەیسەلمێنێ کە بیرکردنەوە لە گۆڕینی (یان تەرجەمەکردن) وەک بنەمایەک بۆ پێناسەکردنی چەمکی مانا لە هەر زمانێکدا کورتی دێنێت، ئەوەش بە شێوەیەکی گشتی بۆ زمان راست دەکەوێتەوە، با لە دەرەوەی زمانی بەرزی شیعریی و زمانی تاکخوازانە و دیاریکراویشەوە بێت: ئێمە کاتێک لە بارەی زمان وەک زمان قسان دەکەین، رەنگە لە گورینی زمان یان تەرجەمەکردنی

---

159 - ,adamerG eorgGansH

زمان و ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر زمان دێت، پێویستمان بە راستکردنەوەی هەڵوێستمان هەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە نێو خودی ئەو دەستەواژە زمانەوانییەی کە شوێنی ئەویدیکە دەگرێتەوە مانای مەبەستەدار دەبینین، واتە لە هەمان مانا و مەبەست و هەڵوێست جیا نابێتەوە.

وەک چۆن گادامێر فیکرەی جێگۆڕکێی زمان بۆ زمانێکی دیکە رەتدەکاتەوە، بە هەمان شێوەش وێناکردنی سیمانتیکی –ئامرازخوازانە– یان کەرستەخوازانە بۆ زمان کە پەیوەستە بە فیکرەی پێشووەوە قبووڵ ناکات. چونکە زمان بەپێی وێناکردنی سیمانتیکی – ئامرازخوازانە– وەک بابەتی بەکارهێنان سەیر دەکرێت، پاشان وەک هەموو کەرستەکانی دیکە لە پێناو کۆمەڵێک ئامانج و مەبەستی چالاکی مرۆیی بەکار دەهێنرێت. لەو خاڵەوە دەڵێن «مرۆڤ بەسەر زمانەکەیدا زاڵە» وەک چۆن دەڵێن «مرۆڤ بەسەر کەرستەکانیدا زاڵە».(١٦٠) بەڵام لە راستیدا– ئەوەی گادامێر دەیبینێ ئەوە نییە– چونکە مرۆڤ تەنها ئەو کاتە بەسەر زمانەکەیدا زاڵە کە تێیدا دەژی، کاتێک ملکەچی زمان دەبێت کە قسان دەکات و بابەتەکەی خۆی دەردەبڕێتو ئامادەیە بۆ تێگەیشتنی دیالۆکی نوسراو و تێگەیشتنی دەقەکان، لێرەدا دەقەکان ئاوێتەن بە جولەی مانا و کردەی قسەکردن.(١٦١) بەمجۆرە هیرمینۆتیکای زمان – وەک ئەوەی گادامێر دەیبینێت– (گەڕانە بە دوای مانادا) هەر

160 – Ibid., p p..

١٦١– واتە کاتێک کەسێک (یان دەق) قسان دەکات، زمان دەیبات، چونکە هەمیشە زمان قسان دەکات!! کاتێ (دەق) قسان دەکات، سیستمی زمان لە قسەکردندا بەرجەستە دەکات... وەرگێڕی کوردی.

لەوێشەوە دەبێتە شێوازێک لە گەڕانێکی تەواو جیاواز بۆ بواری بەدواداگەڕانێک کە پشت بە شیکردنەوەی فۆرمی زمانەوانی دەق و پشکنینی بنەما سیمانتیکیەکەی دەبەستێت: کەواتە هەمیشە زمان مانا دەخاتە پشت دەلالەتەکانی نیاز و مەبەست یان مانای نیشانەئامێزیی ئاماژە زارەکییەکانەوە. بۆ روونکردنەوەی ئەو راستیەش گادامێر جیاوازی لە نێوان دوو شێوە یان دوو دەربڕین لە گوتن دەکات، کە لەوێدا قسەکردن بۆ دواوەی خۆی درێژ دەبێتەوە، یەکەمیان ئەو گوتنەیە کە ناگوترێت و لەگەڵ ئەوەشدا بەهۆی گوتنەوە ئامادەیە، و دووەمیان ئەو گوتنەیە کە بە هۆی قسەکردنەوە (بە پێی هۆکارەکانی کردەی قسەکردن) پەردەپۆش دەکرێت.

لەگەڵ ئەوەدا ئێمە دەکرێ سوود لەوە ببینین چونکە مانای قسەکردن-لای گادامێر- تەنها بە مانای کردەی دەربڕینی زمانەوانییەوە بەسە ناکات، یان ئاماژە زارەکییەکان، هەتا ئەگەر لەسەر ئاستی بەکارهێنانی ئامرازخوازانەی زمانیش بێت.. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چییەتی زمان لای گادامێر لە رێگای بەکارهێنانی ئامرازخوازانەی ستراتیژی بۆ زمان دەشاردرێتەوە، لەو بەکارهێنانەش دەبینین زمان یان ئەوەتا لە هەموو مانایەکی کەشف کراو خاڵی دەبێتەوە و دەکەوێتە سەر فیکرەی تەرجەمەی وشەکان کە تەنها مانا دەسەپێنێ وەک چۆن لە کردەی بەیەکگەیشتن زمانەوانی دەردەکەوێت بە ئامانجی ئاڵوگۆڕکردنی زانیارییەکان، یان ئەوەتا زمانی قسەکردن یان نوسراو مانای ئەو گوتنە پەردەپۆش دەکات، کە دەیەوێت بیڵێت یان وسبەی لێبکات. لە بەرانبەر ئەوەشدا چییەتی زمان لای گادامێر - لێرەدا ئێمە دەستەواژەکانی

گادامێر وەک خۆی ناخەینە روو، بەڵکو راڤەیان دەکەینەوە- خۆی لە کەشف کردندا دەبینێتەوە: کەشف کردنی ئەو مانایەی کە خۆی لە پشت قسەکردن و بونیادی فۆرمئامێزی زاراوەیی حەشار داوە. بەڵام پێویستە بزانین ئەو مانایەی کە لێرە کەشف دەکرێ مانای لۆژیکی نییە، بەڵکو شێوازێکە بۆ تێگەیشتن لە دنیا و شتەکان و لە بەکارهێنانی زمانماندا ئامادەیی هەیە. بۆیە دەڵێین بەکارهێنانی کەرستەخوازانەی زمان، جەهەری زمان پشتگوێ دەخات. جەهەری زمان بەو مەبەستەی کە شێوازێکە لە تێگەیشتنی دنیا و کەشف کردنی دنیا، ئێمە لە رێگای زمانەوە لە دنیا دەگەین و کەشفی دەکەین: «ئێمە لە کۆی مەعریفەمان بە خودی خۆمان و لە کۆی مەعریفەمان بە دنیا، بە شێوەیەکی واقیعیانە زمانی خۆمان دەچنین و هەر لەوێشەوە پێدەگەین و خەڵکی دەناسین، لە کۆتاییشدا خۆمان دەناسین، ئەو کاتە فێر دەبین قسان بکەین... بەڵام فێربوونی قسەکردن مانای ئەوە نییە، کە زمان وەک کەرستەی ئامادەکراو بۆ دیاریکردنی ئەو دنیایە بە کار بهێنین، کە پێمان نائاشنا نییە، بەڵکو مانای وەدەستهێنانی تێگەیشتن و مەعریفەیە لە بارەی خودی دنیاو مانای وەدەستهێنانی شێوازێکە بۆ رووبەڕووبوونەوەمان بەرانبەر دنیا».(١٦٢)

هەمان ئەو تایبەتمەندییانەی چییەتی زمان جیا دەکاتەوە، تایبەتمەندی جیاکەرەوەی دەقی ئەدەبیشن. بۆیە ئەو دەرئەنجامەی کە پێشتر بۆ ئێمە گرنگ خۆی دەنواند لە دەقی ئەدەبیدا بوو- چونکە دەقی ئەدەبی چییەتی زمانی

162 -H.G. Gadamer, «Man and Language (1966) in ibid. pp. 62-63.

تێدا ڕەنگدەداتەوە- هەمیشە شتێ دەڵێ و هەمیشە مانایەک پەردەپۆش دەکات، ئەوەش شێوازێکە لە شێوازی مەعریفەمان بۆ تێگەیشتن لە دنیا و خەڵک و شتەکان: واتە شێوازێکە بۆ کەشف کردنی حەقیقەت و بوون.

گادامێر دەقی ئەدەبی بە مانا بەرفرەوانەکەی ناس دەکات، نەک بە مانا بەرتەسکەکەی کە خۆی لە کاری هونەری ئەدەبی دەبینێتەوە، چونکە دەقە ئەدەبییەکان بە گشتی- دەقی زمانەوانین- لە ناوەڕۆکدا شتێکی هاوبەشمان پێدەڵێن. بەمجۆرە تێگەیشتنمان بۆ دەقی ئەدەبی لە هەمان کاتدا تێگەیشتنی خودی زمانە و وەک چۆن کارێکی هونەریشە، چونکە ناشێ یەکەمجار گرنگی بە جێبەجێکردنی ئەو فۆڕمە بدەین، کە دەقێک دەگرێتەوە بەو مانایەی کە کارێکی هونەرییە، بەڵکو دەبێ ئەوەمان لا گرنگ بێ کە چیمان پێدەڵێت(١٦٣). ئەوەش بێگومان - وەک گادامێر جەختی لێدەکاتەوە - چونکە لێرەدا جیاوازی هەیە لە نێوان زمانی شیعر و زمانی پەخشان، لە نێوان پەخشانە شیعرو پەخشانی ئەدەبی، هەموو ئەو جیاوازییانەش دەشێ لە فۆڕمێکی ئەدەبیدا بەدوایاندا بگەڕێین، «بەڵام جیاوازییە جەوهەرییەکە جۆراوجۆرە و لە بابەتێکی دیکەدایە: دەمەوێ بڵێم لە جیاوازی ئەو حەقیقەتە دایە، کە ئێمە بانگەشەی بۆ دەکەین. بەو مانایەش هەموو کارێکی ئەدەبی بنەمایەکی هاوبەش و قووڵی هەیە، کە خۆی لە فۆڕمی ئەو زمانەدا حەشار داوە

163 - H.G. Gadamer, Truth and Method,the ebglish translation (New York: continuuin, 1975). Pp. 144-145.

که بایەخی چالاکیەکەی لەو ناوەڕۆکەدایە کە دەیەوێت گوزارەی لێبکات»(١٦٤)

لێرەدا دەبێ بزانین کە گادامێر جیاوازییەکە ناخاتە دووتوێی ژانرە ئەدەبییەکانەوە، بەڵکو ئەو لێکۆڵینەوەی تایبەتی هیرمینۆتیکیی بۆ ژانرە ئەدەبییەکانی وەک دراماو شیعر بە هەموو جۆرەکانی... کردووە. ئەوەش بەسە کە بۆ نموونە بگەڕێینەوە بۆ وتاری «بەشداریکردنی شیعر لە بەدواداگەڕانی حەقیقەتدا» لەوێدا گادامێر بۆمان روون دەکاتەوە کە چۆن فۆڕمی زمانەوانی یارمەتی ئەو ناوەڕۆکە شیعرییە دەدات، کە دەیەوێت بیڵێت و خەزنی بکات: ئەگەر چییەتی زمان وەک زمان بێت-واتە ئەگەر زمان وەک کردەی گەیاندنی حەقیقی لەسەر دیالۆگ وەستا بێت، نەک لەسەر گەیاندنی زانیاری- ئەوە دەشێ لە میانی دیالۆگدا هەمیشە شتێکمان پێبڵێت، لێرەدا ئەو جۆرە تایبەتمەندییەی زمان بەرزترین وێنەی چڕکراوەی خۆی لە شیعردا دەبینێتەوە، کە شتێک بە ئێمە دەڵێت لە وشەکانیدا نییە «بە نوسراوی دەمێنێتەوە» ناشێ بیگۆڕین(١٦٥). بەمجۆرە گادامێر ژانرە ئەدەبیەکان ناسڕێتەوە، بەڵکو سڕینەوەی حەقیقی لە جەوهەری ژانرە ئەدەبییەکانەوەیە، نەک هەر هێندە بەڵکو لە یەکبوونی خودی کارە ئەدەبییەکاندایە، کە بە فۆڕم نائاشنان و حەقیقەتیان لەبیرکردووە، ئەو

164 - Ibid.. p. 145,

165 -H.G. Gabamer, “On the Contrihution of Poctry Scarch for Truth” in the Rclcvancc of the Beautful and Essys. Trans by Micholas Walker. Ed. By Robert Bernasconi (Cambrideg University Press 1988) pp. 106- 109.

حەقیقـەتەی کـە هەمـوو کـارێکی ئـەدەبی پێمانی دەڵێت.

لای گادامێر کێشەی فۆڕمی ئیستێتیکی، کێشەی ئاگامەندیی ئیستێتیکیی نوێیە، کە ئەو حەقیقەتەی پشتگوێ کردووە، مەبەست لەو حەقیقەتەیە کە هەموو کارێکی هونەری و ئەدەبی بە بێ جیاوازی دەبێ پێمانی بڵێت، لێرەوەیە ئەدەب وەک هونەر بە دنیای ئێمە نائاشنا دەبێت، واتە ئێمە تێی ناگەین (مەبەستی ئەدەبی مۆدێرنە. و:ک)(١٦٦)، دواتریش ناتوانین لەگەڵیدا بکەوینە دیالۆگێکی حەقیقییەوە. خودی ئەو نامۆبوونە راستی ئەدەبی دوێنێ دەخاتە روو، کە حەقیقەتی مێژوویی خۆی لە دەقدا نیشان داوە، وەک چۆن لە ئەدەبی ئێستاشدا دەبینرێ، هەڵبەتە لەو ئەدەبەی کە بە شێوەیەکی ئیستێتیکی دەکەوێتە دووتوێی ئەزموونی تایبەتی خودیی خۆیەوە: ئەدەبی کۆن -وەک هونەرەکەیانە- دنیای ئەفسانەیی و ئایینی و کۆمەڵایەتی لە شێوازی تەعبیرکردنیاندا کەشف دەکرێت. ئەگینا هیردۆت پێی نەدەگوتین کە «هۆمیرۆس و هزیۆد خواوەندییان بە یۆنان بەخشیووە»(١٦٧).

بەڵام ئەو رۆڵە مێژووییەی کە ئەدەب و هونەر لە کۆندا پێی هەڵساون، بۆ ئێمە بە تەواوی شیاوی تێگەیشتن نیین، چونکە ئەدەب و هونەری ئێمەی هاوچەرخ، لە دنیای ئێمەدا،

---

١٦٦- لای گادامێـر هەمـوو هـەوڵ و چالاکییـەک بـۆ تێگەیشتن ساتەوەختێکی ژیانی خودی کلتور دەگەیەنێت، بە مانایەکی دیکە هەموو کلتورێک تێگەیشتنێکی دیاریکراوی لەخۆدا هەڵگرتووە، لەبەر ئەوەی تێگەیشتن پەیوەندی بە کلتوری دیاریکراوەوە هەیە، کەواتە کلتور تێگەیشتن بەپێی دنیابینی خۆی دەسازێنێ- و:ک- بروانە: اشكالية القراءة و اليات التؤيل، نصر حام ابوزيد، المركز الثقافی العربی، ط٧.

167- Ibid, p. 105

ئەو دنیایەی کە تێیدا دەژین، رۆڵی مێژوویی ناگێرێت. بۆیە شیعری هاوچەرخ- بۆ نموونە- کاتێک بەرەو شیعرێکی نابابەتی دەچێ و لە فۆرمێکی رووتدا نامۆ دەبێت، واتە کاتێک چییەتی زمان دەسڕێتەوە، بەو مانایەی کە شتێک دەڵێت و ناتوانێ بە تەواوی لە مانایەکدا کورتی بکاتەوە، ئەوە بە پێی گوتەی گادامێر «تەنها هەر دەنگە دەنگە»(١٦٨).

بەمجۆرە ئەگەر دەقی ئەدەبی خۆی لە فۆرمدا غەرق بکات، ئەوە وەک پێویست لە مێژوویی دەقێتی دەکەوێت، وەک ئەوەی لە رێگای فۆرمی ئەدەبییەوە بێتو خوێنەرێکی نازەمەنی بدوێنێ. بەڵام دەق هەر تەنها فۆرم نییە، هەر تەنها خوێنەرێکی رووت نادوێنێ، ئەو جۆرە وێناکردنە بۆ دەق شێوەیەکی گشتگیرانە بە خوێنەر دەبەخشێت، مانایەکی رەها دەخاتە پاڵ دەق، لە کاتێکدا دەق سروشتێکی زەمانی هەیە و رووبەرووی خوێنەرێکی زەمانی دەبێتەوە، واتە خوێنەرێک کە لە چوارچێوەی مێژوویەکدا دەژی کە دەشێ نەکەوێتە نێو مێژووی دەقەوە، ئەوەش رێگا بۆ فرە راڤەکردن خۆش دەکات و بۆ تێگەیشتن و نوێنەرایەتیکردنە دەق رۆڵ بە خوێنەر دەبەخشێت، بەمجۆرە دەتوانین بڵێین بە مێژووبوونی دەق واتە: «دەق بەهۆی کەسێکەوە نوسراوە، لە بارەی شتێکەوە، کەسێکی دیکە چۆن دەیخوێنێتەوە.... مەحاڵە لە مێژووی دەق دوورکەوینەوە بەبێ ئەوەی دووری بخەینەوە لەو دیاردە سروشتیانەی کە دەکەونە پێش

168 - G, Gadamer. «Gompusition and Interpretation, in The Relevance of the Bcautrfui…, p. 69.

شەپۆلەکان نێو دەریا، چونکە هەتا بەردەکانیش لە رووی جیۆلۆجییەوە مێژووی خۆیان هەیە»(١٦٩)

لێرەدا خۆمان لە بەرانبەر هەندێ پرسیاردا دەبینینەوە. ئەو پرسیارەی کە خۆی دەسەپێنێ لەوەوە دەستپێدەکات: چۆن چەمکی ناسنامە لە نێو چەمکی جیاوازیدا دەبینێتەوە، یان بە گوێرەی مێژووگەرایی؟ ئەگەر ناسنامەی کار یان بە گشتی دەقی ئەدەبی خۆی لە دووتوێی مێژووگەراییدا دیاری بکات، واتە لە دووتوێی ناوکۆیی مێژوویيدا خۆی بنوێنێ، ئەوە چۆن دەشێ لە دووتوێی دیدێکی دیکەی ناوکۆییدا (کە خوێنەر یان راڤەکاری تێیدا دەژی) لەو دەقە بگەین و راڤەی بکەینەوە؟ ئایا ئەو کاتە ئەو راڤەکردن و تێگەیشتنە وەک ناسنامەی دەق یان حەقیقەتی دەق تەماشا دەکرێت؟ ئایا ئەو حەقیقەتەی کە دەق دەیڵێ یان هەر کارێکی ئەدەبی دەبێتە حەقیقەتێکی بابەتی، تاکو بشێ وەک مێژوو پێیبگەین؟

ئەو پرس و رایانە و شێوەکانیان کە بە کردەی راڤەکردن و تێگەیشتنەوە بەندن، بەرەو فیکرەی میتۆد کێشمان دەکەن، بەڵام لە راستیدا کردەی هیرمینۆتیکی گوتەزای میتۆد تێدەپەڕێنێ، و ئاراستەیەکی مەعریفییە و مۆرکی شارەزایی لەخۆ دەگرێ، شارەزایی رۆڵی تێدا دەگێڕێ، نەک هەر هەڵوێستێکی مەعریفی، کە پشت بە میتۆد دەبەستێ، هایدگەرو گادامێر ئەو شارەزاییە بە شارەزایی هیرمینۆتیکی پەسن دەکەن، هەر ئەو شارەزاییەشە کە دەتوانێ وەڵامی هەموو پرسیارەکانی پێشوومان بداتەوە.

---

169 - of Literature (Turonto: Univerairy of Toronto Press, 1987). P. 33. Mario J. Valdcs, Phcnomenological Hcrmeneutcs and the study

## دووەم- هیرمینۆتیکای دەق ئەوەی دەکەوێتە پشت میتۆدەوە

بنەما بنەڕەتییەکانی ئاراستەی مەعریفی لە هیرمینۆتیکادا ئەو پرنسیبە فینۆمینۆلۆجییە(١٧٠) بەناوبانگەیە کە وەک پێویست داوامان لێدەکات لەسەر بنەمای تێپەڕاندنی دوالیزمە باوەکانی (خود و بابەت)(١٧١) لە شارەزایی مرۆڤانە بگەین. تێگەیشتنی شارەزایی- وەک هۆسرل E. Husserl بۆمان روون دەکاتەوە لە فیکرەیەکی سادەوە سەرچاوە دەگرێ ئەویش ئەوەیە «هەموو ئاگامەندییەک ئاگامەندییە بە شتێ یان بابەتێک»(١٧٢) خودی تیۆرە مەعریفییە باوەکە ئەو فیکرە

١٧٠- فینۆمینۆلۆجیا بە واقیعەوە بەندە، هۆسرل قسە لە هەڵوێستی سروشتیانە یان (خستنە نێو کەوانە) دەکات، کە خۆ رزگارکردنە لە کارتێکردنی هەموو (پێش بیر) و (پێش بڕیارێک) لەوێوە هەنگاو بۆ ئاستی تێگەیشتن دەنێت.. بەڵام ئەو بیرکردنەوەیە راستەوخۆ دەکەوێتە بەر رەخنەی هایدیگەر، چونکە بەرای ئەو مەحاڵە دیاردەیەک لە دەوروبەر دابڕین و لە نێو کەوانەی دابنێین.. هۆسرل دەیەوێت مامەڵە لەگەڵ بابەتی بیرکردنەوە بکات، بەو شێوەیەی کە دەکەوێتە بەرچاو، بەو شێوەیەی کە خۆی دەردەخات.. دەیەوێ ئاگامەندانە بیناسێ و ناوەڕۆکی خەسڵەتەکانی بخوێنێتەوە! گرفتی هۆسرل وەک دیکارت لەوەدا نییە کە ئاگامەندی لە گوماندا دەژی و دەبێ خۆی رزگار بکات، بەڵکو لەوێوە سەر هەڵدەدات کە دەبێ لە چ رێگایەکەوە ئاگامەندی خۆی بگەیەنێتە بابەت و چۆن ناوەڕۆکی ئاگامەندی کەشف بکات؟! بەمجۆرەش ئاگامەندی دەبێ راستەوخۆ و بێلایەنانە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.. بە دیوەکەی دیکەش هەر ئاواش دەبێ هەوڵی دیتنی بابەت بدرێت، (بەڵام نەک وەک راستەقینەیەکی (بەرز-ترانسندنتال Transcendental) و جیاواز، بەو مانایەش هیچ شتێ لەو دیوو فینۆمینەی فینۆمینۆلۆجیاوە بوونی نییە) لەو خاڵەشەوە بوونگەراکان لە هۆسرل جیا دەبنەوە، چونکە دەبێ ئەو هەبووە واتە (مرۆڤ) بەو جۆرە ببینین، کە خۆی دەردەخات، ئەویش دازاینە، کە بوونێکی رووتی هەیەو

ساده و سەرەتاییەی پشتگوێ خستووە و خۆی بە دیبات و دیالۆگی بێ بەرهەمەوە خەریک کردووە، جا چ لەسەر حیسابی بابەت بێت یان خود. فیکرەکەش زۆر بە سادەییەوە ئەوەیە دنیای شتەکان یان بابەتەکان وێناکردن و ئاگامەندی ئێمە دایاننەهێناون، ئاگامەندی ئێمە ئەو دنیایەی دانەهێناوە: لە هەمان کاتتدا ئاگامەندی و دنیا هیچ یەکێک ئەویدیکەی دانەهێناوە، ئاگامەندی هەر تەنها رووی لە دنیای بابەتەکان یان شتەکانە و ئامانجی نزیکبوونەوەیە و هەوڵدەدات لە رێگای شارەزایی خۆیەوە دەرکییان بکات و بیانناسێت، نەک دەستیان بەسەردا بگرێت، یان بێتە خاوەنیان و ملکەچی تێڕوانینی ئێمەیان بکات و لێمانیان بشارێتەوە. ئەگەرچی ئەرکی تێگەیشتن دەکەوێتە سەر شانی هەر یەک لە ئێمە، بەڵام بە راستی ئەوە رۆحی فەلسەفەیە ئەو تێگەیشتنەمان بۆ دیاری بکات.

جاری یەکەم وا دەردەکەوێت کە ئەو بیرکردنەوەیە پەیوەندی بە دەقی ئەدەبی و کردەی راڤەکردنەوە

---

ئەو هەر چییەک بێت، لەسەر بوونی رادەوەستێت! بێگومان بەشێکی زۆری ئەو بۆچوونە لەوێوە هاتووە کە هۆسرل ئاگامەندی و بابەت بە تەواوکەری یەکتر دادەنێت و لەیەکیان دانابڕێت. وەرگێڕی کوردی.

١٧١- هۆسرل ئاگامەندی و بابەت بە تەواوکەری یەکتر دادەنێت و لەیەکیان دانابڕێت.

١٧٢- هۆسرل ئاگامەندی بۆ (شت) دەگەڕێنێتەوە، وەک چۆن دیکارت ئاگامەندی و بابەتی ئاگامەندی بە دوو (شت) دادەنێت، ئەو دوو (شت)ەش (گیان و لەش) مامەڵە لەگەڵ یەکدیدا دەکەن و بەرانبەر یەکدی دەوەستن، لەبەر ئەوەی ئاگامەندی (روو - لە دەرە)، تیشک دەخاتە سەر بابەتەکە و هەوڵی ناسینی دەدات.. (بڕوانە: د. محەمەد کەمال، فەلسەفەی سارتەر، ناوەندی رۆشنبیریی کورد- ئوسترالیا،٢٠٠٢، ل٢٦). وەرگێڕی کوردی.

نەبێت، بەڵام بەرە بەرە دەبینین کە دەکەوێتە ناخی ئەو مەسەلەیەی کە ئێمەی پێوە سەرقاڵین ئەویش لە ڕێگای دوو بنەمای بنەڕەتییەوە: تەجاوزکردنی مەیلی بابەتگەرایی میتۆدخوازانەی ڕاڤەکردنی دەق لەلایەن هیرمینۆتیکاوە، خستنەرووی ڕۆڵی خود لە کردەی ڕاڤەکردن لەلایەن هیرمینۆتیکاوە بەو واتایەی کە دیالۆگی خود و دەق دەگەیەنێت:

### ١- وەهمی بابەتگەرایی ... وەهمی میتۆد

دەقی ئەدەبی- یان هەر کارێکی هونەری- وەک هەموو دیاردەیەک لە دیاردەکانی دنیای دەرەوە نوێنەرایەتی قەوارە بابەتییەکەی خۆی دەکات و دەکەوێتە دەرەوەی ئێمەوە، ناکەوێتە نێو داهێنان و وێناکردنەکانی ئێمەوە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا بە تەنها هەر خۆی بە شێوەیەکی سەربەخۆ و دوور لە ئێمە ناتوانێ حەقیقەتی بابەتیانە دابمەزرێنێ، چونکە هیچ بابەتێک هەر تەنها یەک واتای نییە، تاکو ئێمە هەمووومان لەسەری کۆک بین و پێوانەی بکەین و بیژمێرین.

هەر یەک لە هایدگەر و گادامێر نکۆڵی لە حەقیقەتی لەو جۆرە بابەتگەراییە زاڵە دەکەن، واتە ئەو حەقیقەتەی کە دەکەوێتە دەرەوەی زەمانەوە، حەقیقەت سەر بە دنیای مرۆڤایەتییە لە چرکەساتێکی مێژووییدا بوونی مرۆیی تێدا کەشف دەبێت، هونەر بە شێوەیەکی گشتی حەقیقەتێک کەشف دەکات کە گوزارشت لە حاڵەتێک یان ساتەوەختێکی مێژووی دیاریکراو دەکات. ئەو حەقیقەتەی کە کاری تێدا کەشف دەبێت- یان بوون- هەر تەنها بابەتێکی ڕووت نییە،

نەک هەر ئەوەندە بەڵکو تەنها لە میانی چوارچێوە و گوتەزای رووتدا دەرک ناکرێت، کە خود بەسەر کاردا دەیسەپێنێت، بەڵکو ئەو کاتە کەشف دەکرێت کە خود دەکەوێتە دیالۆگ لەگەڵ دەنگدانەوەی رەسەنی دەق.(١٧٣)

بە هەمان شێوە دەبێ تەماشای خودی دەقی ئەدەبی بکەین. دەقی ئەدەبی یەک مانای نا زەمانی ناگەیەنێت، کە بشێ بە شێوەیەکی بابەتیانە راڤەی بکەین، یان ملکەچی پێوانە رێساییەکان و پراکتیزەکردنە میتۆدییەکانی بکەین. نموونەی ئەو وێناکردنەی کە کردەی تێگەیشتن و راڤەکردن وەک دووبارە بەرهەمهێنانەوەی فۆتۆگرافیانەی مانا دەق دەیخاتە روو، جگە لە وەهمێک لە وەهمەکانی مەیلی بابەتگەرایی نەبێت، شتێکی دیکە نییە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا هیرمینۆتیکای کلاسیک ناتوانێ لێی رزگار ببێت (ئەوەشی بە هیرمینۆتیکای بابەتگەرایی ناوزەد کردووە)، هەتا شلیرماخەر پێیوایە کردەی تێگەیشتن مانای تێگەیشتنی ئەویدیکە دەگەیەنێت (لێرەدا ئەویدیکە واتە وشە، یان دەق) لەسەر هەمان شێوە - دەشێ باشتر بڵێین- تێگەیشتنی ئەویدیکەیە بۆ خودی خۆی.

وەهمی بابەتگەرایی هەمان ئەو وەهمەیە کە بە شێوەیەک لە شێوەکان کۆنترۆڵی رێبازە ئەدەبییە نوێیەکانی کردووە، ئەو رێبازانەی بابەتگەرایی لە رێگای وەسف و پێوانەی

١٧٣- واتە تێگەیشتن لەوێوە نایەتەدی کە (خود) دەست بە سەر بابەتدا بگرێ و بیخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە (وەک ئەوەی حەقیقەتی رەها بێت) بەڵکو لە رێگای دیالۆگەوە خود بە سەر بابەتدا دەکرێتەوە، یان بۆ ئەویدیکە دەکرێتەوە، هەر لەوێشەوە بە هاوبەشی دەگەن! وەرگێڕی کوردی.

شیکردنەوەوە دەخەنە پێشەوە. نموونەی ئەو ڕێبازانەی دوایی مەیلی بابەتگەرایی وەک مەسەلەیەکی زانستی و پارادیمی میتۆدگەرایی لە زانستی سروشتدا دەخاتە پێشەوە، ئەگەرچی زانستی سروشتی بۆ خۆی وازی لەو پارادیمە هێناوە و بوارێکی زۆرتری بە مانا و ڕاڤەکردن و کەشف کردن بەخشیوە، زێتر لەوەش بەرەو وەسفکردنی ڕووداوەکان و وەسفکردنی بابەتیانەی بێ لایەن هەنگاوی ناوە، کە ڕۆڵی ڕاڤەکاری تێدا ونە، چونکە ئەو جۆرە لە پەسنکردن بۆ خۆی نابێتە زانستێک و هیچ مانایەک کەشف ناکات.

بەمجۆرە وانەی یەکەم کە بشێ لە هیرمینۆتیکای دەقی فینۆمینۆلۆجیای هاوچەرخەوە فێری ببین، وەک ئەوەی هایدگەر پشتگیری لێدەکات، هەوڵدانە بۆ گەیشتن بە ئازادی ڕۆشنبیریی شیکردنەوە، کە لە میانی سیستمی مەعریفییەوە پرۆسیسەی کردەی ڕاڤەکردنی دەق و مامەڵەکردنی دەق دەدات. ئیتر لێرەوە هیرمینۆتیکای هایدگەر بە گوێماندا دەچرپێنێ کە لە وێناکردنی باوی (مامۆستا ئەدیبەکان) ی شیکردنەوەی دەق یان خوێنەری میتۆدگەرا دوور بکەوینەوە.

شێوازی هایدگەر- وەک برۆنز دەیبینێ- خۆ ڕزگارکردنە لە شێوازگەرایی و لە تێگەیشتنی دەق لە ڕێگای تیۆرێکی دیاریکراوی خوێندنەوەوە یان میتۆدی شیکردنەوە یان شێوازی دیاریکراوی بەیەکگەیشتنێک کە بیەوێ لە بواری لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا ململانێی میتۆد و تیۆرێکی باو بکات. لەو بارەوە برۆنز دەڵێت «هایدگەر تەواوی فیکرەی لێکۆڵینەوەی

ئەدەبی تێکدەشکێنێ، وەک ئەوەی کە جێبەجێکردنە یان وەڵامدانەوەی شارەزاییە هونەرییەکانی خوێندنەوەی دەقەو وەک ئەوەی کە وەک بونیاد و ناوکۆیی سەیری دەقەکان دەکات، جا چ وێنەیی پەتی بێت، یان زمانەوانی پەتی، یان ناوکۆیی دەقئامێز، یان فۆرمێک بێ لە پێکهاتە یەک بە دوا یەکەکانی ناوکۆییە کۆمەڵایەتی و ئایدیۆلۆجییەکان، ئەوانەی کە ژیانی مرۆیی دووچاری شێوازگیری دەکەن. هایدگەر لە هەموو ئەو دەستەواژە و تیۆر و میتۆد و شێوە و پێکهاتەو بونیاد و ناوکۆییانە دوور دەکەوێتەوە»(١٧٤) لە راستیدا ئەو مۆرکە تەنها فیکری هایدگەر لە ئاستی خوێندنەوەی دەقەکان جیا ناکاتەوە، بەڵکو تەواوی فیکری هایدگەر جیا دەکاتەوە، چونکە هایدگەر بۆ خۆی دەڵێت: «هیچ کەس بیر لە من ناکاتەوە، وەک چۆن هیچ کەس بۆ من نامرێت». فیکری هایدگەر ئەوەیە کە لە هەموو ئاستەکاندا بانگەشەی سەربەخۆیی، بانگەشەی ئازادی دەکات، بۆ ئەوەی بە هەبووەکان بگات. لە کۆتایشدا بە خودی بوون بگات.

بەمجۆرە دەشێ بڵێین هیرمینۆتیکای هایدگەری وەک ئەوەیە کە بانگەشەی سەربەخۆیی زمان بکات و لە هەموو رێسا و لۆژیکێکی رزگار بکات، وەک چۆن بانگەشەکردنە بۆ رزگارکردنی تێگەیشتنمان و تێگەیشتنی دەق لە هەموو چوارچێوە تیۆرییەکان و بیرکردنەوە ئامارییە میتۆدییەکان کە مەیلی بابەتگەرایی بە ناوی زانستەوە دەخەنە پێشەوە.

---

174 - Gerald Hruns, Hedeggers Estcangements Language. Truth and Pnetry in laner Wrtings (Yaie Univeisty Press, lygy) p.6.

***

گادامێر ئەو شێوە سەربەخۆیەی کردەی تێگەیشتن و ڕاڤەکردنی هایدگەر، کێشی دەکات- وەک مامۆستاکەی- ئەویش نوێنەرایەتی شارەزایی هیرمینۆتیکی دەکات (Hermeneutical experience): ئـەو تێگـەیشـتنەی لـە شارەزایی هیرمینۆتیکییەوە دێتە دی وەک کرانەوە بەسەر ئەویدیکەدا (واتە دەق) بەرەو کەشف کردن و دەرکەوتنی دەبات، ئەو تێگەیشتنە ئەو کاتە دێتە دی کە ئەویدیکە توانای ئەوەی نییە دەست بەسەر ناوەڕۆکی دەقدا بگرێ چ لە ڕووی ئایدیۆلۆجییەوە بێت یان وێناکردنی میتۆدییەوە بێت. ئەوەش دەلالەت لە لەقبوونی ئەو بنەمایە دەکات کە هەڵوێستی تایبەتی من پشتی پێدەبەستێت، ئەو کردەیەش بە تێکشکاندن یـان هەڵوەشـانـەوەی هیـرمینـۆتیکی (hermeneutical deconstuction) ناو دەنرێت. لێرەدا هەڵوەشانەوە تیۆر یان ڕێبازی خوێندنەوە نییە، بەڵکو ڕووتکردنەوەی تێگەیشتن و وێناکردنە باوەکانمانە بۆ ئەوەی بە کراوەی بمێنێتەوە و لە فیکری نوێنەریکەرانە و ژمێریاریانە ڕزگارمان بێت، ئەو فیکرەی بە ئامانجی گەیشتن بە مەعریفەی جێگیر لە دەق دەکۆڵێتەوە. ئەو کردە نێگەتیفەی تێگەیشتن- گادامێر- وەک ئەو حاڵەتە نێگەتیفە تەماشای دەکات، کە مرۆڤ لە بەرانبەر وشەکان دووچاری سەرسامی دەکات، ئەوەش لە هەمان کاتتدا بە ململانێی فیکری ناو دەبرێت، لەوێشەوە تێگەیشتن مەیسەر دەبێت.(١٧٥)

بەمجۆرە دەشێ بڵێین کردە هیرمینۆتیکی لای گادامێر

175 - Ibid. See pp. 7-9.

جۆرێکە لە ئاراستەکردنی مەعریفی وەک ئەوەی هەڵسێت و جێی مەعریفەی وێناکردن بگرێتەوە، ئەوەی کە لە میانی میتۆدەوە بە دەستی دەهێنین. ئەو ئاراستەکردنە مەعریفییە-کە لە بنەڕەتدا لە هایدگەر وەرگیراوە- گادامێر پشتگیری دەکات و لە کارە ئەکادیمییە مەزنەکانی بەڵگەی بۆ دەهێنێتەوە وەک لە کتێبی (حەقیقەت و میتۆد Wahrheit and Metthod «Truth and Method) ساڵی ١٩٦٠ دەیبینین، هەروەها لە کۆی کارەکانی دیکەی پرۆسیسەی دەکات. گادامێر دەیەوێت بۆمان روون بکاتەوە کە لە ڕێگای ئەویدیکەی نامیتۆدییەوە دەشێ زۆر شت بزانین. هونەر و کۆی کار و دەقە ئەدەبییەکان نموونەیەکمان لە حەقیقەت پێشکەش دەکەن، کە ناشێ لە ڕێگای میتۆدەوە پێی بگەین، ئەوەش بەو مانایە دێت کە میتۆدی زانستی سروشتی یان پارادیمی مەعریفەی وێناکردن و تەجریدی تاکە هۆکاری گەیشتن بە حەقیقەت نیین.

گادامێر پێیوایە میتۆد جۆرە بیرکردنەوەیەکی ستراتیژییە کە بەشداری لە نامۆبوونی مرۆڤی هاوچەرخ دەکات: سەرەڕای ئەوەی فیکرەی میتۆد کە لەگەڵ زانستە تازەکان دێتەوە و زانستە مرۆییەکانی وەک هەوڵدان بۆ تێپەڕاندنی نامۆبوونی مرۆیی بەرانبەر دنیا لێ شین دەبێت، بەڵام ئەو نامۆبوونە بە نامۆبوونێکی دیکەی وەک خۆی دەگۆڕێتەوە. میتۆد کۆمەڵێک ڕێسا و ئامرازی ستراتیژیین خود بەسەر بابەتدا دەسەپێنێ، بەمجۆرە خود وەک پێدراوێک وەک شارەزاییەکی راستەوخۆ لە بابەت ناگات، بەڵکو بەپێی وێناکردنەکانی خۆی راڤەی

دەکاتــەوە، بەر لەوەی وەک شــارەزاییەک وەری بگرێت.

چۆن لە رێگای کردەی راڤەکردنی دەقی ئەدەبییەوە، لەو قسەکردنە تیۆرییە گشتییە دەگەین؟ رێبازەکانی دەقی ئەدەبی تازە دەشێ بکەوێتە هەمان تەگەرەوە کاتێک بەشداری لە تایبەتمەندکردنی نامۆبوون دەکات، لە بری ئەوەی لە کردەی راڤەکردن بگات. هەتا هیرمینۆتیکای کلاسیکیش کاتێک بۆ یەکەمجار گرفتەکانی کردەی راڤەکردنی وەک کۆمەڵێک گرفتی گشتی وروژان، بە هۆی مەیلی بابەتگەراییەوە نەیتوانی لە تەگەرەی نامۆبوون رزگاری ببێت.

هیرمینۆتیکا وەک ئەوەی راڤەکردنە لەسەر دیالۆگکرنەوە وەستاوە بە تەواوی - لەوەی گادامێر دەیبینێ، جیا دەکەوێتەوە-(١٧٦) لەسەر دوو وێنەی بنەڕەتی لە راڤەکردن، ئەوانیش: راڤەکردنێک کە «لەبارەی شتێکەوە دەدوێ Speaking about» دەقێک، هەروەها راڤەکردنێک کە «لە پێناو شتێکەوەیە Speaking for» دەقێک. راڤەکردن لە حاڵەتی یەکەمدا- واتە کاتێک لە بارەی دەقێکەوە دەدوێ- راڤەکردنێکە هەوڵی تێگەیشتنی دەق دەدات «وەک ئەزموون» وەک ئەوەی بابەتێک بێت بشێ دەستی بەسەردا بگیرێت و بخرێتە ژێر رێسا و کۆمەڵێک مەسەلەی گشتی کە دەیانەوێ بەسەر دەقدا بیسەپێنن، لەو حاڵەتەدا راڤەکردن وەک دیالۆگێکی خودی خۆی دەبینێتەوە (monologue) رێگا بە دەق نادات قسان لە بارەی خۆیەوە بکات، یان لە پێناو خۆیەوە قسان بکات (For it self). بەڵام راڤەکردن لە حاڵەتی

176 - H. G. Gadamer, Truth and Method, pp. 322, 340, also see Kathleen Wright: Literaure and Plulvsuphy at the Crosscods› in Fes-lials of Interpretion… pp. 2441-242.

دووەمدا- واتە کاتێک لە پێناو دەق دەدوێ- ڕاڤەکردنێکە هەوڵدەدات بە شێوەیەکی ئایدیالی لە دەق بگات، ڕاڤەکار خۆی وا نیشان دەدات «کە توانای تێگەیشتنی ئەویدیکە (دەق)ی بە هەمان شێوە و ڕەنگە باشتریش لە تێگەیشتنی ئەویدیکە (دەق) بۆ خۆی هەبێت». ڕاڤەکردن لەو حاڵەتەدا ئەگەرچی دیالۆگێکی خودیش نەبێت، بەڵام هەر وەک دیالۆگی یەک لایەنە دەمێنێتەوە (one- sided converation) ڕێگا بە دەق نادرێت بۆخۆی قسەمان بۆ بکات، ڕاڤەکار دەق لەوە نزیک دەکاتەوە وەک ئەوەی دیالۆگ لەگەڵ خۆی بکات، دواتریش لێرەدا چییەتی دیالۆگ-کە لەسەر دانوستان وەستاوە- ون دەبێت. بەمجۆرە دەبینین ڕاڤەکردن لە حاڵەتی یەکەمدا ئەوەیە کە دەق دیالۆگ دروست ناکات، واتە ڕاڤەکار دەق دەخاتە دەرەوەی چوارچێوەی دیلۆگەوە. بەڵام لە حاڵەتی دووەمدا ئەوە دەق دەبێتە بابەتی دیالۆگکردن، بەڵام دیالۆگەکە نابێتە دیالۆگێکی حەقیقی چونکە بابەتەکە لێرەدا ڕاڤەکار حوکمی لەسەر دەدات. کەواتە لە هەردوو حاڵەتەکەدا بە شێوەی جیاواز جەخت لەسەر ڕاڤەکار و دەقی ڕاڤەکردن دەکرێت (text of interpretation) ئەو دەقەی کە نیازە ڕاڤە بکرێت.

بەمجۆرە لێرەدا دەشێ ئەو مەسەلەیە بۆ مەیلی بابەتگەرایی میتۆدی کورت بکەینەوە، کە بەرەو جۆرێک لە وەهمی تێگەیشتن و ڕاڤەکردن ڕابەرایەتیمان دەکات، وەهمی بڕوابوون بە زاڵبوون بەسەر دەقدا (واتە زاڵبوونی خود یان ڕاڤەکار بەسەر دەق و بابەتی ڕاڤەکردندا). بەڵام دەبینین دەق بەردەوام خۆی لێیان دەرباز دەکات و بەرەو جۆرێک

له نامۆبوون دەبێتەوە، ئەویش لە دەرئەنجامی تێنەگەیشتنی خود بۆ بابەت یان دەق بەهۆی شارەزایی سۆزئامێزی نێوانیانەوە، لە کۆتاییدا خۆمان لە بەرانبەر دەقی راڤکاردا دەبینینەوە نەک ئەو دەقەی دەمانویست راڤەی بکەین.

ئەو دەرئەنجامە بەرەو ئەو مەسەلەیەی خوارەوەمان دەکاتەوە، کە بایەخی خۆی لە کردەی هیرمینۆتیکیدا هەیە، ئەویش: دەرککردنی رۆڵی خود (راڤەکار) لە کردەی راڤەکردندا بەو مانایەی کە بە راستی دیالۆگی نێوان خودو بابەتە.

## ٢- رۆڵی خود لە کردەی راڤەکردندا:

### راڤەکردن وەک دیلۆگکردن لەگەڵ دەقدا

لە هیرمینۆتیکای هاوچەرخدا ئەوەی بە راڤەکردنی دیالۆگئامێز ناوی دەبردرێت، یان بە دیالۆگی راڤەکارانە، راڤەکردنێکە دەیەوێت تەجاوزی دوالیزمی «خود/بابەت» بکات، کە جەخت لایەنێک لەسەر حیسابی لایەنەکەی دیکە دەکرێتەوە. دیالۆگی راڤەکارانە وەک گادامێر تێیگەیشتوە جیایە لەوەی -هەندێ لە توێژەران وەک بەرهەمهێنانی پەتی یان بەوەفا و پابەست بە دەقی ئەسڵی، کە نیازە راڤەی بکەین (faithful productivity) باسی دەکەن- ملکەچبوون بۆ دەق و بڕواکردن بە دەق دوو چەمکی ئاراستەکراون‌و دەشێ بە ئاکاری هیرمینۆتیکی گادامێری ناویان بەرین. لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە وەک پێویست لە ملکەچبوون بۆ دەق (بڕواکردن بە دەق) ناگەین، وەک ئەوەی راڤەکار بەرانبەر بە دەق تەواو نێگەتیف بکەوێتەوە، وێرای ئەوەی راڤەکردن

بەرهەمهێنان (productive) بێت و دووبارە دەق بەرهەم بهێنێتەوە (reproductive)، ئەگەرچی لە هەمان کاتدا بە داهێنانیش وەسفی نەکرێت، ئەوە گادامێر لە بەکارهێنانی وشەی داهێنان (ابداع– creative) و داهێنانکاری (ابداعیە– creativity) دوور ناکەوێتەوە، چونکە بەسەر دەسەڵاتی پەتی راڤەکاردا زاڵ دەبن، یان دەقی راڤەکراو بەسەر دەقی ئەسڵییدا زاڵ دەبێت.(١٧٧)

کەواتە راڤەکردن ئەگەر بەرانبەر دەق خاکەڕایی بنوێنیٚ، ئەوە پێویست ناکات ئامانجی داهێنانی دەقێکی نویٚ بێت، وەک چۆن پێویست ناکات ئامانجی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی دەق بێت: چونکە لە هەردوو حاڵەتدا هیچ دیالۆگیٚ لەگەڵ دەق ناسازیٚ. دیالۆگکردن لەگەڵ دەقدا پێویستە وەک پەیوەندی ئاڵوگۆڕی نێوان من و ئەویدیکە دەرک بکرێت، بۆیە (کائلین رایت K. Wright) دەڵێت: «بەکارهێنانی زاراوەی دیالۆگ لای گادامێر پێویستە پێمان بڵێت کە پەیوەندی نێوان راڤەکار و دەق پەیوەندی من و ئەویدیکەیە (an I- other relation) بەو مانایەش من شوێنی راڤەکار و ئەویدیکە شوێنی دەق دەگرێتەوە، مەبەستی گادامێر لە (ئەویدیکە) دانەری دەق نییە، بەڵکو خودی دەقە. بەمجۆرە دەق بەر لەوەی تەنها بابەتی دیالۆگی راڤەکارانە بێت، بابەتێکە دەکەوێتە نێو دیالۆگی راڤەکارییەوە. بۆیە گادامێر پێیوایە «دەق تەعبیر لە خودی خۆی دەکات، وەک ئەوەی – تۆ– بیت».(١٧٨)

177 – Kobert J of Interprcta tion”, in Feutivals of Jntepretation… p, 64. Dostal, “Philosorpical Discourse and the Etbics.

178 – Kathicen Wriight, “Literaluce and Philosophy at the Cros-roauls” in Ibid. p. 237.

بەمجۆرە بۆمان روون دەبێتەوە کە رۆڵی خود لە کردەی دیالۆگکردن لەگەڵ دەقدا دوو خەسڵەتی سەرەکی بەیەکەوە پەیوەست لەخۆ دەگرێت: خەسڵەتی یەکەم پەیوەندی ئاڵوگۆڕی نێوان خود و بابەتە یان نێوان من و ئەویدیکە، خەسڵەتی دووەمیان ئەوەیە کە ئەویدیکە دەقە نەک دانەر. لێرە بەدواوە هەوڵدەدەین زێتر پڕشنگ بخەینە سەر ئەو دوو خەسڵەتە جیاوازەی دیالۆگکردن لەگەڵ دەق:.

**أ- دیالۆگ بەو وەسفەی کە پەیوەندی نێوان من و ئەویدیکەیە:**

دیالۆگ- وەک ئەوەی دانوستاندنە- جۆرێکە لە پەیوەندی ئاڵوگۆڕئامێزی نێو دوو لایەن: خود و بابەت، یان بە شێوەیەکی وردتر نێوان من و ئەویدیکە (وەک ئەوەی کە ئەو ئەویدیکەیە «تۆ» بیت، واتە کەسی بەرانبەر بێت، کە لەسەر خودی خۆی وەستاوە و دەتوانێ قسە لە دیالۆگ یان بەشداری دیالۆگکردن بکات). لێرەدا پەیوەندی ئاڵوگۆڕی مانای ئەوە دەگەیەنێت کە کردەی تێگەیشتن و راڤەکردن لە میانی دیالۆگدا ناشێ تەنها لە ئاراستەیەکەوە روو بدات، لە ئاراستەی منەوە بەرەو ئەویدیکە بێتەوە، ئەو کردەیە پێویستە دەبێ لە ئەویدیکەوە بەرەو منیش ببێتەوە. لێرەدا ئەوەی راستی بێت من جڵەوی دەستپێشخەری جێبەجێکردنی کردەکەی بە دەستەوە نییە، تاکو بە رووی ئەویدیکەدا بکرێتەوە و رێگا بە ئەویدیکە بدات قسەی بۆ بکات، وەک ئەوەی رێگا بە خۆی بدات کە (گوێ) گوێی لێبگرێ، وەک ئەوەی بەمجۆرە ئاڵوگۆڕی لەگەڵ واقیع بکات: هیچ کاتێک مامەڵەکە وەک هەوڵێک بۆ کۆنترۆڵکردنی

ناکرێ، هیچ کاتێک وەک خودێکی بێلایەن مامەڵە لەگەڵ خۆ ناکرێ، یان «وەک کۆجیتۆی دیکارتی» واتە وەک خودێکی بیرکەرەوە مامەڵە لەگەڵ ئەویدیکە بکات و وەک ئەوەی قەوارەیەکی دابڕاو بێت لەو، نەتوانێ دەنگدانەوەی خۆی لەودا ببیستێتەوە. بەمجۆرە مەیلی میتۆدی تازە بەرەو «چوارچێوەدانانی دەق» دەبێتەوە و کۆنترۆڵی دەکات و هەوڵدەدا بیخاتە ژێر رکێفی جۆرێک لە بیرکردنەوەی بابەتی کە پشت بە رێسا و ئامار و شیکردنەوەکان دەبەستێت، ئەو مەیلە بەرەو هەڵەیە، ئەو مەیلە بەرەو جۆرێک لە «بیرکردنەوەی ستراتیژییە»: بیرکردنەوەیەک کە کرانەوە بەسەر دەقدا تێیدا ونە، هەروەها وەک هایدگەر هەمیشە جەختی لێدەکردەوە دیالۆگی حەقیقی هاوڕێیانەی تێدا ونە، ئەو دیالۆگەی کە لە رێگای سۆزی هاوڕێیانەوە بە ئەنجام دەگات، نەک نامۆبوونەوە، ئەو دیالۆگەی کە لە دەرئەنجامی بەشداریکردنی دوو لایەنەوە مەیسەر دەبێت. بەمجۆرە دەتوانین بڵێین خود یان من- لەو حاڵەتی مەیلی میتۆدگەراییەی دەقدا- دەیەوێت وێنەیەکی بێلایەنانە وەربگرێت خودی حەقیقی خۆی پرۆسیسە ناکات، بەڵکو دەبێتە خودێکی هەڵگەڕاوە و خۆی بەوە رازی دەکات وەک ئەوەی ئامرازێک بێت (یان ستراتیژێک بێت) و لەو رێگایەوە مامەڵە لەگەڵ ئەویدیکە بکات و بیەوێ فێڵی لێبکات و تەنها وەک بابەتێک بۆ خزمەتکردنی خۆی بە کاری بهێنێت، وەک چۆن ئامراز لە جیهانی تەکنۆلۆجیای هاوچەرخدا -یان بە مانایەکی وردتر- لە جیهانی نامۆبووندا بەکار دەهێنرێت بێ ئەوەی گوێی لێبگیرێت.

له راستیدا ئەو بیرکردنەوەیە- واتە بیرکردنەوەی دیالۆگی ئاڵوگۆڕی کە لە جیهانی ئێستای هاوچەرخمان بوونی نییە- هەر تەنها لە هاوشێوەکەی لە هیرمینۆتیکای گادامێرییدا نابینرێت، بەڵکو ریشە قووڵەکانی لای هایدگەرە.

لە وتارێکی هایدگەردا بە ناونیشانی «هولدرلین و چییەتی شیعر» هایدگەر هەندێ دێرە شیعری هولدرلین-ی شاعیری شاعیران دەهێنێتەوە- کە تێدا قسە لە مانای دیالۆگی ونبووی جیهانی ئێمە دەکات. هایدگەر بەرانبەر ئەو دێرانە دەوەستێ و بۆ ئەوەی دیالۆگ لەگەڵ دەقی هولدرلین لە بارەی دیالۆگەوە بکات، واتە هەوڵدەدات بە شێوەیەکی دیالۆگئامێز راڤەی بکات.

با سەرەتا گوێ لە هولدرلین بگرین:

**«تعلم الإنسان كثيرا**
**ومن السماوات سمى الكپير**
**مذ كنا حوارا**
**وكنا قادرين على أن يسمع بعضنا إلى بعض»**.

با گوێ لە هەندێ دیالۆگ بگرین کە هایدگەر لەبارەی ئەو دێرانەوە دەیانڵێت: «....» مذ كنا حوارا: «لە کۆندا ئێمە دیالۆگ بووین» ئێمەی کۆمەڵی مرۆڤی دیالۆگ. بوونی مرۆڤ لەسەر زمان دامەزراوە. بەڵام زمان لە رووی مێژووییەوە لە «دیالۆگ»دا جێبەجێ دەبێت. ئەگەرچی زمان رووییەک نییە لە رووە بەکارهێنراوەکانمان بۆ زمان، بەڵکو زمان خۆی رەسەن نییە تەنها وەک دیالۆگ نەبێت. کەواتە ئەوە هەمیشە مانای زمان دەگەیەنێت- ناوکۆییەکە لە وشەکان و رێسای پێکهاتنی گوتن- هەموو ئەوانەش تەنها

رووە دەرەکییەکەی زمانن. کەواتە دیالۆگ چی دەگەیەنێت؟ هەڵبەتە لە سەرەتادا قسەکردنە لەسەر شتێک لەگەڵ ئەویدیکەدا. لێرەدا قسەکردن ناوەندی نێوانمانە و کۆمان دەکاتەوە و بەیەکمان دەگەیەنێت. بەڵام هلیدرلین دەڵێت: «لە کۆندا ئێمە دیالۆگ بووین، ئێمە دەمانتوانی گوێ لە یەکتر بگرین». توانای گوێ لە یەکتر گرتن ئەنجامی قسەکردنمان لەگەڵ یەکتر نییە، بەڵکو ئەوە لە کردەی قسەکردنەوە سەپێنراوە، بەڵام توانای خودی گوێگرتن لەسەر توانای ئەو وشەیە وەستاوە کە پێویستمانە، ئێمە دیالۆگین، ئەوەش بەو مانایەیە کە ناتوانین گوێ لە یەکتر بگرین.... بەڵام هولدرلین هەر قسە ناکات: ئێمە دیالۆگین، بەڵکو دەڵێ: لە کۆندا ئێمە دیالۆگ بووین... لە کەیەوە ئێمە دیالۆگ بووین؟»(١٧٩)

ئێمە لە تواناماندا نییە، لە بارەی مانای ناوەڕۆکی ئەو دێرانەوە « لە کۆندا ئێمە دیالۆگ بووین» بگەینە دیالۆگی هایدگەر و هولدرلین، وەک ئەوەی هایدگەر مەبەستیەتی- لەو کاتەی کە لە رووی بوونەوە بە توندی بە مێژووەوە بەندین، واتە بوونێک کە رابردوو و ئێستا و داهاتووی هەیە، لەوێوە کە مرۆڤ زۆری لە باردایە و زۆر دەزانێ.....، لێرەوە ئەوەی جێگای بایەخە لەسەر ئەو خەسڵەتە قووڵ و جیاوازەی ماناکانی دیالۆگ بوەستین، وەک ئەوەی کە گادامێر تێیگەیشتوە، واتە دیالۆگ مەیسەر نابێ تەنها بە کردەی قسەکردن و گوێگرتن نەبێت: بەو مانایەش قسەکردن

---

١٧٩- مارتن هيدجر، في الفلسفة والشعر، ترجمة وتقديم: عثمان امين، ص٨٧، ٨٨. (انظر أيضا: ما الميتافيزيقا؟ هولدرلين وماهية الشعر، ترجمة: محمود رجب وفؤاد كامل، ص ١٤٦-١٤٧).

به تەنیا دیالۆگ مەیسەر ناکات، وشە- بۆ ئەوەی وشە بێت- پێویستی بە توانایەک هەیە گوێی لێبگرێت. بەڵام گوێگرتن لە زمان- یان گوێگرتن لە قسان وەک دەڵێن- بۆخۆی جۆرێکە لە قسان- چونکە قسەکردن خۆی دەسەپێنێ و چوارچێوەی خۆی هەیە: بەڵام ئێمە لە کردەی گوێگرتندا «جارێکی دیکە ئەو قسانە دەکەینەوە کە گوێمان لێبووە».(١٨٠)

کەواتە شێوازی گوێگرتن (Listening) - وەک برۆنز پێیوایە-(١٨١) شێوازی تەجاوزکردنی بونیادگەرییە لای هایدگەر. کەواتە شێوازی گوێگرتن جیاوازە لە شێوازی دەستبەسەراگرتن و بە خاوەنبوون، ئەوەیە کە گوێگرتن لە تێڕوانین و پەیوەندی شوێنی جیا دەکاتەوە: گوێگرتن واتە تێوەگلان و نقومبوون و کەوتنە نێو هاوبەشییەوە، وەک ئەوەی دانوستاندن بێت. لەو کاتەدا چاو وەک خۆی دەمێنێتەوە، لەسەر مەسافەی ئەوەی دەیبینێ، بەڵام گوێ ڕێگا بە ئەویدیکە دەدات لێی نزیک بێتەوە و ملکەچی دەبێ و دەچێتە ناویەوە و دەبێتە خاوەنی، بۆیە ئێمە لە گوزارەیەکی باودا دەڵێین «گوێی خۆتمان بدەیێ-lend me your cars».

کەواتە کردەی گوێگرتن واتە ملکەچکردن بۆ شتێک، کە لە کردەی دیالۆگدا پێمان دەڵێت. بەڵام بە نۆرە گوێگرتن و قسەکردن کردەیەکە بەسەر خود یان مندا کورت نەکراوەتەوە، چونکە کاتێک لە کردەی دیالۆگدا وەک ئەویدیکە یان وەک «تۆ» سەیری دەق دەکەین، هەر وەک سیمایەکی جیاکارانەی دەق دەبینرێت. بەمجۆرە دەق جارێک

١٨٠- المصدر السابق، ص ٦٩ ونا بعدها.

181 - Quoted in Geiald Rruns «Heidegger and the Emancrpation of Language». In The Relevance of the Reautiful…, pp. 127.

قسان دەکات و جارێک گوێدەگرێت، دەردەکەوێتو وندەبێت، بایەخی تێگەیشتن و راڤەکردنی دیالۆگیش دەرخستنی شاراوەکانە لە رێگای پەردەپۆشنەکراوەکانو دیارەکان، واتە کەشفکردنی ئەوەیە کە دەق وسبەی لێکردووە لە رێگای ئەوەی بە راستی دەیڵێت. لە میانی ئەو گرژییەی نێوان دەرخستن و پەردەپۆشکردن، قسەکردن و بێدەنگی، لەسەر ئاستی دەق و لەسەر ئاستی راڤەکار، ئەو حەقیقەتەمان بۆ دەردەکەوێت کە دەق دەیخاتە روو.

ئێستا دەتوانین بۆ خەسڵەتی دووەم بگوازینەوە کە لە کردەی دیالۆگکردن لەگەڵ دەقدا بە جیاوازییەکانی پەیوەندی نێوان من و ئەویدیکەوە بەندە، ئەویش: لە کردەی دیالۆگکردندا ئەویدیکە بۆخۆی دەقە:

**ب- دیالۆگکردن لەگەڵ ئەویدیکە بەو وەسفەی کە دیالۆگە لەگەڵ دەق:**

کەواتە تێگەیشتن لە دیالۆگی حەقیقی کە لەسەر پەیوەندی ئاڵوگۆڕی نێوان من و ئەویدیکە وەستاوە، بە توندی پەیوەستە بە تێگەیشتنی دیالۆگ بەو مانایەی کە دیالۆگە لەگەڵ دەق، بەڵام لەسەر چ بنەمایەک ئەو پەیوەستبوونە دەرک دەکەین؟ لێرەدا لە سەرەتادا دەبێت لەو حەقیقەتە پێویستەوە دەست پێبکەین، ئەویش ئەوەیە کە بە گشتی ئەوەی لە دیالۆگی حەقیقیدا جێی بایەخە ئەو بابەتەیە کە دیالۆگ بە دەوریدا خولدەخوات، ئەو مەسەلە هاوبەشەی کە دەکەوێتە نێوان دوو گفتوگۆکەرەوە، ئەوەی جێی بایەخدان و قسەلێکردنی نێوانیانە، وەک گادامێر دەڵێت: «تاکە رێگایەک

که توانای یەکتر دواندنی تێیدا بگات ئەوەیە کە لەو نێوانەدا شتێک بۆ گوتن لە ئارادا بێت».(١٨٢)

ئەو کردەیە -وەک گادامێر دەیبینێ- تەواو لە گواستنەوەی زانیاری (بۆ نموونە لە ڕەمزەوە) جیایە، ئەو ڕێگایە بۆ گەیشتن بە زانیارییەکان تەنها وەرگرێک هەبێت بەسە، بەڵام بۆ دیالۆگی حەقیقی هەر تەنها کەسی وەرگر بەس نییە، بەڵکو لەگەڵ ئەوەشدا «دەبێ ئامادەیی چوونە ژێر باری ئەوەش هەبێت کە دەگوترێت. ئەو ڕێگایە تەنها ڕێگایە کە وا لە وشە دەکات پەیوەست بێت، وەک چۆن بوونی مرۆیی پەیوەستە بە بوونی مرۆیانی دیکەوە».(١٨٣)

لە کۆتاییدا ئامانجی دیالۆگ-وەک هایدگەر پێشتر بۆمانی ڕوون کردەوە- دەرخستنی ئەوەیە کە دەبێتە بابەتی قسەکردن، بەو مانایە دیالۆگی حەقیقی لە وشەوەیە «ئەوەیە کە ملکەچی شتێک دەبێ کە دەیبینێ، واتە ملکەچی ئەو دیمەنە دەبێت کە قسەکردن دەیخاتەوە»(١٨٤) ..... ئایا دەشێ لە هەموو ئەوانە چ سوودێک وەربگرین؟

لێرەدا فیکرەی بنەڕەتیمان بۆ دەرکەوت، ئەویش ئەوەیە: کە لە کردەی دیالۆگدا زمان یان قسەکردن هەر تەنها ئامرازێک نییە بۆ زانیاری گەیاندن، بەڵکو ئەوەی لە دیالۆگی حەقیقیدا گرنگە ئەوەیە لە میانی قسەکردندا

---

182 - H.G. Gadamer, «On the Cuntribution of Poetwy to the Seanch for Truth», In The Relevance of the Heasutiful… p. 106.

183 - Ibid… Joc. Cit.

184 - Martin Heidegger, Being and time, trans by Joan Maqur-rie and fidward Robinson (New York; Harper and Row Publishers, 1976), sco. JI. P. 56.

دەتەویَ چ بلَێیت، چونکە هەموو دیالۆگێک دیالۆگکردنە لەسەر شتێک. ئەگەر ئێمە بزانین کە هەموو دەقێک-وەک ئەوەی زمانە- شتێک بە ئێمە دەلَێت، ئەوە دیالۆگکردنی ئێمە لەگەلَ دەق-وەک ئەوەی دیالۆگی نێوان من و ئەویدیکەیە- نابیَ تەجاوزی ئەوە بکات، کە دەق دەیلَێت و بکەوێتە پشت دەقەوە، ئەوەش راستەوخۆ ئەو جیاوازییە دەردەخات-وەک هەندیَ لە توێژەران روونی دەکەنەوە-(١٨٥) کە دەکەوێتە نێوان هیرمینۆتیکای گادامێر(١٨٦) و هیرمینۆتیکای کلاسیک لای شلیرماخەر و دیلتای: هەریەک لەو دووانە دوایی وا سەیری زمانی دەق دەکەن، وەک ئەوەی کە زمانی دەق کۆدی شتێکی دیکە بێت لە پشت دەقەوە (لە پێش: کەسایەتی داهێنەرانەی دانەر یان تێڕوانینی بۆ دنیا... هتد)، لە کاتێکدا گادامێر جەخت لە خودی دەق دەکاتەوە، واتە چ بە نەوە یەک لە دوا یەکان لە راڤەکاران دەلَێت.

نموونەی تەقلیدی کردەی گەیشتن کە لە دانەرەوە بۆ دەق پاشان بۆ خوێنەر هەنگاو دەنێت و دەق ناوندیاری بابەتیانەیە و هەلَگری پەیامی دانەرە بۆ خوێنەر نموونەیەکە مامەلَە لەگەلَ دەق وەک ئەویدیکە ناکات یان وەک «تۆ» کە

---

185 - David F. Linge (translator and cditor). Hans-Geprg Gadamer. Philosphical Herrmeneuticd (University of California Press, 1976). See the introduction, p.88.

١٨٦- گادامێر پێناسەی هیرمینۆتیکا لە هونەری روونکردنەوەی گوتراوی ئەویدیکەدا دەبینێتەوە، یان هیرمینۆتیکا زمانی نامۆی ئەویدیکە روون دەکاتەوە. دەتوانین بلَێین ئەگەر هیرمینۆتیکا بە شێوەیەکی گشتی خۆی لە راڤەکردندا هەلَگرێتەوە، ئەوە خودی راڤەکردنیش دەکەوێتە سەر تێگەیشتن و دیالۆگ. وەرگێڕی کوردی.

لایەنێکی لە لایەنەکانی دیالۆگ، بەڵکو وەک ناوەندی دیالۆگ لەگەڵ دانەر مامەڵەی لەگەڵ دەکات. هەر تەنها گادامێریش ئەو نموونەی رەتنەکردۆتەوە، بەڵکو هیرمیتۆتیکای فینۆمینۆلۆجی بە گشتی ئەو نموونەی قبوڵ نییە - وەک هەندێ لە توێژەران روونی دەکەنەوە-(١٨٧) کەواتە پەیوەندی دانەر/دەق/خوێنەر، دەشێ بۆ دوو جۆر شی بکەینەوە ئەوانیش: پەیوەندی «دانەر/دەق» و پەیوەندی «خوێنەر/دەق». هەروەها پەیوەندی دانەر بە دەقەوە کردەیەکی ئیبداعییە لە هەوڵی مرۆییەوە دێتە بەرهەم و کارێکی کەسایەتی جیاوازە، واتە کردەیەکە بە شێوازی ئیبداعی دەقەوە بەندە. بەڵام کە دەق ئیبداع دەکرێ یان کاتێک کار پەیوەندی بە دانەرەوە کۆتایی دێت و هیچ توانایەکی بۆ دووبارە دەستبەسەرداگرتنی دەقی ئیبداعییەوە نییە، لەو ساتەدا کە دەق تەواوە و ئامادەیە بۆ خوێنەر، ئەو کاتە مانای دەق لە مەبەستی دانەر جیا دەبێتەوە، تا هەموو وەرگرێک بتوانێ پێی بگات. لێرەدا توێژەر خۆی دەداتە پاڵ فیکرەی گادامێر لەوەی کە مانای دەق لەگەڵ مەبەستی دانەر یەک ناگرێتەوە: مەبەستگەرایی سایکۆلۆجی دانەر هەر تەنها تایبەتە بە خۆیەوە، بەڵام مەبەستگەرایی

187- Mano J. Valdes. Phenomenologics, pp. 38 and 60-61.

وجدير بالذكر أن كافه اقطاب الاتجاه الفينومينولوجى متفقون على أن خبرات المؤلف لا تعد جزءا من بنية العمل الادبى (أو العمل بوجه عام)، ولا تدخل (او لا ينبغى لها أن تدخل) كجزء فى سياق خبرة المتلقى أو الناقد بهذا العمل من حيث هو موضوع لخبرة جمالية (أنظر فى ذلك كتابنا: الخبرة الجمالية، دراسة فى فلسفة الجمال الظاهراتية، مواضع عديده متفرقة).

دەقگەرایی (مەبەستگەرایی دەق) دەبێ وەک بەشێک لە شارەزایی خوێنەر سەیر بکرێت. بۆ ئەوەی خوێنەر لە دەقی ئەدەبی بگات، پێویستە توانای ئەوەی هەبێت دەرک بە تاکگەرایی خۆی بکات وەک ئەوەی دانەر بێت، واتە وەک ئەوەی شێوازیی داهێنەرانەی دانەر بێت (نەک بە مێژووبوونی دانەر).

لێرەدا دەبێ بە مێژووبوونی دانەر و بە مێژووبوونی دەق لێکجیا بکەینەوە: بە مێژووبوونی دانەر بارودۆخ و شارەزایی و رۆشنبیریی و حاڵەتی کۆمەڵایەتی و دەروونی تایبەتی دانەری لەخۆدا هەڵگرتووە، بەڵام بە مێژووبوونی دەق ئەو حەقیقەتە مێژووییەیە کە دەق دەیخاتە روو، بەو مانایەش ئەوەی دەق دەیڵێت هەمیشە ئاراستەکراوە بۆ ئەو خەڵکە جۆراوجۆرانەی کە لە سەردەمی دەق بە رۆشنبیریی جیاواز و ئایینی جیاواز و باری کۆمەڵایەتی جیاوازەوە دەژین. بەو مانایەش لە میانی پەیوەندی دەق بە خوێنەرەوە، دەق دەچێتە ناوکۆییەکی رۆشنبیریی-کۆمەڵایەتی کە لەگەڵ ناوکۆیی خوێنەرێکی دەرەوەی ئەو کات و شوێنە نائاشنا دەکەوێتەوە.

ئەرکی هیرمینۆتیکا لە مامەڵەکردنی لەگەڵ دەقدا نائاشنایی بە مێژووبوونی دەق تێدەپەڕێنێ،(١٨٨) واتە کاتێک دەقێک دەچێتە نێو چوارچێوەیەکەوە یان ناوکۆییەکی نائاشناوەو ناتوانێ وەڵامی خۆی هەبێت و دەکەوێتە دەرەوەی ئەوەی

١٨٨- راڤەکردن هەوڵدانە بۆ تێپەڕاندنی حاڵەتێک لە نائاشنایی، کە ئێمە بەرانبەر بە بابەتێک هەمانە، لەوێوە کە بابەتێک لامان روون نییە. وەرگێڕی کوردی.

خۆی دەیەوێت (یان ئەوەی هۆگری دێتەوە، و:ک)(١٨٩) Aneigung (appropriation) ، ئەو زاراوەیە بەو مانایە دێت کە ئەوەی لای مرۆڤ نامۆیە بە موڵکی خۆی دەزانێت. دەلالەتی ئەو زاراوەیە لە ناوکۆیی راڤەکاریی دەقی ئەدەبیدا بەو مانایە دێت کە راڤەکار دەق دەخاتە پاڵ ئەوەی کە هۆسرل ناوی دەنێت «دنیای ژیان– life world» یان وەک هایدگەر ناوی دەنێت «بوون لێرە لە دنیادا –being in– the– world –». کردەی هۆگری/هاوگونجان هەر تەنها لە میانی دیالۆگەوە نەبێت مەیسەر نابێت، چونکە خودی دیالۆگکردن هەوڵدانە بۆ تێگەیشتن: تێگەیشتنی بە مێژووبوونی دەق و دەق چمان پێدەڵێت.

بەمجۆرە تێگەیشتن لە مانای دەق لای گادامێر بەسەر هەڵوێست و بارودۆخی ئێمەدا جێبەجێ دەبێت، لێرەدا جێبەجیکردن و تێگەیشتن دەبنە کردەیەکی هیرمینۆتیکی، لێرەدا تێگەیشتن پێش جێبەجێکردن ناکەوێت, تێگەیشتنی دەق لە رابردوودا واتە رێگادان بە دەق بۆ ئەوەی ئەمڕۆ قسەمان بۆ بکات. بەڵام دانانی ئەو مەسەلەیە بە شێوە نێگەتیفەکەی واتە بێ توانایی لە جێبەجێکردنی دەق و بێ توانایی لە پەیوەستکردنی بە دنیاکەمانەوە، ئەوەش تێنەگەیشتنی هەموو شتێکە لە بارەی دەقەوە.(١٩٠)

بەمجۆرە ئێمە لە میانی کردەی هۆگری و هاوگونجانی

---

١٨٩– لە رێگای راڤەکردنەوە هەمیشە دەتوانین جۆرێک لە هۆگری لەگەڵ دەقدا دروست بکەین. وەرگێڕی کوردی.

190 - See: Jean Grondin, «Hermeneutics and Relativisms, in Festivals of Interpretation, pp. 51-52.

گادامێرییدا هەر تەنها ئەویدیکە یان دەق ناس ناکەین، بەڵکو خۆشمان دەناسین و هەروەها خودی خۆمان ناس دەکەین. ئێمە خۆمان لە میانی سیما مرۆییەکەوە باشتر دەناسین کە بەردەوام لە رووە رۆشنبیرییەکەوە دەردەکەوێت، ئەوەش وەک ریکۆر دەلالەتی لێدەکات و دەڵێت: «ئەوەی کە ئێمە لە بارەی خۆشەویستی و کینەوە، لە بارەی هەستیاری و ئاکارەوە دەیزانین، یان بە شێوەیەکی گشتی لەبارەی هەموو ئەوانەی خود ناویان دەنێت، ئایا هەموو ئەوانە لە زماندا و لە رێگای ئەدەبدا ناشێ گوزارشتیان لێبکرێت؟ بەمجۆرە هەموو ئەوانەی تەواو دژ بە خودگەرایی دەبنەوە، هەموو ئەوانەی لە شیکردنەوەی بونیادگەرییەوە وەک شانەی دەق دەردەکەون، هەمان ئەو ناوەندەن کە قابیلی ئەوەن خۆمانیان لە رێگاوە بناسین».(١٩١)

ئایا لە هەموو ئەوانەدا ناگەینە ئەوەی کە هیرمینۆتیکای دەقی هاوچەرخ هەوڵدەدات درزێک بخاتە ئەوەی کە لە ئاگامەندی ئیستێتیکی تازەگەریمان روودەدات، بە هۆی فەرامۆشکردن و لەبیرکردنی ئەوەی کە بە گشتی ئەدەب و هونەر پێمان دەڵێت، هەموو ئەوانەی کە پێشمان دەڵێت دەنگدانەوەی لە ئێمەدا ونە؟

**تەواو ٢٠١٦/٦/١٠ هەولێر**

191 - Quoted from P. Ricour, Hermeneutics and Human Sciencs, in Mario Vaides op. cil, p. 64.

## عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا

نوسەر و وەرگێر لە گەڕەکی (جمهوری) شاری هەولێر لە ١٩٦٢/١١/٥ دایکبووە، هەتا ئێستا نزیکەی (٣٠) سی کتێبی چاپ و بڵاو کردۆتەوە، جگە لە نوسینی ژمارەیەکی زۆر لە وتار و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و تیۆری و وەرگێڕان و شیعر... چەندین خەڵاتی لە بواری شیعر و رەخنەی ئەدەبی وەرگرتووە:-

**خەڵاتەکان:**

- خەڵاتی یەکەمی شیعریی لە پێشبڕکێی پێنجەمین فیستفاڵی ئەدەبی و روناکبیریی گەلاوێژ بۆ ساڵی ٢٠٠١.

-خەڵاتی یەکەمی شیعریی لە پێشبڕکێی شەشەمی فیستفاڵی ئەدەبی و روناکبیریی گەلاوێژ بۆ ساڵی ٢٠٠٢.

-خەڵاتی رێزلێنان یەکێتی نوسەرانی کورد/ لقی هەولێر لە ٢٠٠٩/٢/١٠.

-خەڵاتی رێزلێنانی کتێب، وەزارەتی ڕۆشنبیریی و لاوان، بەرێوەبرایەتی چالاکی وێژەیی ٢٠١٢/١٢/٣٠.

- خەڵاتی ناوەندی رۆشنبیریی ئەندێشە بۆ رەخنەی ئەدەبی لە ٢٠١٣/١٠/٣.

# ناوەڕۆك


- پێشەکی: ١١
(١) زمان و بیرکردنەوەی شیعریی لای هایدگەر. ١٩
لە زمانی هایدگەرەوە بۆ فیکری هایدگەر،
لە بارەی زمان و بیرکردنەوە (چەند سەرنجێکی سەرەتاییانە) ٢١
- شارەزایی زمان. ٢٦
- زمان و شیعر (شارەزایی زمان لە شیعردا) ٥٧
- زمان/شیعر/بیرکردنەوە (زمان وەک بنەمای فیکر و بیرکردنەوەی شیعریی). ٧٦
(٢) بنەماکان و ئاسۆی هیرمینۆتیکای فەلسەفی لای گادامێر. ٩٥
- سەرەتایەک لە سەرچاوەکانی فیکری گادامێر و بەرەوپێشچوونەکانی. ٩٧
- بنەماکانی هیرمینۆتیکای فەلسەفی: ١٠٤
١- هیرمینۆتیکا وەک ئاراستەیەک لە راڤەکردن: ١٠٤
٢- تێگەیشتن و راڤەکردن: ١١٧
٣- هونەری دیالۆگکردن: ١٢٥
- سەرچاوەکانی توێژینەوە. ١٣٣
(٣) هیرمینۆتیکای دەقی ئەدەبی لە نێوان هایدگەر و گادامێردا. ١٣٥
- قەیرانی تازەگەری: قەیرانی فۆرم و میتۆد. ١٣٧
- هیرمینۆتیکای هاوچەرخ ئەوەی دەکەوێتە پشت فۆرم و میتۆدەوە. ١٤٩
- یەکەم: هیرمینۆتیکای دەق ئەوەی دەکەوێتە پشت فۆرمەوە. ١٥٢
- دووەم- هیرمینۆتیکای دەق ئەوەی دەکەوێتە پشت میتۆدەوە. ١٧٣
١- وەهمی بابەتگەرایی... وەهمی میتۆد. ١٧٥
٢-رۆڵی خود لە کردەی راڤەکردندا. ١٨٣